# بۆ كتيب هەڵناكەم

## چەند تێڕوانینێكی ئەدەبی

شێرزاد حەسەن

2000

ناوی کتێب: بۆ کتێب هەڵناکەم

بابەت: چەند تێڕوانینێکی ئەدەبی

نووسینی: شێرزاد حەسەن

تیراژ: 500

ساڵ: 2000

چاپی: یەکەم

چاپخانە: داناز

ژمارەی سپاردن: ( 461 )ی وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی 2000ی دراوەتێ

لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژە

سلێمانی – گردی عەلی ناجی ☎ (23507)

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

## بێ کتێب هەڵناکەم

((بێ کتیب هەڵناکەم )) ئەمەیان تەنها قسەیەکەو هەموو کەسێك نایڵێ , تەنها ئەوانە نەبێت کەبەراستی پەرۆشی زانین و فێربون و پشکنین و گەڕانن بەدوای حەقیقەتدا, ئەوانەی دوورن لەکتێب و لەخوێندنەوەی کتێبان ,دیار ه بەم پێیە , لە گەوهەری ژیانەوە دوورن , لەمەغزاو مانا شاراوەکانی دوورن , چونکە هیچ کەسێك تەنها بە تێکەڵبوونی لەناو خەڵکیدا فێری هەموو شتێك نابێ , دیارە کەکتێب یارمەتیمان دەدات پتر لەخۆمان و خەڵکی و ئەم گەردوونە تێ بگەین , هەموو کەسێك چەند ساڵیکی دیاری کراو دەژی و پاشان دەمرێ , تەنها ئەو کەسانە دەتوانن لەعومری خۆیان پتر بژین کەدەخوێننەوە , تۆ دەتوانی بەشێکی بە بەرەکەتی ئەزموونی تێرو پڕی , ڕەنگاو رەنگی مرۆڤایەتی , بە قۆناغە جیاوازیەکانییەوە هەڵمژیت : ئەوەشیان لەرێگەی ئەو سەدەها کتێبانەی دەیانخوێنیتەوە, لە کرۆك و نهێنی شارستانیەتی میللەتان تێبگەیت, من بۆ خۆم لە رێی چیرۆك و رۆمان و شانۆگەریەکانەوە خەڵکێکی زۆر ترم ناسی، بگرە پتر لەوەش خۆمم ناسی, ڕەنگە کەسێك بڵێ: ئەوانە چەند قارەمان و پاڵەوانێکی مردووی سەر کاغەزن و هیچی تر، هەرگیز وا نییە.. ئەو پاڵەوانانە من و تۆین. بگرە ئەو پاڵەونانە لە زۆربەی خزم و خوێ و برادەرانی من و تۆ زیندوترن، من لەوەتەی هەم کەسم لە "زۆربا" زیندوتر نەدیوە، لە ئاکاکی ئاکا کیڤیچ , یۆهان مۆریتس , رەجەب, مستەفا سەعید, راسکۆلینکۆف، ئەمیر مشکین، ناستاسیا فلیپۆفنا، سانتیا گۆو.. هتد. هیچ

کەسێك بەقەد ئەو زاتانەی سەر کاغەز فێریان نەکردووم , خۆ ئەگەر ئەخلاقێکم هەبێ: ئەوە ئەو زاتانە فێریان کردووم , کەسێك دوای خوێندنەوەی کتێبێك نەگۆڕێ درۆ دەکا, هەن دەڵێن : بۆ خۆمان بەشیعرو چیرۆك و ڕۆمانەوە خەریك بکەین؟ نەك هەر شیعرو چیرۆك , بەڵکو لای ئەوانە هەموو لقەکانی دیکەی ئەدەب دەستکردی خەیاڵ و زیندە خەونە, بێ ئەوەی بزانن کەخەون و خەیاڵ دوو دەروازەی زۆر گەورەن بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی نێو زاتی خۆمان و دونیای دەرەوە , ئایا لەبواری زانیاریو زانستدا خەیاڵ ئاسۆیەکی فراوانتری لەبەردەم مرۆڤدا نەکردۆتەوە ؟ بەر لەچوونە سەرمانگ ڕۆمانێك باسی ئەو فڕینەی کردووە بەر لە دروستکردنی فڕۆکە (دافینشی) رەسمی کردووە. تۆ بڵێی بێ هونەرو ئەدەب مرۆڤ بتوانێ لەهەق و پاکی و خێرو جوانی تێ بگات؟ بێگوومان ئەدەب ئاینی ئەم سەردەمەی ئێمەیە, هونەرو ئەدەب نەبوایە مرۆڤ بەتەواوی لەدنیای ئاژەڵان دانەدەبڕا, بڕوا مەکەن هەست و نەستیش بێ هونەرو ئەدەب پاراو .. پاك بووایە, سیحری ئەدەب و هونەر لەوەدایە کەلەگەند و گوو خاوێنمان دەکەنەوە , کەسێك خولیای ئەدەب و هونەر بێ ڕۆحێکی پاك و بێگەردی نەبێ درۆ دەکا, بەر لەوەی ئێمە فریو بدا , خۆی فریو دەدا, ئەوانەی رۆحیان کوژاوەتەوە ناتوانن لەم پەرستگا پیرۆزەدا تەنها نوێژێك بکەن, من بەگومانم لەوانەی رۆحیان بەو جوانیو پاکیە نادرەوشێتەوە . وای بۆ دەچم کە کۆمەڵگایەکی درووست و خاوێن درووست نابێ تا ژمارەی هەرە زۆریان خەریکی.. خولیای ئەو سەودایە نەبن, تا هەریەکێکیان نەبێ بەخوێنەرێکی هەمیشەیی هونەرو ئەدەب. یەکەم پرسیار کەلەخۆمانی بکەین ئەوەیە: بۆچی دەخوێنینەوە ؟ دەتوانرێ زۆر بەکورتی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە —((ئێمە دەخوێنینەوە تا تێ بگەین؟)) رەنگە بێ چێژ وەرگرتن خوێندنەوەی ئەدەب زۆر زەحمەت بێ , بێ عیشقی مەعریفەت هەموو خوێندنەوەیەك دەبێ بەمەحاڵ , چی وا لەمرۆڤ دەکا بخوێنێتەوە ؟ ئایا خوێندنەوە چ دڵنەوایی و دڵنیایی و ڕەزامەندییەك بەمرۆڤ دەبەخشێ ؟ تینوێتی بنیادەم بۆ فێربوون و نزیك بوونەوە لەزانست و زانیاری

وادەکا بخوێنێتەوە ,هەن بۆ خۆشیو ڕابواردن و کات بەسەر بردن دەخوێننەوە، هەندێ کەسی دیکە عەودالّی حەقیقەتنو دەشزانن حەقیقەتەکە بەپالّدانەوە نایەتەبەر دەست, گەر بتەوێ وەك مرۆڤ بژیت دەبێ بیر بکەیتەوە , بیر کردنەوەش بێ سەرسامیو گومانو پرسیار نابێ , پرسین گەڕانو پشکنینی دەوێ , گەڕانو پشکنینو درکاندنی نهێنییەکانیش تەنها بەخوێندنەوە پێك دێ , خەڵکی دەخوێننەوە تا لەخۆیانو دونیا تێ بگەن , تا هەر کەسەو بزانێ چ رۆڵێکی لەسەرە لەنێو ئەم گەردوونەدا دەوری خۆی هەڵسەنگێنێ , تا لە ماناو ئامانجی کێشە زاتییەکانی خۆی تێ بگات, ئەو کێشانەی پێیانەوە سەر قاڵە .ماسی مەلەدەکا , باڵندە دەفرێ , مرۆڤ بیر دەکاتەوە , مرواریو گەوهەری بیری مرۆڤیش وا لەنێو کتێبەکاندا.. وا لەنێو دونیای ئەدەبو هونەردا . ماوەی دوو هەزار ساڵە ئەدەب جیهانێکی پڕماناو جوانی پێ بەخشیوین.هەر ئەدەبە وامان لێ دەکا بە پاڵەوانەکانی هۆمیرۆس سەرسام بین , بەزەییمان بەبالاّ پیاوانی سۆ فۆ کلیس بێتەوە , لەگەڵ (یۆهان مۆریتس)ی کاتژمێر بیستو پێنجدا لەنێوان سوپای سوورو سوپای رەشدا شەق شەقێنمان پێ بکرێ , لەگەڵ (چۆسەر)ی شاعیردا بەمرۆڤی گێلو دەبەنگ پێ بکەنین , لەگەڵ (زۆربادا) فێر دەبین سەما بۆ مەرگو دۆڕانیش بکەین , لەگەڵ (ئۆتیللو–دا) (غیرە) بمانکوژێ, لەگەڵ گریگۆری سامسا ببین بەقالۆنچە, لەگەڵ (ملتن)دا رق لەشەڕ هەڵگرین, بەرامبەر بە(رۆمیۆو ژولێت ) هەناسەی سارد هەڵکێشین.لەگەڵ .لەگەڵ.. هتد. سیحری ئەدەب لەوەدایە کۆتاییەك بۆ مەعریفەتو چێژوەرگرتن دانانێ, من تەنها سکم بەو کەسانە دەسوتێ کەناخوێننەوە , ئەوانە بەهەزار قۆناغ لەجوانیو حەقیقەتەوە دوورن, هەزاران کۆتو زنجیرو کەلەپچە,یاساو دەستوور, دادگاو پۆلیس ناتوانن کۆمەڵگا لەگەندو گوو, جۆرەها خراپەکاری پاك بکەنەوە, وەلێ– لەوەدایە بە بەرپا بوونی مەعریفەت مرۆڤ سەرلەنوێ لەناوەوەڕا درووست بکرێتەوە , [هیچ شۆڕشیك نییە بتوانێ لەدەرەوە دنیا بگۆڕێ , گەر ئەو شۆڕشە نەتوانێ لەناوەوە مرۆڤ بگۆڕێ ]. کەی کتێب هەرزان بوو,لەمناڵییەوە فێریان کردین

ریزی بگرین , پێ بەپێ, قۆناغ بەقۆناغ, وەك نانو ئاوی لێ هات, بوو بەپێویستی یەکەم : لەماڵو لەقوتابخانە , دایكو باوكو مامۆستاکان بوون بە رابەرو سەر قافڵەچیو کتێبیان لەلا خۆشەویست کردین , ئەوسا دەکرێ بڵێین ئایندەمان خێر دەداتەوە , ئاستی پیشکەوتنی هەر میللەتێك لەوەدایە خەڵکەکەی بایی چەند پەرۆشی کتیبە , یەکێ لە هەنگاوە پیرۆزەکانی ((سۆشیالیزم )), ئەگەر بەراستی بێتە دی, ئەوەیە کەدواجار(( کتێبو نان)) هەرزان دەبن.

زۆر جار دەبیستی کە ئەدەب دەستکردی خەیاڵەو کاتی پێمەکوژە ، کەچی هەر ئەو زاتە بێ باکانە بە قومارو چە نەبازی و خواردنەوە دە ئەوەندەکات بە فیڕۆدەدا، جوانترین دیمەن لە وڵاتانی شارستانیئەوەیەکەلەهەمووپارك وباخچەکاندا، لەنێو پاس وشەمەندەفەرو میترۆکاندا خەڵکێك هەن عاشقانە دەخوێننەوە، هەرکەسەو بەپێی حەزو هەواو هەوەسی خۆی، ئەو ئەزمونەی لەو کتێبانەوە وەریان دەگرین دیوێکیساختەی ژیان نین ، بەڵکو نووسەر توانیویەتی رۆحی ئەو ژیانە هەڵمژێو بیخاتە بەردەستی ئێمە، کتێب نەخۆشێکی بەنجکراو نیە لەسەر تەختەیەك ڕاکشابێ، بەڵکو لەهەر وشەیەکی زیندوودا خوێنیکی گەرم دەگەڕێ، بەڵام ئەزمونی نێو کتێبانیش بێ ئەزموونی ڕەنگاوڕەنگی ژیان لاسەنگ دەبێ, هەردووکیان خوێن لێکدی قەرز دەکەن , ئێمە ئاژەڵ نین بەتەنها پابەندی ژیانێکی ساردو سڕبین , بخۆینو بخەوینو بڕینو زاوزێ بکەینو بەس. حیکمەتی کتێب لەوەدایە وات لێ بکات وردترو قوڵتر بروانیتە ژینو باوەشی بۆ بکەیتەوە , گرفتی مامۆستاکەی (زۆربا) لەوەدایە کە بەردەوام سەری بەسەر کتێبدا شۆڕکردۆتەوە، ژیان بەو پڕیو چڕیو دەوڵەمەندیەوە نابینێ, تا دواجار زۆربا ئاگاداری دەکاتەوە, گەر خوێنەرێك هەستو نەستی لە نەخوێنەوارێك تیژترو قوڵتر نەبێ, ئەوە دیارە ئەو کەڵکەی لە کتێب وەرنەگرتووە, یان ئەوەتا بابەتی نێو کتێبەکان ئەوەندە مردون کەهیچ پلەیەك ئەمیان سەر نەخستووە تا لە وێوە ئاسۆیەکی بەرفراوانتر ببینێ, من بۆ خۆم بۆسالآنێك چەند کتێبێکی ئاوا بێ خوێنو .. بێ ڕۆحم خوێندەوە , بەتایبەتی کەهێشتا هەرزە بووم , چونکە دەلیلێکم

نەبوو کتێبی جوان و ناشیرینم بۆ لێکدی جیا بکاتەوە , کەواتە گرنگ نىيە چەند دەخوێنیتەوە، بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەیە چی دەخوێنیتەوە دیارە کەم و زۆریش شوێن و کات سنوور بەندیەك بۆ ئەو خوێندنەوەیە دادەنێن و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەخوێنەرانی ئەوروپی و ئەمریکی رۆمانە پۆلیسی و سێکسی و پڕ لەسەرکێشی دەخوێننەوە , ئەمەیان بە تەنها کات بەسەر بردنەو لەچێژێکی ڕووت بەدەر نىيە. رەنگە یەکێك بڵێ رادیۆ , تەلەفزیۆن ,سینەما سەرچاوەیەکی چاکن بۆ فێربوون و شت زانین , ئەوەیان راستەو نکوڵی لێ ناکرێ , بەڵام ئەم سەرچاوانە بەبەراورد لەگەڵ کتێبدا ئەو قورسایی و سەنگەیان نىيە , هیچیان جێی کتێب ناگرنەوە ,هەر لەبەر ئەوەیە کەزۆر لەرۆمان نووسەکان گلەییان لەسینەما هەیە, گلەیی ئەوەی دەرهێنەرەکان مەغزاو ماناو کرۆك و رۆحی رۆمانەکانیان نەخستۆتە نێو فلیمەکانیان و بایەخی کتێب لەوەدایە کەتۆ دەتوانیت بەئاسانی بیخەیتە بەرباخەڵت و هاوڕێی هەموو سەفەرێکت بێ, کەچی ناتوانی لەهەموو شوێنێکدا رادیۆو تەلەفزیۆن بەکۆڵتە وە بێ, یان لەهەموو گوندو شارێکدا سینەمای باشت هەبێ.. یان هۆڵێك بۆ شانۆگەری.ڕێی دووری سەفەرێك کتێبێك تەواوی دەکا, ژووری زۆر چۆڵت کتێبێك ئاوەدانی دەکاتەوە , رۆژانی سەختی نێو بەندیخانەیەك کتێب سووکی دەکا, جگە لەوەش تۆ ساڵی چەند شانۆ گەریەکی کەم دەبینیت, یان سینەماکان بەپێی قازانجی خۆیان فیلم دەگۆڕن, لەو لاوە تۆگوێگریت و ناتوانی بەرنامەکانیئیستگەو تەلەفزیۆن بخەیتە ژێر رکێفی خۆت, بەڵام لەو ملوێنەها کتێبەی کەلە دونیادا هەن دەتوانی چەندەها کتێبی باش پەیدا بکەی لەو بوارەی کەخۆت حەزی پێ دەکەی, دیارە کە بە تەنها خوێندنەوەی چەند رۆژنامەو گۆڤارێك تینوێتی مرۆڤی رۆشنبیر ناشکێنێ . با بیرمان نەچێت کە بەقەد ئەوەی کتێبی بەکەڵك و سوود بەخش لەدونیادا هەن و زۆرن, کتێبی بێ کەڵك و زیانبەخشیش هەن . سەیرە هەردووجۆرەکەشی لە زۆر وڵاتی دونیادا قاچاغن, واتە کتێبە هەرە بەکەڵك و هەرە بێ کەڵکەکان لەبەر دوو هۆی زۆر لێکدی جیاواز قاچاغن, بەڵام هەمیشە کڕیارو فرۆشیاری خۆیان بۆ درووست دەبێ , هەردوو کیشیان سنوور

شکێنن. هەمیشە دوو ڕوانینی جیاواز هەن: یەکەمیان دەڵێ با هەموو کتێبەکان , باش‌و خەراپیان, بکەونە بەردەستی هەر هەموو خوێنەران تابۆ خۆیان سەر پشك بن. دووەمیان دەڵێ: نەخێر.. با بەتەنها بازاڕی کتێبە باشەکان گەرم بێ‌و ئەوانی دیکە قەدەغە بکرێن,بەڵام پاکی‌و پیسی کتێب , جوانی‌و ناشیرینی بەپێی سەردەم‌و سیستەمی باڵادەستی ئەو وڵاتە دەگۆڕێ, بەتایبەتی ئایدۆلۆژیای چینی باڵادەست کەخۆی دەئاخنێتەنێو ڕەگ‌و ریشەی ڕژێمی رامیاری‌و ئابووری وکۆمەڵایەتی, مەرجیش نی‌یە ئەو رژێمە لە جوێ‌کردنەوەی پاك‌و پیسەکە لەسەر هەق بێ. ئاخۆ دەکرێ ئێمەش دەرگای گفتوگۆیەکی ئازایانەو زیرەکانە بخەینە سەر پشت ؟! ئاخۆ چ بەرنامەیەك بگرینە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پوخت‌و درووست. کەئەم چەند دێڕەم دەنووسی بیرم لەوە دەکردەوە کەلەبواری زۆربەی کایە مەعریفی‌یەکاندا هیچی ئەوتۆمان نی‌یە, ئەوەتا نەلە بواری فەلسەفەو نە ئابووریناسی‌و دەروونزانی , نەلەزانستی رامیاری‌ونە لە هیچ بوارێکی دیکەدا: هەریەکەو دە کتێبی دانسقەمان نی‌یە کە نەوەی نوێ بیکا بەسەر چاوەو لێوەی فێربێ, بەتایبەتی ئەو نەوەیەی کەجگە لە زمانی کوردی لەهیچ زمانێکی تر ناگات, خۆ لەدوای راپەرینەوە, ئەوە بوو بەپێنج ساڵ , پێنج کتێبی باش لەهیچ بوارێکدا بەچاپ نەگەیشتووە , وا بڕوات ساڵێکی تر دەگەینەوە قۆناغی(دارا دوو داری دی) دەبێ پێشبینی هاتنی جەهالەت‌و وەحشیەتگەری بکەین , لەشکری تارمایی‌یە رەشەکان‌و مۆمیاکراوانی سەدەکانی ناوەراست بەچەك‌و تفاقی خۆیان وا بەڕێوەن‌و دێن, لەئەشکەوتەکانەوە دێن‌و جوانی‌و پاکی رادەماڵن . پرسیارێکەو بالەخۆمانی بکەین:ئاخۆ لەرەوتی خێرای شارستانیەت ئێمەی کورد واین لەکوێ؟ تۆ بڵێی دەنێو تەپ‌و تۆزی جێماوی کاروانەکەدا نەخنکێین؟ دڵنیام کەس نی‌یە هەنووکە وەڵامی ئەم پرسیارە قورس‌و هەم ئاسانە بداتەوە!

مایسی 1996

# "تی. ئیَس. ئیلیؤت"
# (کةلَکی شیعر.. کةلَکی رةخنة)

**لە خوێندنەوەی سەرلەبەری ئەو کتێبە تێ دەگەین کە شاعیرێکی ناوداری وەك –ئیلیۆت– لەو کەسانە بووە کە بەردەوام توانیویەتی کەڵك لە کەلەپوور وەربگرێ، قەتیش دژە کەلەپوور نەبووە، هەرچەندە ئەدەبی هاوچەرخ قەرزاری ئەو شاعیرەیە بۆ تێپەڕاندن و خۆتازە کردنەوە. کەچی ئەوانەی کە بەم شاعیرە سەرسامن خۆیان هەر بەناوی ئیلیۆت–ەوە بانگەشەی ڕەتکردنەوەو فڕێدانی کەلەپوور دەکەن، ئەم بە پێچەوانەوە بڕوای وابوو کە پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لە نێوان هەنووکە (ئێستا) و ڕابردوودا هەیە، پەیوەندییەك کە تەواوکەری یەکدین و وا تێکەڵن کە مەحاڵە ئەو بەناویەکداچوونە هەڵبوەشێ، خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یەکەکانی ئەو کەلەپوورە کە کاریگەری خۆی لەسەر ئەو شاعیرە هەبووە" دەبینین کە ئەو بە "دانتی" سەرسامە، ئەو جۆرە شاگەشکە بوون و سەرسامییەشی بۆ "دانتی" لەوەوە هاتووە کە خودی "دانتی" توانیویەتی زۆر جوان و بە تۆکمەیی دەربڕینە ئەدەبییەکانی خۆی تۆمار بکات. توانیویەتی بەرجەستەی ئەو وێنانە بکات کە دەکرێ بەچاو ببیندرێن، وێنەی ئاشکراو روون، ئەم جۆرە دەربڕینە ئاشکراو بەرجەستەو وێنەدارانە یەکێك بوو لە شێوەکانی مامەڵەو روانینی –ئیلیۆت– لە بواری ئەدەبدا.. ئەوەیان بە ئاشکرا لە چامەی "وێرانەخاك"دا رەنگی دایەوە.**

هەربۆیە لەلای ئەم شاعیرە بابەتێك نەبوو لە بابەتەکانی ژیان بەدەر بێ لە ڕۆحی شیعر، دەکرێ هەموو دیاردەو حاڵەت و شتەکانی دەوروبەر پڕبن لە شیعر، هەربۆیە ژنە شاعیرێکی وەك "ئیدیث ستۆیل" دەڵێ — "لە شیعردا جێی شێرو پەپوولە دەبێتەوە" ئەوپەڕی جوانی و ناسکی تا ئەوپەڕی هێزو دڕندەیی. تەنها مەسەلەیەکیش کەوا بکات شاعیرەکان لێکدی جوێ بکاتەوە چۆنیەتی نزیك بوونەوەیانە لەو دونیایەو دۆزینەوەی ڕۆحی شیعر لەو شوێن پانتایی‌یانەی کە دەکرێ فەرامۆش کراو بن، شاعیر هەر لە ڕێی وشەوە لەو جیهانە نزیك دەبێتەوە. بەدوو مەبەستیش کە دەکرێ هەردووکیان یەکانگیری یەکدی بن (مەبەستی مۆسیقا سازاندن و مەبەستی دۆزینەوەی مانا) چ لە خۆت و چ لەنێو جیهانێك کە لە دەرەوەی خۆتدایە، بەڵام تۆ بڵێی شتێك هەبێ ناوی (من) بێ‌و شتێکی دیکەش ناوی (جیهانی دەرەوە) بێ.. یان زەمەنی (من) و زەمەنی (ئەوان)ی دیکە. لە حەقیقەتدا شاعیری گەورە کە لەسەر خۆیشی قسە دەکا، هەر بەهەمان ئەندازە قسە لەسەر ئەوانی ترو زەمەنیان دەکا، هەربۆیە شاعیرێکی وەك —ئیلیۆت— بڕوای بەو شیعرە نەدەکرد کە لەناو خۆی‌دا گیری بخواردایەو نەگەیشتبایە بەکەس، ئەو شیعرەی لەدەرگای دڵی خەڵکی نەدابا: شیعر نەبوو، هەربۆیە ڕووی لە شانۆی درامی کرد، هەرچەندە —ئیلیۆت— بە پێویستی دەزانی بگاتە خەڵکی و شیعرەکانی لێ وەربگرن، بەڵام زۆرکەس لەو بڕوایەدا بوون کە شاعیر قەت نەیتوانیوە ئەو هەنگاوە بنێ، زۆر لەوان وا سەیری شیعرەکانی ئیلیۆت—یان دەکرد کە شیعری هوشیاری بێ، شیعری هەستەکانی مرۆڤ بێ ئەوەی سۆز بوروژێنێ‌و لە دەرگای دڵ بدات. وای بۆ دەچوون کە پیاوێکی زۆر خوێندەوار دەیەوێ لە ڕێی شیعرەوە باس لە گەندەڵ بوونی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بکات، لەودیو شیعرەکانی‌یەوە مانایەکی ئەخلاقی بە خەڵکی بفرۆشێ، گەرچی خۆیشی بڕوای وابوو کە شیعری مەزن دەگاتە بەر دەرگای دڵ بەر لەوەی لە دەروازەکانی عەقڵ بدات و بیدوێنێ. ئیلیۆت خۆیشی دانی پیادەنا کە شیعرەکانی ئەم بەچەند شەپۆلێکی ئاهەنگ سازو بەڕەزم و ئیقاعدار دەست پێ دەکەن. بەر لە هەموو

شت —ئیلیۆت— گرنگی بە مۆسیقای شیعر دەدا، لای ئەم خەیاڵێك كە لە گوێدا دەسازێ بۆ شیعر بایەخی زۆرە، رەنگە ئەوسا بیر لەو خەیاڵە جوانە بكەینەوە كە لەبەرچاوان بەرجەستە دەبێ. شاعیر بڕوای وابوو كە تازەگەری لەو وێنەیەدا بەرجەستە نابێ كە تیایدا هونەری شیعری ئێمەی تیا دەخولقێ، بەڵكو لەوەدا بەرجەستە دەبێ كە شاعیر بایی چەند توانای ئەوەی هەیە هەست بەسەردەمەكەی خۆی بكات، بایی چەند دەتوانێ لەگەڵ ترپەو لێدانی دڵی ئەو چەرخە رێ بكاو تێی بگا، بایی چەند دەتوانێ "هاوكێشەیەكی بابەتیانە" و تەندروست بۆ دەربڕین بدۆزێتەوە. تاوەكو بتوانێ ئەو هەستە بدۆزێتەوەو راو بكات كەوای لێ دەكا وەسفی سەردەمەكەی خۆی بكات، بایی چەند دەتوانێ (خەیاڵێك بۆ بیستن) بوروژێنێ، كە بەو خەیاڵە ناسكترین هەست و نەست و سەرەتاییترین جوانپەرستی لە مرۆڤدا وەئاگا بێنێ، هەر ئەو هەست و نەستە سەرەتایی و كێویە تێكەڵ بە ناسكترین هەست و نەستی مرۆڤێكی هاوچەرخ بكات، هەر ئەوەشە وا دەكات كە شیعر بۆ خۆی بەتەنیا لەسەر پێی خۆی بوەستێ، نەك بەخۆگرتنەوە بە شتەكانی دەوروبەر. كەواتە شیعر واتا بەرزترین پلەكانی هوشیاری لە رێی ئاخاڤتن. ئیلیۆت لە شیعرەكانیدا قسەی لەسەر سەرجەم هەیكەل و بونیاتی ئەو شارستانییەتە هەبوو كە تیایدا دەژیا، ئەو گومانی لەوە هەبوو كاری ئەدەب قسەكردن بێ لەسەر دوو توخم یان بەتەنها دوو رەگەز، ئەدەب باوەش كردنە بەهەموو توخم و رەگەزەكان، هەر بۆیە سەبارەت بە "دی. ئێچ. لۆرانس" دەیوت ئەم (واتا لۆرانس) پیاوێكی وێڵە، وێڵە چونكە لە پەیوەندییەكانی دوو زاتی دەكۆڵییەوە، (نێرو مێ)، هەر دەنێو ئەو پەیوەندییەشدا بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕا، رەنگە لەوەدا —ئیلیۆت— لە روانگەیەكی ئەخلاقیانەو مەسیح پەروەرانە. بڕوانێتە "لۆرانس" چونكە "لۆرانس" بۆ هەمیشە كۆی ئەو بونیاتەی دەبینی كە نێرو مێ تیایدا دەژین، هەرگیز لە دەرەوەی ژینگەدا قسەی لەسەر ئەو دوو توخمە نەكردووە، رەنگە هەر ئەو روانگە ئەخلاقییەی —ئیلیۆت— بووبێ كە بڕوایەكی وا پتەوی بە شاعیرەكانی وەك خۆی هەبێ كە

لە پاڵ شاعیرێکی رۆمانسی وەك (شێلی)دا هاوار بکات و بڵێ: ئەوە شاعیرەکانن کە دەبێ یاسادانەرو رێبەرانی توخمی ئادەمیزاد بن، گەرچی لەم رووەوە کەس دانیان پیا نانێ. راستە لە ئەدەبی سەدەی بیستەمدا، لەم چەرخەدا –ئیلیۆت– هەرگیز بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە باوك – پاتریارك– بێ، بەلاّم وتەیەکی وەك ئەوەی دەرهەق بە "لۆرانس" و ئەدیبانی دیکە هەیەتی هەر لەو رۆحی رابەری ئەخلاقیەوە دێ کە تەواوێ وێنەی پاتریارك بەرجەستە دەکا، ئەو وانەیەی کە ئێمە مەرجە فێری بین ئەوەیە کە هەرگیز مل کەچی دەسەلاّتی رابەران و کەسانی پێشین نەبین، کەسانێك لە نەوەی باوان، هیچ شتێك جێی (یەقین) نییە، هەموو شتێك جێی گومانە، هەرچی ئەوانی دیکە دەیڵێن، مەرج نییە، رێك و راست، بەوانەیەکی پیرۆزی بزانین، بەمەرجێك واش نەبێ هەر بە هەوەس لە دژیدا بوەستین، هەر لە خۆمانەوە بە رق و کینەوە لێی نەڕوانین، هەر لە خۆمانەوە بێ رێزی پێ نەکەین، بەڵکو تەنها ئەوەیە لەنێوان خۆمان و ئەواندا نێوانێك لە گوماندا بێڵینەوە، با بڕوا بێنین کە ئێمە خاوەن ئەزموونی تایبەت بەخۆمانین، ئەوانیش ئەزموونی تایبەت بەخۆیان.. نەوەی پێشین، هەرگیز، پادشا نین، ئێمەش کۆمەڵی نۆکەر، دەکرێ رێ رۆشن کەرەوە بن، نەك رێنمایی کەر. چونکە ئەوەندەی کە پەیوەستە بە ئەدەبی ئێمە زۆرجاران، لە هەندێ کۆڕو کۆبوونەوەو نووسیندا هەست دەکەی هەندێ لە شاعیرەکان کوێرانە خۆ بە هەنگاو هەڵگری –ئیلیۆت– دەزانن، بێئەوەی تەواوێك لە فەلسەفەو روانینی ئەو شاعیرە گەیشتبن، لاسایی کردنەوەیەکی ئەوەندە شێواو دەبینی کە جگە لە شیعر خۆی هیچی دیکە ناکوژرێ، لەولاوەش هیچ مانایەکی تازەش بەرهەم نایە. ئیلیۆت بۆ خۆیشی وەك شاعیرێك هەر هەمان دڵەڕاوکێی فیکری و هونەری هەبوو، بۆ نموونە: ئەو وەختەی کە گەنج بوو بە ئاشکرا سەرسامی خۆی لەمەڕ –شێلی– دەردەبڕی، بەلاّم کە گەورەترو پیرتر بوو لەو سەرسامییە پەشیمان بۆوەو رەتی کردەوە، مەسەلەکەش پەیوەندی بەوەوە نەبوو کە ئەو وەختەی –ئیلیۆت– گەنج بووە بڕوای بە بیرو باوەڕە

شۆڕشگێڕییەکانی –شێلی– بووبێ، بەڵکو مەسەلەکە بەتەنها کەڵەکەبوونی ئەزموونێکە کە خۆی بڕوای پێ بووەو چێژی تازەو گۆڕاوی ئەو شاعیرە بووە بۆ شیعر خۆی. لەمەوە تێ دەگەین کە هەڵەکردن و گومانکردن، بۆ هەمیشە، کارێکە رووەو پتر کاملبوون دەمانبات. ئەو گومانکردنە بایەخی شتەکان ناکوژێ. لێرەدا قسەکەی "ریچاردز"ی رەخنەگرمان بیردەکەوێتەوە کە بڕوای وا بوو "دی. ئێچ. لۆرانس" یەکێکە لە (حاڵەتە چەوتەکان)، واتا حاڵەتی هەڵەی تاکەکەسێك، چ وەك نووسەر و چ وەك مرۆڤ، بەڵام گەورەیی ئەو زاتانە بەوەوە بەستراوە کە هەڵە دەکەن، کە بەردەوام گومان دەکەن، مەبەست لەهەڵەش ئەو هەڵەیەیە کە خاوەن هەڵەکەی پێ دەناسیتەوە، واتا هەموو کەس ئەو هەڵەیە ناکات، هەندێ هەڵەش ئاکامی جوانیان هەیە، هەتا بایەخی ئەو نووسەرانەش کە ئەو هەڵانە دەکەن بۆ ئەوەی داهاتووش هەر پەیوەستە بە خودی هەڵەکان خۆی، رەنگە هەر لەبەر ئەو هەڵانەو لەبەر ئەو کۆسپ و تەگەرانە مەزنتر بووبن، ئەو کۆسپ و تەگەرانەی نەیان هێشت ئەوان لەوە مەزنتر بن کە هەبوون، چ لە ژیانداو چ لە ئەدەبدا هەڵەکان پتر فێرمان دەکەن، "نیتشە" واتەنی: ئەو شتەی نەمکوژێ، دروستم دەکا، دواجار شیعر بۆ خۆی، لە قووڵاییدا، رەخنەیەکە لەبەردەم ژیاندا، هەر شیعریشە رزگارمان دەکا، شیعر وامان لێ دەکا بۆگەن نەکەین، ئێمە بۆیە شیعر دەنووسین، چونکە نازانین لە خۆشیانا گۆرانی بڵێین و لەناخۆشیدا سترانێکی غەمگین بچڕین، ئەو دەمانەی پڕن لە گۆرانی خنکاو ئەو دەمانەن کە نازانن ماچ چییە.. چ قورسە.. چ خەمە کە هەموومان شاعیر نین.. جیهان چەندە جوانتر دەبوو.. چەندە پڕ لە ئیقاع.. گەر شاعیرەکان بیانتوانیایە دایمەزرێنن.. هەر بۆیە دەبێ لەگەڵ –هاملێت–دا بڵێین: چ زەمەنێکی ناڕێکە تێی کەوتووین.. کە گەرەکە ئێمە رێکی بخەینەوە.. چ ئەستەمە کە توخمێك لە خەڵکی هەن کە نەشاعیرن و نە گوێ لە شیعریش دەگرن..!

## "ئەیمانێکی نهێنی"

چـەندین سـاڵە.. دەکـرێ بڵـێین هـەر دوای بانگـەوازی "روانگـە" کـە چـەند شاعیرێکی بەتواناو سەرچڵی لەخۆ کۆکردەوەو ئەو گۆمە مەنگەی شیعری ئەو سەردەمەی شڵەقاند، هەر لەو ساوە "بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا" لێرەو لەوێ پەتای جۆرە شیعرنووسینێك بڵاو بۆوە کە هەموو هێزی خستبووە سەر فەلسـەفەی تێـك شـکاندنی زمـان.. سـەبارەت بـە هەنـدێ تاقیکردنـەوەی هاوشـێوەی هەنـدەران "ئـەوروپاو ئـەمریکا، هۆیەکـەی ئـەوەبوو کـە ئـەوان بەتـەواوی لـە "مانـا" کەوتنـە گومـان: مانا وەك ئـەوەی کـە دەرئـەنجامی عـەقڵ ئەبێ عەقلێك کە بە دیوێکیدا شەڕو کارەساتی خستەوە، ئەو "بێماناییـە" جۆرێـك لـە بـێهوودە بـوونی دوای جـەنگی جیهـانی یەکـەم و دووەم بـوو.. سەبارەت بە خۆمان من ئەو روانینە: تەڵاقدانی ماناو خـەیاڵ و تێك شکاندنی زمان بە رەوای هـەق نـازانم.. چـونکە هـەموو هـەوڵی کـورد ئەوەیـە کـە هێشـتا "مانا"ی بۆ نەدۆزراوەتەوە-

"مانـا بـە چـەمکە فەلسـەفیو ئـەخلاقی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتیو سـایکۆلۆژی.. هتـد". چـونکە هێشـتا لـە مەیـدانی فیکـرو ئەدەبدا پێویستمان بەوە هەیە مانا شاراوەکان بتەقێنینەوە نەك بێسەرو شوێنی کەین، ئەو پـەتای تێـك شـکاندنی زمانـە بەڕادەیـەکی کـەمتر "کـە دەگاتـە رادەی نـەبوون" لـە چیرۆکیش سـەری هەڵـدا.. دیـارە رۆمـان ناچێتە ئەو خانەیـەوە "لەبـەر کـەمی

ژمارەی ئەو رۆمانانەی نووسراون" بەڵام لە شیعردا بەتەواوی بەرجەستە ببوو، زیاتریش گەنجەکان ئەو دروشمی پێشڕەوایەتی شیعری کوردیان هەڵگرت وەك شۆڕشێك بەسەر ناوەرۆك و شێوە تەقلیدیەکە: هەندێ لە ئێمە بە گاڵتەو لاقرتێوە سەیری ئەم دیاردەیان کرد، هەندێ بەتەواوی رەتیان کردەوە، هەندێ وتیان — "ئەمە دەستەو شێواندنی زمانی پیرۆزی کوردییە کە تاکە سەرمایەی ئێمەیە کە ناکرێ ئەویش ئەنفال بکرێ". هەندێ کردیان بە شەڕی سەلەفی و پێشڕەوایەتی "کۆنەخوازو نوێ خواز"، هەندێ لاپەڕە بە شەرمەوە ئەم شیعرانەیان بڵاودەکردەوە.. هەندێ فڕێ دەدرانە نێو تەنەکەی زبڵەوە، بەڵام لەوساوە تا ئێستا هیچ شاعیرێك لەوانە یان هەتا ئەو رەخنەنووسانەی کە پاڵپشتی ئەو ئەزموونەیان دەکرد.. هیچیان بڵێی رستەیەك یان شیکردنەوەیەکی وایان نەنووسی تێمان بگەیەنن ئەم ئەزموونە تازەیە دەڵێ چی..؟! هەندێ لەو شاعیرانە دەڵێن — "گەر تۆ لە شیعرەکەم تێناگەی ئەوەیان گرفتی خۆتە نەك گرفتی من..!" ئەم قسەیە راستە گەر شاعیر شیعرەکەی بڵاونەکردبێتەوە چونکە ئەو حەلە دەوترێ شاعیر فشەی بە دونیا دێ و بۆخۆی دەنووسێ، بۆخۆنووسینێك کە پتر لە گەمە دەچێ یان خەڵوەتکێشیی.. لە راستیدا زۆربەی ئەو شاعیرانە هێشتا لە بواری مەعریفەتدا ئەوەندە قووڵ نەبوونەتەوە کە وامان لێ بکا سەدەها سەرچاوەو پەراوێزی مەعریفیان بۆ بگەڕێین. "تی. ئێس. ئیلیەت" شاعیرێکی قورسی خاوەن مەعریفەت و زبان زان بە پەراوێزەکانەوە زۆر ئاسان مانای لە دونیا دۆزییەوە گەرچی باسی بێمانایی و هەڵتەکان و هەلاهەلابوونی شارستانیەتی رۆژئاواش دەکا، من بۆ خۆم رەنگە هیچ چێژێك لە هیچ ئەدەبێك نەبینم گەر مانای تیا ون بووبێ، چونکە سەرجەم ئەدەبی سەرگۆی ئەم زەوییە گەڕانە بە دوای (مانا)دا.. هەتا ئەدەبی "ناماقووڵ و پووچگەرا– اللامعقول و العبث" کە هەوڵێکە بۆ گومانکردن لە "مانا" بەڵام لە ڕێی هونەرێك–ەوە کە هەموو رەگەزە ئێستاتیکییەکان "جوانکاری" تیا بەرجەستەیەو هەر لەڕێی ماناوە لەو گومان و بێمانایی و هیچییە حاڵیمان دەکا.. ئەو هاوکێشەیەی کە لای

ئێمە ئاوەژوو بۆتەوە، هەر کەسێك هەقیەتی چۆن دەنووسێ و چۆن بیردەکاتەوە.. بەڵام ئەوەی کە لای هەمووان ناپەسەندە ئەوەیە ئەدیب خۆی پڕوپاگەندە بۆخۆی بکا، خۆیان بڵێن – "ئێمە پێشڕەوین و سەرقافڵەچی و کاروان لەدوامانەوە غەرقی تەپ و تۆزە.."" نووسەرو شاعیری هەموو دونیا بەبێ دەنگی بەرهەمی خۆی فڕێ دەداتە نێو دونیاو سووکێ دەکشێتەوە، جا یان پەسەند دەکرێ یا ڕەت دەکرێتەوە، ئەوەی سەیرەو هەستی پێ دەکرێ "بەستنی پەیمانێکی نهێنی"یە لە نێوان ئەو شاعیرانەدا.. ئەو پەیمانەی بەندە لەسەر سیاسەتی "هەڵمدە.. تا هەڵتدەم، بەرگریم لێ بکە تا بەرگریت لێ بکەم..!" ئەم پەیمانە چەند ڕەخنەنووسێکی پێوە بەندە کە هەموو شتێك دەڵێن تەنها باسی شیعرەکان نەبێ.. چاکە.. پتر لە گوزەری ئاسنگەران دەچێ کە هەمووان کاس و وڕن بێئەوەی ئاسنگەرێك لەوی دیکە دڵگیر بێ مادامەکێ ڕێی دراوە چەکوش بکوتێ. ئەگەر ئەو شاعیرانە "ئایندەخوازن" و ئیمڕۆ خەڵکی تێیان ناگەن و مێژووی داهاتوو لە بەرژەوەندی ئەوان حوکم دەدا.. ئەوە دەبێ خۆیان چاوەڕێ کەن و پشوویان درێژ بێ.. من هەموو جار بێ ئومێدانە لەخۆ دەپرسم گەرچی وەڵامیشم لایە – "خودا هاوار.. بۆ من لە هەموو شاعیرە گەورەکانی دونیا حاڵی دەبم و تێیان دەگەم.. کەچی لەو کوڕە جحێڵەی گەڕەکی خۆمان کە بەس بە کوردی دەنووسێ و دەخوێنێتەوە حاڵی نابم..؟!"

# سەرسامی

گەر تۆ هونەرمەند یان نووسەربیت وا چاکە قەت نەهێڵیت ئەو منداڵەی "ناوەوەت" گەورە بێت، مەهێڵە گەورەتر بێت نەبا روانینەکانی لیڵ و تاریک بن.. هەموومان بە منداڵی بۆ یەکەمجار کە مانگ، ئەستێرە، مەرگ، لە دایک بوون، تاڤگە، دەریا، خوێن.. هتد ئەوانەو سەدەها شتی تر کە بۆ یەکەمجار دیمان گەلێ سەرسام و شاگەشکە بووین، سەرسامی یەکەمجار بەرامبەر هەموو دیاردەو رووداوەکانی سەر ئەم زەمینە سیحرێکی ئەزەلییەو دەبێ هەمیشە لە گەڵتا گەورە بێ، بەواتا لەگەڵ بەسەرچوونی چرکەکاندا سیحرەکە زیاتر دامانگرێ نەك بە پێچەوانەوە، کەسە زۆر ئاساییەکان واز لەو سارسامییە دەهێنن و ئیتر عاقڵانە سەیری دونیا دەکەن و پێیان شەرمە گەر سەرسامی دەربڕن.. چونکە هەموو سەرسامییەك گەڕانەوەیە بۆ باوەشی منداڵی و پیاوە غافڵەکانیش قەت حەز ناکەن منداڵ ببنەوە، بەڵام هونەرمەندێك، شاعیرێك، یا چیرۆکنووسێك.. ئەو زاتەیە کە قەت ناتوانێ لە بازنەی ئەو سەرسامییە دەربازی بێت، هەمیشە کە سەیری هەر شتێك دەکات وا دەزانێ یەکەمجارە دەیبینێ و زار دادەپچڕێ.. بۆیە شێتانەو دەروێشانە باوەش بەهەموو رەگەزەکانی ئەم گەردوونەدا دەکا، گەورە بوونی پیاوەکان لای هونەرمەندو نووسەر گەورەبوونێك نییە تا روونتر شتەکان ببینێ. بەڵکو لیڵ بوونی روانین و دەمامك زۆربوون و چاویلکەی تەڵخ لە چاو نانە، کەسانی هەست ساردو

خەیاڵ مردوو کە گەورە دەبن تەنها پتر رووکەش شتەکان دەبینن، ئەوەڵ سەرسامی ویڵ بوون و پرسیارکردنە لە گەوهەری شتەکان، نە منالی لاسارو نە هونەرمەندی راستەقینە بە وەڵامە حازربەدەستەکان دڵیان ئاو ناخواتەوە، کیمیاناسێك قەناعەتی وایە کە ئاو دوو گەردیلە هیدرۆجین و گەردیلەیەك ئۆکسجینە ($H2O$) وەلێ منالّ و هونەرمەند وا سەیری ئاوی رووبارو دەریاو تاڤگەو تنۆکی فرمێسکەکان ناکەن، یەکەم ترس و تۆقین و سەرسامی مەرجن.. هەر لەبەر ئەوەشە مرۆڤی سەردەمێکی زوو دیاردەکانی سروشتی پەرستووە، وێنەی کێشاون، سەمای بۆ کردوون، قوربانی بۆ داون.. "نیکۆس کازانتزاکی" دەڵی – (هیچ شتێك نییە لە چاوانی یەزدان بچێ تەنها چاوی منداڵ نەبێ) دیارە کە یەزدان و منالّ لە هەموو رۆژێکی تازەدا شتەکان لایان سیحری یەکەمجاری هەیەو لە چاوانی هەردووکیاندا شتەکان سەرلەنوێ و لە بەرگێکی تازەدا خۆیان دەنوێنن، هەموو هونەرمەندێکیش مادامەکێ خولْقێنەرەو سیفەتی خواوەندی پێ دەبەخشرێ، دەبێ شتەکان بە تازەیی یەکەمجاری لە دایك بوونیانەوە ببینێ، نووسەر ە "عاقڵەکان" پرسیاریان نەماوە چونکە وەڵامی هەموو پرسیارێکیان دۆزیوەتەوە.. هەر ئەوەشە هۆی نەهامەتیو شکستی زۆربەی نووسەران، وەلێ نووسەری راستەقینە منالێکی لاسارو بزێوەو پرسیاری زۆرەو بە دەستگیربوونی وەڵامێك و دوو.. دە.. هەزار وەڵامیش ئۆقرە ناگرێ، ئەم قەناعەتی حازربەدەستی ناوێ و کە سەیری شتەکانیش دەکا بەو منالە دەچێ کە هەموودەم بە باوکی دەڵێ – "ئەها باوکە سەیری ئەو مانگە، بولبولە، حوشترە.. هتد.." باوکەش چونکێ لە سەرسامی منالەکەدا ناژی گاڵتەی پێ دێ. ئەو نووسەرانەی زۆر گەورە دەبن و یەکەم وێستگەی سەرسامی بەجێ دەهێڵن خیانەت و فێڵ لەخۆیان دەکەن.. "هەر منالە کە باوکی پیاوە" نەك بە پێچەوانەوە.. ئەمەش رای –وێردزوێرث– ی شاعیرە کە لەو بڕوایەدایە تەنها منالّ روانینی نەشێواوەو هەر ئەمیشە کە رۆڵەی بەوەفاو رەسەنی سروشت و لە دونیای حەقیقەت و جوانییەوە نزیکە، بە بڕوای زۆربەی رۆمانسییەکانیش ژیانی پڕ لە سەرقاڵی و خەریك بوون و

راکەڕاکەی نێو بازاڕەکان وای کردووە کە پیاوان لەو حەقیقەت و جوانی‌یە بەدووربن کە منالان تێی دەگەن و تامی لێ دەبینن. پیاوان هەرگیز دەرفەتی ئەوەیان نەماوە سەرهەڵبڕن و سەیری ئەستێرەکانی ئاسمان بکەن و بڵێن — "ئەڵلا..!" ئەو خانۆچکانەی کە بە منالی لە خۆڵ و داروپەردووی بێکەڵك دروستمان دەکرد گەلێ ڕەنگینتر بوون لەو کۆشکانەی کە ئیمڕۆ لەمەڕمەڕ بنیات دەنرێن، کەواتە عاقڵەکان دەڵێن — ماڵئاوا ئەی سەردەمی سەرسامی و پاکی منالی و خۆش هاتی ئەی سەردەمی پەرستنی کەل و پەلە مردووەکان. نەك هەر تەنها سەرسامی.. نووسەری دروست بە قەد قەوارەی سەرسامی یەکەمجاری بە جورئەتیشە.. لە چیرۆکی "بەرگی ئەفسووناوی" —ئەندرسن—دا تاکە پاڵەوانێك کە دەوێرێ بە پادشا بڵێ — "تۆ رووتیت و هیچت لەبەردا نی‌یە..!" منالێکە، هەرچی وەزیرو دارودەستەی پادشا هەیە لە جورئەتی ئەو منالە دەترسن و درۆ لەگەڵ پاشادا دەکەن بەوەی پێی دەڵێن — "ئای لەو بەرگە جوانەی لە بەرتایە..!" بەلام منالەکە حەقیقەتەکە دەبینێ و بێ ئاگایە لە دونیای پڕ درۆو ریاکاری و ترسی گەورەکان، منال و هونەرمەند هەردووکیان ئابڕووبەرن، لە فڕوفێڵی گەورەکان بێ ئاگان و تەنها حەقیقەت دەبینن، کەواتە هونەرمەندو شاعیرو چیرۆکنووسێك کاریان ئەوەیە بمانگەڕێننەوە بۆ سەرەتای حاڵەتەکانی ئەوکاتەی کە هێشتا روانین لێڵ نەبووەو خەیاڵیش پیس نەبووە، کە هێشتا حیکمەتی مندال لەناو نەچووەو ئیبراهیمێکە پێکەنینی بە گەورەکان دێ کە بتەکان دەپەرستن و ئەم قوڵنگی حەقیقەتێك هەڵدەگرێ و بتەکان دەشکێنێ، بیکاسۆ دەیوت : پێویستم بە هەوڵی حەفتا ساڵ هەیە تاوەك منالێکی حەوت ساڵانە رەسم بکەم، هونەرمەندی ئیسپانی "خوان میرۆ"ش بەوە بەناوبانگە کە بە ڕوانینی بێگەردی مندالێك رەسم دەکا، شازادە بچکۆلەکەی "سانت ئەکزۆبێری" گەلێ پێی سەیرە کە گەورەکان وەختی خۆیان لە شتی زۆر هیچ و بێماناد بەهەدەر دەدەن، سەد خۆزیا شێت بوونایە.. هیچ نەبێ شێتەکان بەوە ئازاد و سەرفرازن کە وازیان لە هەموو کەل‌و پەلەکان هێناوە.. ئەو کەل و پەلە مردوانەی سیحرو جوانی دەکوژن و

ناهێڵن مرۆڤ بۆ یەك سات بەرامبەر هیچ شتێکی جوان سەرسام بێ.. هیچ حاڵەتێك و هیچ دیمەنێك.. من بۆخۆم چەندین جار بەسەر کانیەکدا نووشتاومەتەوەو گوڵمێك ئاوم لێ خواردۆتەوە بێئەوەی هەست بکەم ئەو زیخ و چەوەی بنی مرواری بێ.. وەلێ بۆ یەکەمجار ئەم دوو دێڕەی "گۆران"م بەرچاو کەوت: کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو

له بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو..

سەرسام بووم.. ئەمێستا قەت وە ك ئەوسا سەیری کانی ناکەم، شیعرەکەی گۆران وای کرد کانی سەرسامم کاو جوانتریش لە جاران ببیبنم، لەم دوو دێڕەدا گەر لەوێنە شیعرییەکەی دابڕیت بە تەنها سەرسامییەکی منالانە دەمێنێتەوە، نەك هەر گۆران.. زۆربەی شاعیرە چاکەکانی دونیا وامان لێ دەکەن سەرلەنوێ و بە چاوێکی بێگەردو شۆراوە سەیری ئەو شتانە بکەین کە هەزارەها جار لەمەوبەر سەیرمان کردوون بەڵام نەماندیبوون، چونکە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان سەیرکردن و بینیندا هەیە، لە نێوان بیستن و گوێگرتندا.. هەر بۆیە هونەرو ئەدەب بە گشتی وا دەکەن قووڵترو هێمنتر و جوانترو زیرەکانەتر سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین.. گەلێ سوپاس بۆ ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی منال دەبنەوەو وا دەکەن ئێمەش لەگەڵ ئەواندا منال ببینەوە.. قەت پێیان شەرم نییە کە هەمیشە سەرسام بن و ئێمەش لەگەڵ ئەواندا سەرسام بین.. وەی لە نەهامەتی ئەوانەش کە لە سیحری سەرسامی بەدوورن..!

## بەیەكەم بوون

لە نێوەندی هونەری و ئەدەبی كوردیدا دیاردەی سەیرو سەمەرە زۆرن و هەر ماوەو بەشتێكەوە دەمانگرێ و دەبێ بە پەتا زۆر كەس و بەرەو لایەن دەگرێتەوە. كە زۆرجار وای لێ دێ بە شتە زۆر لاوەكییەكانەوە خەریك بین و هەرچییەكی كە بنەڕەتەو پێویستە لە بیرمان بچێتەوە. بۆ نموونە جار هەیە لە نێوان دوو ئەدیب یان دوو هونەرمەندو.. زیاتر گفتوگۆ لەسەر مەسەلەو كێشەی وا دەسازێ كە جگە لە كات بەفیڕۆدان هیچمان دەستگیر نابێ، هەموومان بیرمانە چەند ساڵێك لەمەوبەر لەنێو چەند زاتێك مشت و مڕێك لەسەر ئەوە بەرپابوو كە ئاخۆ "نالی" شاعیر بەلامی قەڵەو بنووسرێ یان نا.. واتا "ناڵی"یە یان "نالی"یە.. وەك ئەوەی گرفتی گەورەو كێشەی ئەدەبی كوردی هەر ئەوەبێ. دیارە ئەوەیان جۆرێكە لە خۆدزینەوە لە ئەسڵی بابەت و مەسەلە هەڵایساوەكان، یان فڵانە شاعیر ساڵی لە دایك بوون و كۆچ كردنی ساغ نەكراوەتەوە.. هەریەكەو قسەیەكی لێدەكا.. یان ئەوەتا كێ یەكەم چیرۆكی كوردی نووسیوە –"جەمیل سائیب" یان "فوئاد تەمۆ" یان "حاجی عەوڵا خۆشناو"؟.

ئەوەی من بزانم نە لە ئەدەب و نە لە هونەر بگرە نە لە بواری زانستیشدا زۆر گرنگ نییە كێ یەكەم چیرۆك و شیعرو رۆمان و تەلەفۆن و فرۆكەو رادیۆی دۆزیوەتەوە.. چونكە گەر بە وردی سەرنج بدەین "هەموو یەكەمەكان" ناتەواو و كاڵ و كرچ و پێنەگەیشتوون، راستە لەسەر لاپەڕەكانی مێژوو تۆمار

**دەكرێ، بەڵام تەنها وەك ناو و خزمەتێك، ئەویش گەر بە راستی داهێنانی تیابێ نەك هەر یەكەم و هیچی تر، دیارە ئەو (رادیۆ)یەی ماركۆنی دروستی كرد قەت وەكو هی ئیمڕۆ نیە، هەر داهێنانێك لە رۆژی یەكەمی یەوە تا دوا قۆناغ دەستی سەدەها زاناو دانای پێ دەگا تا دەبێ بەو شتەی ئیمڕۆ خزمەت د ەكاو لە رۆژانی ئایندەش گۆڕانی پتری بەسەردادێ.. كەواتە هونەرەكە بۆ ئەو كەسانە دەگەڕێتەوە كە دوای یەكەم داهێنەر دێن و داهێنانی جوانتری تێدادەكەن. لەم رۆژانەدا بەناوی یەكەم فیلمی كوردییەوە هەندێ كێشەو ململانێ پەیدابووە كە دوورە لە هەموو جوانی و فەلسەفەیەكی هونەری و ئەدەبی، مەسەلەكە تەنها ئەوەیە كێ لەم پێشبڕكێیەدا یەكەم دەبێ و هیچی تر، بەڵام ئایا گرفتی هونەرو ئەدەبی ئێمە لەوەدایە كامەمان یەكەم فیلم و رۆمان و شانۆگەری.. هتد دەردەكەین؟ یان هەقە بڵێین ئاخۆ ئەو كارە بایی چەند خزمەتگوزارو بەكەڵك دەبێ و لەو مەیدانەدا چ مەوداو پانتاییەكی راستەقینە داگیر دەكا..؟ یا بایی چەند بۆ پێشەوە بازمان پێدەدا..؟ رەنگە خەمی "بەیەكەم بوون" ململانێ و كێشەیەكی ناشەرعیو نابەجێ بخوڵقێنێ كە لەبری هونەر رزگاركردن ببێتە مایەپووچی، چونكێ حاڵەتی وا پەلە كردن و ناكامڵی پێوەدیار دەبێ، بەتایبەتی بۆ ئێمەش كە كات بەبەرییەوە نەماوە، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین كاری جوان بكەین.. ئەگینا كەڵەكەبوونی كارە ناشیرینەكان ئەمەش بەوە ناكرێ لەژێر سێبەردا بخەوین و خەونی خۆش ببینین.. بەقەد ئەوەی كەسانی خەمخۆرو زیرەكی دەوێ. گەلی برادەرینە چ گرنگ نیە كێ یەكەم دەبێ.. دەكرێ دواكەس گرەو لە هەموومان بەرێتەوەو چاومان بكاتەوە و تێمان بگەیەنێ كە چەندین ساڵە خۆمان و خەڵكمان فریو داوە بەناوی ئەوەی كە یەكەم بووین.. نەك هەر لە بواری هونەردا.. بگرە ئەوانەی كە لە قوتابخانەشدا یەكەم دەبن جێی گومانن چونكێ بۆ ئەوە ناخوێنن تا فێربن.. گرێی یەكەمیی لەسەری داون.. زۆربەی دانایان و زانایان و هونەرمەندانی دونیا نەك هەر یەكەم نەدەبوون، بەڵكو زۆربەیان تەمبەڵیش بوون و وازیان هێناوە. ئەوانەی مێژووی مرۆڤایەتیان بە بارێكی چاكتر گۆڕی.. تكایە با تۆزێ واز لەو "بەیەكەم بوون"ە بێنن.. چونكێ چەند سەیری بكەی سووك دێتە بەرچاو.."**

# لة ثةراويَزى ضيرؤكدا

راسته چیرۆك لەگەنێکە: دەتوانی هەموو شتێکی تیّ بگوشیت، بەڵام خۆ دەبیّ تام و بۆی ئەو شتانەی ئەوەندە دژو ناتەبا نەبیّ کە کەس نەتوانیّ پاروویەکی لیّ بخوا.. کاتی خۆی لە هەولێر –حەمەشێت-ێك هەبوو، لە دەرگای زۆرماڵی دەدا تا خێرێکی پیّ بکەن.. ئەویش نەیدەکردە نامەردی: هەرچییەکی وەربگرتایە دەیخستە مەنجەڵێکەوە، ئێواران مەنجەڵەکەی پڕ دەبوو لە باینجان و بامیەو برنج و ساوارو گەنمەکوتاو شەکرو پاقلەو فاسۆلیاو نیسك و نۆك.. هتد بەڵام تەنها –حەمە شێت دەیتوانی ئەوەی لە مەنجەڵەکەدا هەیە بیخوا، ئەگەر یەکێکی دیکە کەوچکێکی لیّ بخواردایە: دەڕشایەوە، تەنها حەمە خۆی بەوپەڕی لەززەتەوە پارووی لیّ بادەدا.. جاروبار هەندیّ چیرۆك دەخوێنمەوە حەمە شێتم بیردێتەوە، چونکە چیرۆکنووسەکە وەك حەمە دەیان شتی ناتەباو ناڕێك و بیّ تام و بۆی تێکەڵ کردووە.. سوێری و شیرینی و ترشیی.. ئەوسا چیرۆکەکە.. ئەوەندە بیّتام دەبیّ مەگەر تەنها چیرۆکنووسەکە.. خۆی بڵیّ–"تەحا.. لەم چیرۆکە جوانەم..!" من نامەویّ بڵێم گشت خوێنەرێك سەنگی مەحەکی چیرۆکی نازدارە، بەڵام چاکترین چیرۆکیش لە هەموو دونیادا ئەو چیرۆکەیە کە گەورەترین ژمارە لە خوێنەران بەتام و چێژەوە دەیخوێننەوەو زۆر درەنگیش بیریان دەچێتەوە، چیرۆکی سەقەتیش وەك گۆرانی ناخۆش وایە.. گوێگری کەمەو چیرۆك هەر ئەوە نییە چی هات بە

مێشکتا بیخەیتە سەر کاغەز.. کەواتە (...) بکەیتەوەو دایخەیتەوە، نیشانەکانی پرسیارو سەرسوڕمان و فاریزەو نوختە بخەیتە دوای یەکدی، بە زمانێکی ساردو مردووانە لەگڕو گەوهەری ژیان بدوێی، چیرۆك و رۆمان گڕی ئەوسات و رووداوانەن کە زۆرجار خەڵکی رەمەکی بە ساردی و کەمتەرخەمی‌یەوە لێی ورد دەبنەوە، بەلاّم چیرۆکنووسی کارامەو وەستا بە زیرەکی و بەهرەو رۆشنبیری و هونەری شیرینی چیرۆك خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە.. بۆ دووبارە تامی کارەسات و حاڵەت و رووداوەکان.. سەرجەمی خۆشی و ناخۆشی مرۆڤ دەخاتەوە بەردەممان، گەر وانەبێ: چیرۆك نابێ بە هونەرێکی سەربەخۆ. نابی بە بەشێك لە ئەدەب، زۆر کەس واتێدەگا کە تەنها شیعر ئیقاعی گەرەکە.. نەخێر، چیرۆك و رۆمانیش گەر بێ ئیقاع بن ناخوێندرێنەوە.. ئەوەتا —ثیودۆراکس—ی مۆسیقاژەن لە رۆمانی —زۆربا—وە ئیلهامی جوانترین پارچە مۆسیقای وەرگرتووە. گومانی تێدا نی‌یە کە بڕبڕەی پشتی چیرۆك زمانە، وێنەی جوان و وەسفی دیمەنەکان و حاڵەت و بابەت و رووداوەکەو شۆڕبوونەوە بە ناخی پاڵەواندا.. دیالۆگ و مۆنۆلۆژ و.. هتد.. بە زمانی چیرۆکەکەوە بەندە، هەموو رەشماڵێك کۆڵەگەیەکی گەرەکە تا بە پێوە بوەستێ، چیرۆك ئەو رەشماڵەیەو زمانیش کۆڵەگە، زمانی پوخت و شیرین و بەخوڕەمیش لەخۆیەوە پەیدا نابێ، چیرۆکنووس کە لەگەڵ دونیای چیرۆکەکەیدا نەژیابێ و نەهەژابێ.. ئەوە ئەو ئیقاعە نەفسی‌یەی لەلا ناخوڵقێ کە ئیقاعی چیرۆکەکە پڕ بکا لە شەپۆل و تەوژم و قەڵبەزەو تاڤگەو وردە مرواری جوان.. زۆرجار دەبینیت چیرۆکنووسێك یاری بە زمان دەکاو وێنەی سەربەرەوخوار دەگرێ، لە منداڵێك دەچێ یاری بە ئاگر بکا.. کە نووسەر روانینەکەی لێڵ و تاریك بوو.. ئەوە بزانە کە چیرۆکەکەی رەش دەچێتەوەو هەرچەندی دەیخوێنیتەوە سیماو ئاکاری شتەکان ون و تەماوین، نە ڕووداو دیارەو نە پاڵەوان، بۆیە نووسەر کە پەنا دەباتە بەر "سێرکی زمان".. بە وێنەی شڕو شێواو، دابەش کردنی چیرۆکەکە بەسەر سێ بەش و چوار بەش، یان هەر لە خۆیەوە کەوانە

دەکاتەوەو دایدەخاتەوە.. ئا بەم جۆرە کەم و کوڕی هونەرەکەی دادەپۆشێ.. یان ئەوەتا مۆنتاجی چەند لەقتەیەك دەکاو گوایە کابرا حەز بە ئەزمونگەرییەتی و فانتازیا دەکا.. لە کۆتاییدا لە خۆی بپرسەو بڵێ — "بەدوو دێڕ پێم بڵی مەبەستت چیە لەم چیرۆکە؟" ئەوسا دەمی تەتەڵە دەکاو خۆیشی نازانێ چی وتووە، ئەم جۆرە چیرۆکانە نە دەچنە خانەی سریالیەت و نە فەنتازیاو نە ئەزموونگەری، ئەو چیرۆکنووسەی عاشقی بابەتەکەی خۆی نەبووبێ و لەگەڵیا نەکولابێ ناتوانێ مەوزوعێکی روون و ئاشکراو سەرسوڕهێنەر بدا بەدەستەوە، چیرۆکنوسی زیرەك دەتوانێ لە حاڵەت و رووداوی زۆر ئاسایی شتی نائاسایی بخوڵقێنێ، چیرۆکی چاك وات لێ دەکا سەرلەنوێ و بەچاوێکی ترەوە سەیری حاڵەت و کارەسات و رووداوەکان بکەیتەوە، سەدەها بیرو هەڵوێست و یادگارت لەلا دەتەقێنێتەوە، ئاشنا دەبیت بەو دونیایەی هەستی پێ ناکەی.. یان بە سادەیی و رێبوارانە بەلایدا تێپەڕبویت. ئێمە ناتوانین بڵێین شێواز —ستایل– یان پاڵەوان یان گرێ، یان تان و پۆ یا سەرەتاو کۆتایی، یا بابەت گرنگە.. ئەم هەموو رەگەزانە بەیەکەوە دەبن بە بناغەی چیرۆکەکە، بەڵام تەنها زمانیش دەبێ بەو خۆرەی گەرمی بە هەموویان دەبەخشێ، زۆر لە رەخنەگرەکان لەو باوەڕەدان کە سەرکەوتنی چیرۆك دەرك بردنە بە نهێنی زمان و بەس. مەرجیش نییە تۆ لە رێزماندا بلیمەت بیت.. مەرجی نهێنییەکە لەوەدایە بایی چەند لەگەڵ چیرۆکەکەی خۆتدا ژیاویت و تیایدا راستگۆی، کەمانچەژەنێکی عاشق و دڵ بریندار دەتوانێ کەمانچەکە بێنێتە گریان، ئیقاعی ناسك و بەخوڕەمو شیرینی چیرۆك لەخۆیەوە پەیدانابێ.. پێویستی بەو هێزە شاراوەیە هەیە کەوا لە خوێنەر دەکا لەگەڵ نووسەرەکەدا لە هەمان حاڵەتدا بژی کە پێوەی تلاوەتەوە، جگە لەوەش.. ئەو چیرۆکنووسەی بابەتی چیرۆکەکە لە مێشکیا نەخەملابێ.. ناتوانێ خوێنەر سەرسام بکا بەو جیهانەی خوڵقاندوویەتی، تەم و مژی سەر ڕووی چیرۆکێك پەیوەندی بە تەم و مژی ناو مێشك و روانینی لێڵی نووسەرەکەوە هەیە، گەورەیی لەوەدایە خوێنەرێکی ئاسایی و رۆشنبیرێکی

زۆر زیرەك خۆیان لە چیرۆکەکەدا بدۆزنەوە.. بەڵام بێئەوەی لایەنی جوانکاری ئیستاتیکی چیرۆکەکە بدۆڕێ، هەموومان دەتوانین بنووسین، بەڵام کێ دەتوانێ سەرنجی ئەو خەڵکە بەلای خۆیدا رابکێشێ، جارانیش.. لە شارێك.. یان لە گوندێکدا تەنها چەند حەکایەت خوانێك بەناوبانگ بوون کە لە ژمارەی پەنجەکانی یەك دەست تێپەڕیان نەدەکرد.. ئێستاش چیرۆکنووسی بلیمەت لە هەموو جیهاندا هەروا کەم و دەگمەنن. تا ماوەیەك لەمەوبەرو بگرە ئێستاش زۆرکەس ئاگای لە ئیقاع و نەغمەی –هارمۆنی– چیرۆك نییە، بەڵام چیرۆکنووسی چاك هاوشانی مۆسیقاژەنی چاکە.. گەرچی هەر چەشنە چیرۆکێك و ئیقاعی خۆی هەیە: کۆمیدی، تراژیدی، پۆلیسی.. هتد.. ترس، گومان، خۆشەویستی، رق.. هەر یەکەو نەغمەو ئاووهەواو زمانی خۆی گەرەکە، چیرۆکی بێ ئیقاع ساردو خاوە، مردووە.. خوێنەر لە دێڕی یەکەمەوە.. یان لە لاپەڕەی یەکەمەوە لێی وەڕس و بێزار دەبێ. کەواتە چیرۆکنووس کە ڕوانینی تەسك و لێڵ و تەماوی بوو نازانێ چۆن دەست بە چیرۆکەکەی بکاو چۆن کۆتایی پێ بهێنێ هیچ بابەتێکیش لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە.. نووسەر دەربارەی شتێك دەنووسێ کە بینیویەتی، یان گوێی لێ بووە.. یا ئەوەتا بەسەرخۆی هاتووە، بەڵام نووسەرەکە سەرلەنوێ جیهانێکی مەزنترو باڵاتر لەو جیهانە مردووەی دەوروبەر دەخوڵقێنێ، هەموو چیرۆکنووسێکیش پێویستی بە روانینێکی شاعیرانە هەیە.. دەشێ بەر لە نووسینی چیرۆکەکەو لەکاتی نووسینەکەشدا هەزارەها موچڕکەو ختوورەو ختووکەو تەزووی خەم و خۆشی بە دەمارەکانیا مێروولە بکا.. سەراسیمە بووبێ، زۆر ئاساییە لەگەڵ چیرۆکێکی خەم ئامێز تێر تێر بگری، لەگەڵ چیرۆکێکی گاڵتەئامێز بداتە تریقەی پێکەنین، ئەگەر نووسەر خۆی هەڵنەچێ و کەف و کوڵ نەکاو هەست و سۆزی جوان رۆح و گیانی نەگرێتەوە.. گەر وانەبێ: چۆن دەتوانێ ئیقاع و مۆسیقا بداتە چیرۆکەکەی، پاشان چۆن دەتوانێ خوێنەر بهەژێنێ گەر خۆی وەك کۆمپیوتەر چیرۆکەکەی نووسیبێتەوە، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین: بێ سۆزی گەرم و هەست و

نەستی شیرین و شاعیرانە، بێکەف و کوڵ، بێ ختووکەی خەم و خۆشی چیرۆکنووسین دەبێ بە گەورەترین درۆ، بەڵگەش ئەو هەموو چیرۆکە زۆرو بۆرانەیە کە پیاو بە خوێندنەوەیان دڵی دەگوشرێو تەنگەنەفەس دەبێ.

(چارلز دیکنز) رۆمان نووسی گەورەی ئینگلیزی کە چیرۆکەکانی دەنووسی.. بە درێژایی ماوەی نوسینەکە هەر دەگریا.. بۆیە توانی سۆزی هەزارەها کەس ببزوێنێ و بیانگرێنێ. سۆزی جوان و شاعیرانە.. راستگۆیی ئیقاع و مۆسیقا دەبەخشن بە زمانی چیرۆکەکە.. ئەوسا هەست بە گرێ و گوڵ ناکەی.. چیرۆکەکە دەبێ بەو تاڤگەیەی بەخوڕەم دەڕژێ.. رێزمان و رۆشنبیری و ئەزموونی گەورە یارمەتی چیرۆکنووس دەدەن.. بەڵام ناتوانن وای لێ بکەن نەمر بێ گەر لە نهێنی و سیحری مۆسیقاو ئیقاع تێ نەگا. ئەگەرچی چیرۆك باوەش بۆ پەخشان دەکاتەوە.. بەڵام بێ هیچ گومانێك شیعری ئەم سەردەمەیە.. چیرۆکنووسێکی بیانی دەفەرموێ — "بەر لەو ەی چیرۆکەکەت بڵاوبکەیتەوە.. هەر خۆت دە جار بیخوێنەوە.. ئەگەر بۆ دواجار بێزار بوویت.. ئەوە باشتر وایە فڕێی دەی".

# لێك دابڕان

مادامەکێ هەر کارێك کە جوان بێ جێی تێڕامانی هەموومانە.. نەك هەر بەتەنها تێڕامانی کۆمەڵە کەسانێك. سەبارەت بە لقە جۆربەجۆرەکانی زانستی وەك فیزیاو کیمیاو بایەلۆژی.. هتد هەموو کەس ناتوانێ لێی بدوێ، بەڵام سەبارەت بە هونەرو ئەدەب، بە هەموو لقەکانییەوە، ئەوەی ئاستێکی جوانناسی هەبێ کەم تا زۆر دەتوانێ بڵێ ئەمەیان جوانەو ئەوەیان ناشیرینە، ئەمەیان راستەو ئەوەیان درۆیە، ئەمەیان پەروەردەم دەکاو ئەوەیان تێکم دەدا.. ئەم گرفتەش یەکاندەردوو پەیوەستە بە ئیستاتیکاو هۆشیاری ئەو کەسانەی سەبارەت بە هونەرو ئەدەب رای جوان و ناشیرین دەردەبڕن، دیارە ئیستاتیکا "جوانناسی" بەپێی فەلسەفەو بەرنامەی دیارو نادیاری کۆمەڵگا دەگۆڕێ، سەبارەت بە ئێمەش کە لە جیهانی سێیەمداین و بە شەعبیەت کردنی هونەرو ئەدەب خۆی لەخۆیدا دووچاری کۆمەڵێ کێشەو پرسیاری قورسمان دەکا.. ئایا بە شەعبیەت کردنی ئەدەب و هونەر دابەزینە بۆ خوارەوە.. یان بەرزکردنەوەی ئەوانەی وان لە ژێرەوە بۆ ئاستێك کە لە ئەرکی جوانی هونەر تێ بگەن، گرفتەکە ئەوەیە میللەت تەنها یەك حاڵەت و رەنگ نییە، ژینگەی کۆمەڵی رۆشنبیران و هی جەماوەری رەمەکی جیایە.. کەواتە وەدیارخستنی راستگۆیانەی ژیانی هەموو چین و بەرەکانی کۆمەڵ کە میللەتێك پێك دێنێ دەبێتە مایەی بەشەعبیەت کردنی ئەدەب بە هەموو

لایەنێکەوە.. چۆنیەتی ژیان و داب و نەریت و هەست و نەست بە خەون و خەیاڵیان، لێرەدا دەبێ هەردوولا: واتا هونەرمەندو خەڵکی بەیەکەوە لە ئاستێکی وادا بن کە لە زمانی یەکدی بگەن، روانینیان بۆ جوانی تا دەکرێ لەیەك نزیك بکرێتەو ە.. بەڵام ئایا لە کۆمەڵگایەك کە هێشتا هونەرو ئەدەب دوو مەخلوقی زۆر غەریبن و هونەرمەندەکانیش چەندین پلە بەرز بوونەتەوەو کە هەموو شتێك لە خوارەوە بچووك دەبینن.. جگە لەوەی کە نەخوێندەواری سیفەتێکی سەرەکی‌یە لەم کۆمەڵگایە، مەبەست لە نەخوێندەواری ئەوە نی‌یە کە ئەلف و بێ نازانێ.. نەخێر.. نەخوێندەواری هەموو ئەو خاوەن شەهادانەش دەگرێتەوە کە جگە لە بابەتەکەی خۆی پەیوەندی بە هیچی ترەوە نی‌یە، هەتا ئەو ئەدیب و هونەرمەندەش دەگرێتەوە کە یان شانۆکارە، یا وێنەکێشە، یا چیرۆکنووسە، یا شاعیرە.. یا مۆسیقاژەنە.. بەڵام هیچ کام لەوانە پەیوەندی بە خانە جیاجیاکانی هونەرو مەعریفەتەوە نی‌یە، گەر درۆ لەگەڵ خۆمان نەکەین.. بگرە پێشەنگەکانیش لە مەعریفەتێکی هاوچەرخانەوە دوورن، بۆیە دابڕانێکی گەورە لەنێوان خوارەوەو سەرەوەدا هەیە، بڕواشمان بەوە نی‌یە کە هونەرو شەعبیەت دوو شتی دژ بەیەك بن.. نەخێر.. بەڵام سەبارەت بە خۆمان ئایا کرێکارێکی ئێمەو کرێکارێکی ئەڵمانی یان رووسی چوون یەکن، رەنگە سەدەها کرێکاری رووسی یان ئینگلیزی رۆمان بخوێننەوەو لەزەت لە بینینی بالیە" و گوێگرتنی سیمفۆنیا بکەن، بەڵام رەنگە لای ئێمە ئەدیبەکەش لەزەتی لێ ناکا، بڕواشمان بەوە نی‌یە بڵێین بە شەعبیەت بوونی ئەدەب مەترسی‌یەکی گەورەیە بۆ مەعریفەتێکی جوانناسی مرۆڤ پەروەرانە. کەواتە بە شەعبیەت کردنی ئەدەب و هونەر لەم قۆناغەدا ئاسان نی‌یە.. چونکە لە بنەڕەتدا خەڵکی وەك کەمالیات سەیری ئەرکی هونەرو ئەدەب دەکەن و کۆمەڵێ خەم و گرفت و گرێ و کێشەی تر لە ئارادا هەن کە کەسیان ئەو ئامادەبوونە لەخۆیاندا شك نابەن و روو لەو دونیا جوان و بەرفراوانە بکەن کە تەنها لەوەدا رۆحی خۆیان و میللەتەکەیان پێ بگەشێننەوە، لەو شوێنانەی کە هەستیان بەم کارەساتە کردووە بەرنامەی

تایبەتی دانراوە بۆ پەروەردەکردنی زەوقی خەڵکی لە ڕێگەی رادیۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامەو قوتابخانەو هەموو دەروازەیەك کە مرۆڤ بتوانێ لەوێوە بچێتە نێو قەڵای پڕ سیحری فێر بوون و مەعریفەت هەڵخستن، سەبارەت بە ئێمەش سالانێکی زۆرە، لە بواری هونەرو ئەدەب، ئەو خۆراکە دەخەینە بەردەمی خەڵکی کە پێی بڕشێنەوە، بەڵام بە دووبارەبوونەوەی سەدەها جار گەدەی یەکەیەکەی خەڵکەکەی لەسەر ئەو خۆراکە خەراپە راهێناوەو سالانێکی زۆری دەوێ تا گەدەی لەسەر خۆراکی پاك رادێتەوە.. بۆیە ئێستا لە بواری ئەدەب و هونەری کوردیدا کە هەندێ حاڵەتی جوان و باڵاو پاك و تەمیز پەیدابووە – (شیعر، رۆمان، چیرۆك، مۆسیقا، هونەری تەشکیلی.. رەخنە.. هتد). دەبینین دوژمنیان زۆر بووە، دوژمنەکانیش لە خەڵکانی رەمەکی و ئاسایییەوە نییە بەقەد ئەوە ی لەنێو هونەرمەندو ئەدیبەکانەوەیە، چونکە ئەوان بەوە ترساون کە تۆ مادامەکێ وەك ئەوان نانووسیت و بیرناکەیتەوە دیارە دەبێ تۆ پیلان گێڕو "موئامەرەچی" بیت، چونکە دروشمی ئەوان ئەوەیە – "گەر لەگەڵما نەبیت.. دوژمنمی". دیارە خەڵکیش هان دەدەن دژی ئەو حاڵەتە جوانانە، جا چ بەدەم بێو چ بە نووسین، زۆریشن ئەو کەسانەی کە گەدەیان لەسەر خۆراکە پیسەکە راهاتووە دەچنە پاڵ ئەوان و درەنگ وەئاگا دێن.. درەنگ پێ دەزانن کە فێڵیان لێ کراوە، دیارە دەبێ ئەو ئەدیب و هونەرمەندانەی سوورن لەسەر ئەوەی کە شتی جوان بەخەڵکی ببەخشن ئارامیان هەبێ و پشوویان درێژ بێ تا ئەو کەسانەی لەسەر شتی ناشیرین راهاتبوون هێدی هێدی کە شتە جوانەکان دەبینن خۆی لە خۆیدا دەبێ بە مایەی دەرکردنی شتە ناشیرینەکان.. چونکە لە کۆتاییدا هەروا دەکەوێتەوە شتی جوان جێی شتی ناشیرین بگرێتەوەو شاربەدەری بکا، هەڵبەتە شتە ناشیرینەکان لەم کاتەدا پتر یەکتری دەگرن چونکە دەزانن لە دەرەوەڕا رەشەبایەك هەڵیکردووەو گەر ئەوانیش وەکو قامیش بەتەنیا بوەستن رەشەباکە هەڵیان دەگرێ، بۆیە دەبێ هەر قامیشەو بچێتە تەك قامیشەکەی هاوڕێی.. ئەوەشیان قۆناغ و وەختێکی زۆری دەوێ تا دەستێکی بەهێزو

جوان.. یان هەموو دەستە بەهێزو جوانەکان یەکدی دەگرن و قامیشەکان لێکدی دەکەنەوەو.. ئەوانیش دەکەون. ئەدیب و هونەرمەندی بەتواناش ئەو کەسەیە کە بتوانێ لەم جۆرە کۆمەڵگایەی کە هوشیاری و روانین و زەوقی جیاواز هەڵدەگرێ ئەو سنوورە بدۆزێتەوە کە شۆڕ بێتەوە خوارەوە بێئەوەی فڕینی خۆی بیر بچێتەوە: مەبەستم لە فڕین پاراستنی ئاستی بەرزی هونەرەکەیەتی، چونکە ئەمەیان قۆناغێکە هونەرمەندی رەسەن دەبێ باجی (ضریبة) گەورە بدات.. یەکێ لەو باجانە ئەوەیە کە دەستی خەڵکی رەمەکی بگرێ و بیباتە ناو مەملەکەتی جوانی هونەرو ئەدەب.. لەوێوە پێی بڵێ – "سەیری ئەو مەملەکەتە سووتاوە بکە لە دواتەوە کە چەندین ساڵە بەناوی بەهەشتەوە تیایدا ژیایت". دیارە لەم حاڵەتەدا هونەرمەند وەك یاریکەرێکی سێرکی لێ دێ کە لەسەر پەتەکان یاری بکات.. باز بدا و خۆی فڕی داتە خوارەوە.. بەڵام بێ ئەوەی ملی خۆی بشکێنێ، ئەگینا گەر بەناوی هونەری باڵاوە زۆر بەرز بووینەوە دیارە کە لە خوارەوە هەموو شتەکان بچکۆلە دێنە بەرچاوو ئەوانەی خوارەوەش کە سەر هەڵدەبڕن ئێمە لە خۆیان بە بچوکتر دەزانن.. دەبا لەگەڵ هەر هەڵفڕینێکدا وەك ئەو چۆلەکەیە وابین کە بێچووەکەی فێری فڕین دەکا.. هەڵبەت هێدی هێدی لەگەڵ بەرزبوونەوەی خۆی بێچووەکەشی بەرزتر لەگەڵیا دەفڕێ.. گەر وا نەبێ لێکدی دادەبڕێن و پشیلەکانیش زۆرن کە خۆیان مات دابێ و چاوەڕێی ئەم لێك دابڕانە بن..!

کانوونی دووەم/ 1990

# بآ بةرطرى

زۆربەی رەخنەگران و پسپۆڕانی ئەدەب لەسەر ئەوە یەك ران کە رۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا رۆمانێکی یاداشت ئامێزەو پەیوەندیییەکی توندوتۆڵ لە نێوان (جێمس جۆیس)ی نووسەر و (ستیڤن دیدالۆس)ی کارەکتەردا هەیە، گەرچی رۆمان و ژیاننامەی جۆیس نابنە یەك چونکە هەموو رۆمانێکی راستەقینە لە بنەڕەتدا دەبێ بەکارێکی هونەری و باوەش بە خەیاڵدا دەکا با رەگ و ریشەشی لە زەمینەی واقیعێکەوە داکوتابێ، دەکرێ جۆیس بەوە (تاوانبار!) بکرێ کە نووسەرێکە کەم تا زۆر هێمای ئەوەت دەداتێ بە نووسەرێکی (وجودی) لە قەڵەم بدەی وەك کاك (عەتا فائق) لە نووسینێکیدا لە رۆژنامەی –هاوکاری–دا سەبارەت بەو رۆمانە درکاندبووی، بەڵام ئەو نامۆبوونەی (ستێڤن)ی کارەکتەر کە جۆیس خۆیەتی نامۆبوونی هونەرمەندێکە لە سەرەتای عومری جحێڵیداو نامۆبوونەکەش پەیوەستە بەو ژیانە زۆر سادەو ئاسایی و نزمەی کە لەشاری دەبلن –دا هەستی پێ دەکردو ئەمیش نەیدەویست ئەو ساردییە رۆحی ئەمیش ببەستێ، بەڵام هەتا کە لە (ئیرلەندا)ش دوور دەکەوێتەوە پشتی تێ ناکا.. بەڵکو لەسەرخوانی ئەدەب و لەبەرگی رۆمانێکدا هەمان ئەو ژیانە ساردە دەخاتە بەردەممان.. وەلێ بەگەرمی هونەر.. هونەرێك کە زادەی ئەزموونی پڕو رۆشنبیرییەکی بەرفراوان و خەیاڵێکی بە بڕشتە، پاشانیش کاك عەتا سەیرە

**بەلایەوە کە جۆیس بەنووسەرێکی شۆڕشگێڕ لە قەڵەم بدرێ.. کە لە راستیشدا یەکێکە لە مەزنترین شۆڕشگێڕانی مەیدانی ئەدەب گەرچی باسی گوللەو تۆپ و بارووتی نەکردووە، بە بڕوای من دەرخستنی نەهامەتی بێوەژنێک لە چیرۆکێکی جواندا شۆڕشگێڕی‌یە، مارکیز واتەنی شۆڕشی راستەقینە ئەوەیە چاك بنووسیت، بیریشمان نەچێ جۆیس لە رێگەی رۆمانەکانی‌یەوە وای کرد هەموو دونیا ئاوڕ لە ئیرلەندا بدەنەوەو بایەخێك بە کەلتووری پڕی ئەو میللەتە بدەن، جگە لەوەش ئەم توانی هەموو شێوەو دەقە باوەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەناو بباو لە بواری داهێنانی شێوەی تازەدا (فۆرم) یەکێکە لە گەورەترین شۆڕشگێڕانی نیو دونیای ئەدەب. بەڵام من تەنها لەیەك خاڵدا لەگەڵ کاك عەتا-دا یەك دەگرمەوە کە ئەویش ئەوەیە جۆیس خوێنەری قورسی دەوێ.. بۆیە خوێنەری زۆر نی‌یە، خوێندنەوەی رۆمانەکانی زەوق و حەوسەڵەی دەوێ و پێویستی بە هیلاکی و ماندووبوون هەیە تا لە نهێنی و لەغزەکانی تێ دەگەی.. بە واتا پێویست بە پەراوێزو شیکردنەوەیەکی زۆر دەکا، جا نەك هەر لەنێو کوردو عەرەبدا، بەڵکو لەنێو ئەو میللەتانەشدا کە بە ئینگلیزی دەخوێننەوە کەمتر بەلای جۆیس دا دەچن، بەڵام ئەم بۆچوونەش لەهەموو حاڵەتێکدا راست نی‌یە.. بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە گرنگی بە رۆمانی هاوچەرخ دەدەن.. هەر لە رەخنەگرو قوتابیانی خوێندنی باڵاو نووسەرە خەمخۆرەکان تا دەگاتە ئەو خوێنەرانەی شت بە قووڵی دەخوێننەوە.. جگە لەو کەسانەش کە دەیانەوێ لە نهێنی شۆڕشەکەی تێ بگەن لە بواری فۆرمی رۆمان نووسیندا. ئا ئەوانەی هەر هەموویان جۆیس بەیەکێك لە مەزنترین رۆمان نووسەکانی سەدەی بیستەم دادەنێن، ئەم هەموو ژیانی خۆی بۆ رۆمانەکانی تەرخان کرد.. بۆیە هەقی خۆی بووە کە داوا لە خوێنەر بکا هەموو ژیانی خۆی بۆ رۆمانەکانی تەرخان بکاو هەمیشە خەونی بەخوێنەرێکی (نموونەیی)یەوە بینیوە.. خوێنەرێك کە دووچاری خەوزڕانێکی هەمیشەیی بووبێ. کەواتە مەرج نی‌یە وەرگێڕانی رۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا کارێکی نابەجێ بێ هەر تەنها لەبەرئەوەی کە ئیمڕۆ**

خوێنـەرێکی زۆر لـە دەوری خـۆی کۆنەکاتـەوە.. چـونکە رۆژێـك دێ سـەدەها کەس چاری نامێنێ و بەدوایدا دەگەڕێ، پاشان چی تێدایە گـەر ئێمـەش وەك میللەتانی دیکە ئاگامان لە دوا مۆدەو باری ئەدەبی ئەم دونیایە بێ، کاك عـەتا پێشـنیاری هەنـدێ نووسـەری دیکـەی کـردووە کـە دەبوایـە لـە بـری جـێمس جـۆیس رۆمانـەکانیان بکـرێ بـە کـوردی.. لەوانـەش مەسـکیم گـۆرکی و چەندانێکی تر.. راستە بۆ ئێمەی کورد لە بواری وەرگێڕان دا لە پێش و لە پێشتر هەیە.. بەڵام بە هیچ کلۆجێك هەق نییە جۆیس لە گۆرکی بەکەمتر دابنرێ.. جا لەهەر روانگەیەکەوە بێت.. تا ئەو رۆژەش کە کورد (لیژنەیەکی تایبەتی بە وەرگێڕان)ی دەبێ ئـەم هەوڵـە تاکـە کەسـییانەی هـەروا دەڕواو کەسیش ناتوانێ زەوقی خـۆی بەسـەر یـەکێکی دیکـەدا بسـەپێنێ، گەرچـی هـەموو وەرگێڕێك بە پـێی زەوق و بۆچوون و رۆشـنبیری خـۆی شـاکارەکانی دونیا هەڵدەبـژێرێو هەرچەندە دەبێ ئەوەش رەچاو بکا ئاخۆ خەڵکی حەز بەچی دەکەن.. مەبەست لە خەڵکیش خوێنەرە هەرە سادەکان نییە.. بەڵکو هەموو ئەو خوێنەرانە بگرێتەوە کە لە نێوان دوو قوتبدان: ئەوانەی کاڵفامن و ئەوانـەش کـە بـە قووڵی شت دەخوێننـەوە.. بـەم چەشـنە دەتوانین پـێ دزکـە بەخوێنەر بکەین لە تەنکاوەوە رووەو قووڵایی مل بنێ.. کەواتە جۆیس لەسـەر ئاسـتی ئەدەبەکـەی خۆیـدا شۆڕشـگێڕ بـووە.. شۆڕشـێك لەسـەر ئاسـتی تەقاندنـەوەی زمـان، شۆڕشـێك لـە بـواری رێچـکە شـکاندن و لێـدان لـە داب و نەریتە رزیو و باوەکانی سەردەم.. تا وای لێهات بەوە تاوانبار بکرێ کە لە رادە بەدەر ئەدەبێکی بێ بەرگ و سیپاڵ دەنووسێ، سەبارەت بە وڵاتەکەشی (ئیرلەنـدا) ئـەم وەك هـەر نووسـەرێکی زۆر تەقلیـدی نەیویسـتووە بـاس لـە خۆشەویستی خـۆی بکا، لای ئـەم ئیرلەنـدا وەك ئـەو دایکـە وایـە کـە زۆرجـار منداڵەکانی خۆی دەچەوسێنێتەوە گەرچی خۆیشی وەك دایکێك چەوساوەیە. سـەبارەت بـەوەش کـە ئـەم ویسـتوویەتی لـە هەرسـێ هێزەکـە دەربـازی بـێ (نیشتمان و ئایین و خێزان) هۆی دروستی خۆی بەدەستەوە بوو.. بۆ نموونە زۆر جار لای جۆیس کارەکتەری یان وێنەی باوك و یەزدان تێکەڵ دەبوون..

باوکێکی خەتابار، تووڕەو تڕۆ.. هەم خۆشەویست.. بۆیە بە گاڵتەو لاقرتێوە باس لە هەردووکیان دەکا، بڕواشی وابوو کە دەسەڵات و هێزی کڵێسا بۆتە مایەی کۆست کەوتنی ئیرلەنداو لە ڕۆمانەکەشدا هونەری کردووە بە جێگری ئایین، بگرە ئینگلتەرە هەمیشە کەڵکی لە کێشەو دووبەرەکی نێوان (کاثولیك و پرۆتستانت) وەرگرتووە، تاوەکو دەگە لە مەسەلەی ئیرلەندا بدا.. ئەمەش زۆر بە خەستی لە ڕۆمانەکەدا هەست پێ دەکرێ. کە چووش بۆ دەرەوەی ئیرلەندا مەبەستی نەبوو لە نیشتمانەکەی رابکات، بەڵکو ئەم بۆ ئەوە دوورکەوتەوە تا لە دوورەوەو بێلایانانە دەربارەی بنووسێ، مەبەستی نەبوو بە عاتیفەیەکی بازاڕی و بە روانینێکی زۆر تەسك و قەومیانە لە وڵاتەکەی بدوێ، ئەو نووسەرانەی خاك و میللەتی خۆیان خۆش بوێ هەمیشە بەچاوی رەخنەو گومانەوە دەڕواننە هەموو دیاردەکان و بگرە زۆرجاران رەخنەی زۆر قورس لەخۆیان و خەڵکەکە دەگرن، تەبابوون لەگەڵ ناڕێکییەکانی دەوروبەر یانێ خۆ گێل کردن، ڕۆماننوسی ئینگلیزی (جۆرج ئۆرۆیل) هەموو جار دەی وت (ئینگلتەرە.. تۆ کۆمەڵێ شێت و پیرەژن حوکمت دەکەن).

یان (دەبلیو. ئێچ. ئۆدن) دەی وت — (ئاە ئینگلتەرە چەندم رق لێتە) ئەم شاعیرە سەری خۆی هەڵگرت و ئینگلتەرەی بەجێ هێشت.. ئەم چەشنە رقەی ئەو نووسەرانە گەلێ پیرۆزترە هێشتا.. لە خۆشەویستی ژەنەراڵەکانی ئینگلتەرە جگە لەوەش ئەم دەیویست بەرگێکی ئەوروپی بکاتە بەر ئەدەبی ئیرلەندیو هەتا لەسەر ئاستی زمانیش پاڵەوانەکەی دووچاری غوربەتێك ببوو.. هەستی دەکرد زمانی ئینگلیزی ناتوانێ هەست و نەستی ئیرلەندیانەی پاڵەوانەکە دەربڕێ.. ئەمەیان ببووە مایەی خەفەت و شڵەژان.. هەر بۆیە لەسەر ئاستی زمان کەوتە شۆڕش بەرپاکردن.. کەواتە خۆ دەربازکردن لەو سێ بازنەیە (نیشتمان و ئایین و خێزان) خۆ ڕزگارکردن بوو لەو دەستەڵاتە بەزەبرو زەنگەی کە لەو سێ بوارەدا زۆر خەراپ و سەلبییانە دەخرێتە کار.. پاڵەوانەکەش ئاگاداری ئەوەیە کە ئەم سێ بازنەیە لە مەچەکی رۆحی گیر دەبن و بوون و کەسایەتی ئەم دەسڕنەوە.. زۆربەی دەزگا کۆمەڵایەتییە گەندەڵەکان

پشتیان بەم سێ دەستەڵاتە ئەستوورە. (ستیڤن)ی پاڵەوانیش وەك هونەرمەندێك بەدوای دۆزینەوەی خودو زاتی خۆیدا وێڵە بۆیە هەرسێ دەستەڵاتەکە رەت دەکاتەوە، ئەو خۆ بەستنەوە توندە بە سەربەستی زات وای کردووە زۆرکەس وای لێك بدەنەوە کە جۆیس نووسەرێکی وجودی و تاك ڕەو پەرست بێ.. گەر واشبێ.. ئەوەیان نەتۆمەتەو نە لە گەورەیی ئەو نووسەرە کەم دەکاتەوە. جۆیس یەکێك بووە لەو نووسەرانەی هیچ دیوارێکی وا ئەستووری لە نێوان (زات و مەوزوعدا) نەدەبینی، چونکە ئەگەر بمانەوێ لە جیهانی دەرەوە بگەین دەبێ لە خۆمانەوە دەست پێبکەین و لەخۆمان تێبگەین.. هەموو بیرۆکەی ئەم رۆمانەش گەڕانی هونەرمەندێکە بەدوای سەربەستی و پێناسەی خۆیدا، دەشزانی خۆدۆزینەوەکەش دەبێ بە کلیلی هەموو ئەو دەرگایانەی کە بەسەر دونیادا دەکرێنەوە.

# ترس لة داهيَنان

**دیاردەی بەخاڵەت و ناکۆکی و رقەبەرایەتی وەك دەرەنجامی بەیەکداچوونی کۆمەڵێ حاڵەت و باری دژوار، لە نێوان نووسەران و هونەرمەندان، شتێکە ئاشکرا.. کەس ناتوانێ نکولی لێ بکا، ئەگەر چاوێك بە لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەو کتێبەکاندا بخشێنین، یان ئەو مشت و مڕەی لەسەر مێزی چایخانەو لە مەیخانەو یا لە کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبی‌یەکان دا دەیبیستین: هەرهەموو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەدیبان و هونەرمەندان لەبری خامە شیرو تیر هەڵدەگرن، لەبری ماچ و ستایشی راستگۆیانە، یان رەخنەی نیازپاکانە جنێویان پێیە، لەبری گوڵ دڕك لە یاخە دەدەن... دەپرسین ئاخۆ بۆ ناتوانین بە هێمنی بیربکەینەوەو بدوێین و بە هێمنی بەرپەرچی بیرو بۆچوونی یەکدی بدەینەوە..؟ گەر زاتی ئەوە بکەین پرسیاری لەوە زەقتر بکەین و بڵێین ئایا ئەو رقەبەرایەتی‌یە لە چ ئاستێکدایەو بۆ هەیە؟ ئایا هۆیەکانی زاتین یا مەوزعین..؟ ئاخۆ ئەو نوسەرانەی دوژمنایەتی یەکتری دەکەن تا دەگاتە ئەوەی قسەو قسەلۆك بۆ یەکتری هەڵدەبەستن و بگرە جاروباریش لە کۆڵانە تەنگەبەرو سەرمێزەکاندا دەستەویەخەی یەکتر بن.. ئایا ئەوانە هیچ چەکێکی دیکەیان شك نەبرد لەوە زیاتر؟ ئەگەر ئەم جۆرە رەفتارە لەنیو هەرزەکارانی دونیای ئەدەبدا روویدایە ئەوە هەر قەیدی ناکا، بەڵام ئەگەر لەنێوان مامۆستاو ئاغایانی ئەدەب قەوما مەسەلەکە رامان و هەڵوەستەیەکی گەرەکە، خۆ هەندێك**

لەو زاتانە بە قەڵەم لەگەڵ یەك دەدوێن. ئەلهەقی نووسینەکە بە سەرەتاو کۆتاییە.. بەڵام سەد خۆزگەت بە تیغەکە.. کورد واتەنی-(( خۆ هیچ نەبێ جێی چەقۆیان ساڕێژ دەبێ)) مەسەلەکە چەند لایەنێك دەگرێتەوە هەمووشی وەك چەند رووبارێك دەرژێتە نێو زەریایەك, هەربەتەنها ئێمەی کورد گیرۆدەی ئەم حاڵەتە نین. بەڵکو کەم تازۆر میللەتانی دیکەش شەڕە دەنوکی خۆیان هەبووەو ئێستاش هەر هەیە وەلێ ناشارستانی ((زراعی))یانە کەوتۆتەوە .. ئەگەر لە هەرکامیان بپرسن ((کاکە ئەوە تۆ بۆ ئەو قیامەتەت ناوەتەوە ؟)) وەلامی ناوێ.. دیارە کەخەمی داهێنانو بەرگری کردن ئێی.. خۆ گیڤ کردنەوە لەسەر هەق شتێکی ڕەوایە.. مەسەلەکەش وای لێ هاتووە پیاو نەوێرێ بچێتە ئەوشوێنانەی ئەدیبێکی لێیە.. راستی ((جسریجوی)) بۆ رۆژێکی وەك ئیمرۆچاکە, هەقی ((زکریاثامر)) بووە کە وتویەتی ((من کە بەنێو ئەدیبان دا رێ دەکەم وا هەست دەکەم بەنێو ((کێڵگەی ئەڵغام)) دا تێدەپەڕم.. من بۆخۆم بیرم لەم ناکۆکییە کردەوە.. زۆرم هێناو بردو لێکم دایەوەو تەتەڵەم کرد, گەیشتمە ئەو قەناعەتەی بڵێم مەسەلەکە پەیوەندی بە (خەمی داهینانە))ەوە نییە. بەڵکو پتر ((ترس لەداهێنانە)).

ترس لەداهێنان لەگەڵ خۆ خۆشویستنێکی لە رادەبەدەر.. تا دەگاتە ئەوەی ئەو دومەڵی خودپەرستییە ئەوەندە بئاوسێ کە بەری هەردوو چاو بگرێو جگە لەخۆت کەسی تر نەبینیت, کەسێك بەمانای هەرکەسێك هەنگاوێك پیش تۆکەوت, کەمییە بۆ تۆ تازوەو بۆت دەکرێ پاش قولێکی لێ بگرە لە پەوڕوو بکەوێ هەلنەستێتەوە بەلێ.. هەندێ لە ئەدیبو هونەرمەندان وا تێگەیشتوون کە ((ئەدەبو هونەر)) تەختی شاهانەیەو دەشێ هەر بۆ بنەماڵەی ئەوان بێ, عەقڵە سەلەفییەکان باوەریان بەوە نییە لە دوای خۆیان کەسێك هەبێو زاتی ئەوە بکاو بڵێ ((خاڵۆ.. تۆ وەختت بەسەرچوو ..)) بەڵکو ئەوەندە سوورن لەسەر مانەوە کە وای لێ هاتووە بەنینۆكو دان بەرگری لەو تەختە ڕزیوە بکەن کەبێ ئەوەی بەوە بزانن کەئەمان -((لەسەر هیچ عەرشێك دانەنیشتوون.. بەڵکو لەسەر پاشەڵی سڕبووی خۆیان دانیشتوون)) و هەندێك لەوانە

وەختێكی زۆری خۆیان بەوە بەسەر دەبەن چۆن بەرامبەرەكەی بڕوخێنێ, بەتایبەتی گەر ئەو بەرامبەرە داهێنەر بێ: پیلان و كودەتاو .. خۆ خواردنەوەیەكی زۆر بێ ئەوەی ئاگای لەوەبێ گەر بیەوێ ((بەهەمان ئەو كاتەی بۆ روخاندنی بەرامبەرەكەی تێدەكۆشێ: دەتوانێ بەو وەختەجوانە خۆی بنیات بنێ)) دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی مەسەلەكەو دەلێم بەشێك لەو ناكۆكیيە ترسە لەجێ لەق بوونیخۆیان, هەڵبەتە نووسەرێكی ناهوشیارو بەستەزمان لە داهێنەرێك دەترسێ. بەلام دەبێ ئەو كەسە بزانێت كە داهێنەری مەزنتر ئەو زاتەیە كە بتوانێ ئازایانەو مەردانە قبووڵی داهێنانی بەرامبەرەكەی بكا.. نەك لێی بترسێ..!

بۆ ئەوەی لە داهێنانی كەس نەترسی تەنها دوو رێگەت لەبەر دەمدایە: یا ئەوەتا دەبێ خۆت داهێنەر بیت یان ئەوەتا ئەوەندە هۆشیارو لێزان و كارامە بیت كە لە مانای داهێنان تێ بگەیت و بشزانێ ئەو هۆیانە چین كەدەبنە بەردی بناغەی داهێنان, كە دەڵێین هۆشیارو لێزان مەرج نیيە ئەو زاتە هوشیارە لە بواری هونەرو ئەدەبدا كارساز بێ. سەرچاوەكانی داهێنان و هۆشیاریش فرەلایەنەو دەروێش و عاشقی گەورەی گەرەكە، بەڵی بەداخەوە.. لەنێوەندی ئەدەبی ئەمڕۆماندا بە چاوی ((موڵكایەتی تاكەكەس)) سەیری سامانی ئەدەبی دەكرێ.. بۆیە چاومان بریوەتە یەكدی.. هەرچۆن بازرگان و قۆنتەراتچیيەكان بە دزیەوە سەیری ((حیسابی جاری و تەوفیری)) یەكتری دەكەن: ئێمەش ئاوا هەندێكمان خەرمانی خۆی و ئەدیبێك بە ژمارەی كتێبەكان بەراورد دەكا بێ ئەوەی بیر لەوە بكەینەوە كە ئەگەر پارەو دراو بۆ بەرژەوەندی تاكە كەسێك بێ.. ئەوەسامانی ئەدەبی موڵكی هەموو خەڵكێكە, خۆئەگەربەهای (( دۆلار)) هەمیشە لە بەرزی و نزمیدابێ.. ئەوە بەهای ئەدەبی رەسەن و راستە قینە هەمیشە لە برەودایەو تا زەمەن بڕوا گرانبەهاتریش دەبێ .. بەلام هەزار حەیف و موخابن..!!

# كۆتاییيە كراوەكان

چیرۆكنووس لەدونیادا ئێجگار زۆرن, بەتایبەتی لەم سەردەمەدا كە هەموو رۆژنامەو گۆڤارێك داوای كورتەچیرۆك لەنووسەران دەكەن, بەڵام ئەوانەی لەم بوارەدا گرەویان بردۆتەوە زۆركەمن, لە هەموو فەرەنسای سەدەی نۆزدەمدا ((گی.دی. مۆباسان)), گەیشتە لای ئێمە, لە ئەمریكا ((ئۆ. هێنری)) و ((ئیدگار .ئالان.پۆ)), لە ئینگلتەرە زۆربەی رۆماننووسەكان چیرۆكیان نووسیوە بەڵام لە ڕێگەی ئەم هونەرە ناسكەوە نەمان ناسیون, ئەوەتا لە رووسیا بەتەنها ((چیخۆف)) وەك سوارچاكی ئەم مەیدانە سەرسامی كردووین, كەواتە كورتە چیرۆك هونەرێكی ئەوەندە سادە نیيە, هەر كەسەو بیەوێ حاڵەتێك یان رووداوێك بگێڕێتەوە, یان سكێچی كارەكتەرێكمان بۆ بكێشێ نابێ بە چیرۆكنووس, كورتە چیرۆك بەشیعری لیركی ((غنائی)) ومۆسیقا بەراوردكراوە, زۆر رۆماننوسی گەورە لە بواری كورتە چیرۆكدا سەرنەكەوتوون, هەروەك چۆن زۆر چیرۆكنووسی بلیمەتیش لە نووسینی رۆماندا شكستیان هێناوە.. نموونەشمان زۆرە. دیارە شتێكی سەیر نیيە ساڵ لەدوای ساڵ لەسەر هونەری چیخۆف كتیبی تازە دەربچێو هەندێ دوورگەی تازە لەنێو زەریای هونەری ئەم زاتەدا بدۆزرێنەوە .

((كۆتاییيەكراوەكان)) یەكێكە لەو كتێبانەی لەهونەری چیخۆف دەدوێ.

ئەوەی لەم کتێبەدا وەدیار دەکەوێ ئەوەیە نووسەرەکەی ((شاکر النابلسی)) دەیسەلمێنێ چیخۆف تاسەرئێسقان بڕوای بە مرۆڤ هەبووە, مرۆڤ بەهەموو چاکەو خراپەیەکەوە, لە ڕێچگەی چیرۆکەکانیدا پیرۆزی بەخشیوە بەمرۆڤ نەك لەو حاڵەتەی کەچاکەی لێ دەوەشێتەوە, بەڵکو مرۆڤ لەکاتیخەراپەکاریدا, مرۆڤ کە دەترسێو دەبەزێ, کە هەرەس دێنێو دەرووخێ. چیخۆف وەك نووسەرێك خۆی مرۆڤێکی خاکیو سادە بووە ئەو مرۆڤەی کە رقو کینەی نەزانیوە بۆیە لەچیرۆکەکانیدا هەست ناکەی بەوەی کە پاڵەوانەکانی رادەبوێرێ, هەتا گەر مەزاقیشیان پێ بکا, مەزاق کردن بە پاڵەوانەکانی بۆ ئەوە نەبووە کە خوێنەر گەلۆرانە پی بکەنێو پاڵەوانەکەی خۆی سووك بکا, بەڵکو مەبەستی پەردە هەڵماڵین بووە لە کۆمەڵێ عەیبو کەموکوڕی کۆمەلایەتی خوێنەر قەت هەست ناکا چیخۆف ڕقی لێیانە هەتا گەر شەڕخوازیش بن, نوسەرێکە هەمیشە بێلایەنە لەوەی وەك دادوەرێ حوکم بەسەر پاڵەوانەکانی خۆیدا بدا.. تەنهائەوەیە دەستت دەگرێو پێت دەڵێ ((ئەوەتا شەڕو مەینەتی لێرەدایە)). لە روانگەی نووسەردا چیخۆف یەکێکە لە نووسەرانی چینی مام ناوەندی بە بەڵگەی ئەو هەموو کۆسپو تەگەرەیە لە کۆمەڵگای رووسیای ئەو سەردەمەدا رێیان پێ گرتووە, ئەشکەنجەی سەردەمیمنداڵیو جحێڵی, کە هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە کەوتۆتە هیلاکیو نان پەیدا کردن.. سەرباری زوڵمی باوکی خۆیو هەموو باوکەکانی کۆمەڵگای ((پاتریارکی )) دەبوایە بۆخۆیو خێزانەکەی نان پەیدا بکاو لەسەر خوێندنیش بەردەوام بێ, ئەوەتا لەنامەیەکدا نووسیویەتی ((لەدایك بوومو گەورەبوومو فێربووم .. دەستم کرد بەنووسین, لە بارو زروفێکدا کە تا رادەیەکی زۆر پارە هەموو شتیك بووە.. ئەو بارو زروفە خراپ کاریان تێ کردووم.,, کەچی چیخۆف سەبارەت بەم حاڵە لای پێچەوانە دەکەوێتەوە, تا عومر دەڕوا ئەم پتر رقی لەماڵو سامان دەبێتەوە هەرچەندە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی پێویستی پێ بووە. چیخۆف لەگەڵ مۆپاسان دا توانیویانە ببنە دوو قوتابخانەی گەورەی هونەری چیرۆکنووسین, زۆربەی جار کە

ئامۆژگاری چیرۆکنووسێکی گەنج دەکرێ کە حەز دەکا بنووسێ پێی دەوترێ ((چیخۆف و مۆباسان بخوێنەوە)). دیارە چیخۆف یەکێکە لەو وێستگە هەرە پێویستانەی کە دەبێ لای هەموو چیرۆکنووسێك بایەخی خۆی هەبێ بەتایبەتی کە چیخۆف توانیویەتی تیکەڵی‌یەکی سەیر لە نێوان ریالیزم و رۆمانسیەتدا بسازێنێ, چیخۆف لەچیرۆکەکانی‌دا شاعیرێکی گەورەیە, دوور لە زبانی هەواڵ و حەکایەتی رووت و راپۆرتنووسین و چیرە درێژی بێ تام و بۆ, هەتا لەدیالۆگی کارەکتەرەکاندا هەست بە هەمان شاعیریەت دەکەی, ئەوەش بۆ چیخۆف سەیر نی‌یە کە خۆی شانۆ نووسێکی دەست رەنگین بووە. زۆربەی پاڵەوانەکانی چیخۆف بازنەیی بوون (round) بەواتا هەمەولایەنێك و گۆشە تاریکەکانی ئەو کارەکتەرە دەخاتە بەرچاو.. هەموو بیرو بۆچوون و حاڵەتێکی ناوەوەی, کێشەو ململانێ و خودی خۆیی و کۆمەڵ بەجووتە, لەنێو ئاخنی چیرۆکەکانیدا ماناو مەبەستی بەرتەسك و خنکاو نی‌یە.. بەڵکو تا خەیاڵ بڕبکا مەودا بۆ تێڕامان و خووردبوونەوە هەیە. هەر چەندە نووسەر لەو بڕوایەدایە کە چیخۆف ناچێتە نێو نووسەرانی سەر بە قوتابخانەی ((ریالیزمی سایکۆلۆژی )) بە بەڵگەی ئەوەی کە ((مۆنۆلۆژ)ی کەمە سەبارەت بەم رایەی نووسەر پێچەوانە کەوتۆتەوە لەگەڵ هەموو ئەو ڕاوبۆچونانەی رەخنە گرو خوێندەواران کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە چیخۆف بە یەکێك لە نووسەرانی سەر بە قوتابخانەی سایکۆلۆژی گەرەکە حیسابی بۆ بکرێ, بەڵگەیەکی دیکەی نووسەر ئەوەیە کە کورتە چیرۆك مەودای ئەوەی تیا نی‌یە ((تەوژمی هۆشی تیا بخرێتەکار چونکێ ئەم هونەرە بە تەنها لەنێو ئاخنی رۆمان و چیرۆکی درێژ سەقامگیر دەبێ, ئەوەندەی من تێگەیشتبێتم کورتە چیرۆك کە بەپاڵەوانی تاکرەو باوەو واش رێك دەکەوێ کە بەڕاناوی کەسی یەکەمی قسەکەر بدوێ, بۆیە زۆر چاك بواری ((تەوژمی یان شەپۆلی هۆش–stream of consiousness)) دەداو هیچ خەوشێك لەوەدا نابینم, بەڵکو دەکرێ بڵێی چیخۆف پێشەنگی چیرۆکی نەفسی‌یە. لە لایەکی دیکەوە نووسەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە چیخۆف خاوەنی هیچ قوتابخانەیەکی فەلسەفی نەبووە, خۆ ئەگەر بڕوای بە

فەلسەفەیەکیش هەبووبێ ئەوە لەنێو منداڵانی هەر وشەیەك و ڕستەیەکی چیرۆکەکانیدا هەبووە, هەموو فەلسەفەکەشی لەوەدا کۆبووەتەوە کە حەقیقەتێکی تازە بخاتە ڕوو, ئەوەی لە چیخۆفیش زانراوە کەسەر بەهیچ ڕێبازێکی سیاسی دیاری کراو نەبووە.. ئەم وەك نووسەرێك هەموو دەستەڵاتێکی ئایدۆلۆژی رەت کردۆتەوە, مرۆڤی لە دەرەوەی هەموو بازنەیەکی داخراوی ئایدۆلۆژی بینیوە, چونکێ بە قەناعەتی چیخۆف سیاسەت سەربەخۆیی رۆحی هونەرمەند دەکوژێ و هەقی دەخوا, ئەم ژیانی بە چڕوپڕی بینیوە نەك لە گۆشەنیگای پارتێکەوە ... دەبا چیخۆف دەرسیکی بەکەڵکی خولق و هەوای هونەرمەند بێ .. ئەو هونەرمەندەی کە باوەش بە هەموو ژیاندا دەکات بەجوانیو ناشیرینیەوە.. ئەو هونەرمەندەی کە هونەرەکەی ناکا بە قوربانی تاکە ئایدۆلۆژیایەك چونکێ ژیان بەردەوامە.. کەچی ئایدۆلۆژیا لێرەو لەوێ .. لە سەردەمی جیاجیادا هەناسە سواری تێ دەکەوێ.

# ئاسانء طران

**هەر بابەتێك کەهونەرمەندێك یان نووسەرێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکا ئاستی سەرکەوتن و سەرنەکتنی وەدیار دەخات, کەواتە مەرجی سەرەکی لەداهێناندا ئەوەیە کەتۆ بەچ پێوانەیەك بابەتەکەی خۆت هەڵبژێریت , وەك هونەرمەندێك سانا ترین یان گرانترین بابەت کامەیانە, وەك چیرۆکنووسێك کێ دەکەی بەپاڵەوان : خۆت یا دراوسێیەکەت..؟ یان خەلقەندەیەکی نێو ئەفسانەکان ,رەنگە هونەر مەندێك بتوانێ تابلۆیەك بنەخشێنێ کەسیش تێی نەگاو لەدوا جاردا ناوی بنێ((خەونەکانم)) واتە بێ مانایی تابلۆکەی بەخەونە بێسەرو بەرەکەی بشوبهێنێ, یان دەتوانێ رەسمی دەعبایەك بکاو ناوی بنێ دێو ,یان باڵندەیەکی ناجۆرو سەیر ناو بنێ قەقنەس,یان زەلامێکی ناشیرین و دەمامکدار کەهەشت دەستی هەبێ و ناوی بنێ شەیتان.. ئەوەیان گەلێ ساناترە.. چونکێ نەکەس دێوی دیوە , نەقەقنەس و نەشەیتان , دەتوانێ دەمی خەڵکیداخات ,بەڵام لەوە گرانترئەوەیە کەرەسمی بولبولێك بکا, ئەسپێك .. یان چرایەك.. گرانیەکەی لەوەدایە کەهەموو کەس بولبول و ئەسپ و چرای دیوە , بچوکترین هەڵە زەق وەدیار دەکەوێ. چیرۆکنووسێك یان رۆماننوسیك سەر ناکەوێ هەر لەبەر ئەوەی توانیویەتی باسی خۆی بکا یان برادەرێکی یان گەڕەکێکی خۆیان، سەرناکەوێ هەر لەبەر ئەوەی توانیویەتی رووداوەکانی شەڕی بەردەرکی سەرا بگێڕێتەوە, یان لەشۆڕشی شێخ مەحمود بدوێ. ئەو بابەتانەی دەکەونەوە نێو بازنەی ژیانی رۆژانەو یان مێژووی**

میللەت لای هەموو کەس ئاشکراو ڕوونەو دواجار ئەگەر ئەو نووسەرە وەك هونەرمەندێکی دەست رەنگینو وەستایانە مامەلە لەگەڵ ئەو بابەتەئاسانە نەکا ئەوا بێ گومان بە لەوەی کەمەرگی خۆی دەنووسێتەوە , لەکەسێك وایە ئەگەر خۆی کرد بەپاڵەوانی چیرۆکێك یان شانۆگەریەك ئەوە گرەو دەباتەوە , بەڵام ئەو بۆچوونە بەپێچەوانەوە دەکەوێتەوە لەبەر دوو هۆ:یەکەمیان ئەو کەسانە زۆرکەمن کە بتوانن سەبارەت بەخۆیانو نهێنیو حەقیقەتەکانی ناوەوە بدرکێنن .. دووەمیان :لەبەر ئەوەی سەبارەت بەخۆی هەموو شتێکی لائاشکراو ڕوونەبۆیە دەکەوێتەوە نێو بازنەی یاداشت یان مێژوویەکی ساردو سڕ..ئەگەر وەك ((هیگل)) لەهونەر بڕوانین دەبێ بڵێین هونەر ئەوەیە کەدونیای دەرەوە لات زیندوو تر بێتەوە .. رۆح بکەیتەوە بەریشتە زۆر سادەو مردووەکان کە تیایدا هونەرمەندو نووسەر بتوانن خۆیان لەشتەکانی دەوروبەر بەرهەم بێننەوە تا ئەو ئاستەی کە مرۆڤ سەر لەنوێ شاکارە هونەریو ئەدەبییەکانی خۆی بناسێتەوەو بدۆزێتەوە )) ئەم رازەی درکاندم لەوەوە خولقا کە هەست دەکەین دوای راپەڕین و لەنێو کەشو هەوایەکی سەر بەخۆداهەموو بابەتو ڕووداوەکان ببن بەکەرەستەی داهێنەران: هەر لەکوشتنو بڕین, کارەساتی هەڵەبجە, راپەڕینو تەقینەوە , برسیەتیو ماڵ وێرانی, راگوێزانوکوڕەو..بەڵام مەترسی لەوە دایە هونەرمەندانو نووسەران وا تێبگەن کەئەمانە بابەتی ئاسانن وهەموو کەسێك بۆی هەیە هەرگۆشەیەکییان حاڵەتێکی لەبەر گێکی هونەری دا داڕێژێتەوە , بەڵام نووسەرو هونەر مەندی راستەقینە ئەوانەن کەدەزانن زانینیهەموو وردو درشتێك سەبارەت بەهەرەس و کارەساتو ڕەوکردن مەرج نییە ببنە داهێنان گەرسەر لەنوێ رۆحیان بەبەردا نەکرێتەوە .. کەواتە دەگەینە ئەو هاوکێشەیەی بڵێین نزیکترینو ئاشناترین بابەت رەنگە گرانتر بکەوێتەوە و گرانەکەش ئاسان.. بەڵام پیاوی داهێنەر پێوانەی بۆ خولقاندن لەم دوو ڕوانینە سادەیە گەورەترە چونکە لای ئەو شتێك نییە مەحاڵ بێ.

992/2/8

سلێمانی

# دوورة ثةريَزى

هیچ کەسێك بەقەد هونەرمەندو ئەدیب پیویستی بەوە نىيە کەتێکەڵ بەدونیا بێ, تێکەڵبوون بەهەموو ئاستەکانىیەوە, بەهەردوو دیودا: هەم رۆحىو هەم ماددی , وەلێ دوو ئەوەندەش پێوستىبەدوورەپەرێزی هەیە , چونکە ئەرکی هونەرمەندو ئەدیب وا دەخوازێ لەخەڵوەتگای خۆیدا سەر مەشقی خوردبونەوەو رامان بێ.. ئەوە جگە لەوەی کەکردەی داهێنان خۆی لەخۆیدا پێویستی بەتەنیایی هەیە , ئەو نووسەرەی لەژوورێکدا خۆی مەڵاس داوەو تۆ بەتەنیای تێدەگەی .. دەستخەرۆمەبە .. ئەم دونیای لە ژوورەکەیدا کۆکردۆتەوە , نووسەران‌و پێغەمبەران هەردوولا هەمان رەوت‌و رێڕەویان هەبووە, سەرەتا تێکەڵبوونێکی خەست‌و خۆڵ, پاشان کشانەوە بۆ نێو ئەشکەوتی رۆح‌و خوردبونەوە لەوهەموو ئەزموونە ڕەنگاو ڕەنگانەی دیویانە ,ئەوەتا((مارسیل برۆست)) دەچێتەوە ژوورێك کەدیوارەکانی فلین بەنددەکاو بەرووی هەموو دەنگێکی دەرەوەدا دایدەخات چونکێ دەنگەکانی ناوەوەی دەنگدانەوەی هەموو ئەو دەنگانە بوون کەلە دەرەوەو لەمناڵىیەوە بەرگوێی کەوتبوون , جابۆیە ڕۆمانی "گەڕان بەدوای زەمەنی بەسەرچوودا" "دەنوسێ (جێمس جۆیس) (( دەبلن جێ دێڵێو دەیەها شاری دیکە دەگەڕێودەپشکنێ, بەدوور لەخاك‌و مەفتەنی خۆی ژیان دەگوزەرێنێ, بەڵام جوگرافیای رۆمانەکانی هەر (دەبلن)ە , ئەم قەت دەبلنی جێ نەهێشتووە , بەڵکو لەزۆریخ‌و تریست‌و رۆما-ش دا دەبلن لەنێو دڵ‌و کاسەی سەری دا جێگیرە, زۆرن ئەو هونەمەندو نووسەرانەی کەفڕێ درانە نێو تاریکی زیندانەکانەوە

,وەلێ ئازادتر بوون لەیاساولێو پۆلیسەکان, تاکە کەسێك کە((کات و شوێن)) ناتوانن بیخنکێنن نووسەرە, چ لەژیان و چ لەمەرگیدا ,نووسەر تاکە ئادەمیزادێکە کە سنوورو تخووبی ولاتان دەبڕێ, بەنێو هەموو چاخ و سەردەمەکاندا سەربەستانە دێت و دەچێ , نووسەر تاکە مرۆڤێکە لەزۆر شوێنی قەڵەباڵغدا هەست بەتەنیایی دەکاو لەزۆر شوێنی چۆڵیشدا مێشکی لەقەیسەریەکان و قاڕی بازاڕ جەنجاڵترە,خاوەنی سیحرو هێزێکی ئەو تۆیە کەهەموو دەم دەتوانێ خۆی لەت بکاو ببێ بەدوو کەس و بکەونە ململانێ, هەندێکیان ئەوەندەبەختەوەرن دەتوانن خۆیان بەدە لەت و پارچە بکەن.. دە زەلام هیچیان لەوی دیکەیان نەچێ,((دۆستۆیڤسکی))یەکێ بوو لەو زاتانە, بێجگە لەنووسەری راستەقینە هەموو کەسێك سوالێ پەیوەندی درۆزنانە دەکات,بۆیە گەر بەوردی مێژووی ئەدەب بخوێنیتەوە دەبینی نووسەران لەنێو گۆرەپانی ژیاندا دەرکراون یان جیاجیا خراونەتە بەردەمی دادگا: گۆستاف فلۆبیرو جێمس جۆیس و دی. ئیچ. لۆرانس و ئۆسکاروایلدو بۆریس باسترناك و زاخاروف.... هتد. نووسەر سەبازێك نیە تا بەئەدەبەوە بوەستێو ڕیز تێك نەدا, بالەگەڵ هەموانیش تێکەڵ بێت.. تێکەڵبوونی ئەدیب بۆ توانەوە نیەلەگەڵ رەنگە درێوو ناشیرینەکانی کۆمەڵ , قەتیش ئەوەندە گوێرایەڵو تەبا نابێ, بەڵکو زۆر زیرەکانە ناکۆکە لەگەڵ دونیای دەرەوە , بەڵکو ئەو نووسەرەی ئازاو زیندووبێ لەگەڵ خودی خۆیشی ناکۆکە, هەر ئەو جۆرە نووسەرەش کە لە هیچ ئەزموونێکی تازە ناترسێ بەلام لەهەموو حالەتێکدادوای ئەو تێکەڵبوونە کەپڕ بوو دەکشێتەوە , دەچێتەوە خەڵوەتگای خۆی ,تاووتوێی ئەزموونەئادەمیەکان دەکاو پاشان بەهێزو گوڕێکی تازە دێتەوە ناو کۆمەڵگا,بەچەکێکی تازەوە ,نووسەر هەمیشە لەکشانەوەو هێرش بردن دایە, نابێ کەسیش واتێ بگاکەبەهاو رەمزە کۆمەلایەتیەکان لای نووسەر هیچ بایەخێکیان نیە, بەلام ئەوەیە نووسەری نەترس و راستگۆوعەگیدلەدیدەگای خۆیەوە سەیری دەورو بەر دەکا. زێدە رۆیی نیە گەر بڵێین نووسەر ئەو پاڵەوانە بێ ناوەیرۆمانی ((دۆزەخ))ی ((هێنری باربۆس))ە کەلە کونی دیوارێکەوە دەڕوانێتە هەموو رەنگەجۆر بەجۆرەکانی مەرگ وژیان, جوانیو ناشیرینی, خۆشەویستیو ڕق,خۆی تەنیایەو کەچی سیخوڕێکی جوامێرەو نهێنیەکانی شارێك وا لەهەگبەکەیدا, کەهەڵڕشت

کەم خوێنەر دەوێری سەیریان بکا ,کەقسەی کرد زۆر بەعەزابەوە گوێی لێ دەگرن , ئەم هەموو ئەو دەمامکانە لادەدا کە کۆمەڵگاکە خستویەتیەیە سەر ڕووخساری تاکەکانی ئەو کۆمەڵە , هەر بۆیە دەیەوێ خۆی لە سووکە شەڕان وەلا داو بشارێتەوە دوورە پەرێز دەوەستی, یان ئەوەتا زەحمەتە لەدیوەخانەی پیاوە ماقوڵەکان کورسی‌یەکی‌بەتاڵی دەست بکەوێ, ئەو ئیبراهیمەیە کەبتەکانی باوو باپیرانم دەشکێنی, لەهەموو سەردەمێکدا تەبابون ئاسانە ,تەبا بوون لەگەڵ بیرو بۆچوونی باوی سەردەم, هەمیشە ناتەبایی سەر ئیشەو ئەشکەنجەو شار بەدەربوونە,کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەش بەحوکمی‌سیستمی پاتریارکی-باوك سالاری- هەمیشە بەدوای تەبابووندا دەگەڕێ, ناتەبایش لادانە لەڕێو ڕەسمی پیرۆزی باوك‌وسزای توندی دەهەق ڕەوایە ,بەهەر حاڵ ,لەو هەموو سیستەمە رامیاری‌و کۆمەڵایەتیانەی تائیستا وەدی هاتوون هیچ کامیان بارتەقای خەونی ئەدیب‌و هونەرمەند گەورە نەبوون , دواجاریش گەرنووسەر ویستبێتی دونیای ناڕێك بەڕێکتر ببینی لەناڕێکی‌یەکانی نێو دونیا دواوە .. دیارە هیچ سیستمێك لەخۆی ڕانەدیتووە نەترسانە گوێ بۆ دەنگی هەقی نووسەر بگرێ, چاری ناچار بووە, دواجار دوورە پەرێزی هەڵبژاردووە .. چۆتەوە خەڵوەتگای مەعریفەت ,نەك وەك نووچدان‌و بەزین, بەڵکو بۆ تێڕامان و خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشێکی دلێرانە تر, ئەوەتا زۆربەی ئەدیبان‌و هونەرمەندانی دونیا تووڕ هەڵ دەدرێن و دەردەکرێن, یان خۆیان بەخوایشتی‌خۆیان((مەنفا)) هەڵدەبژێرن, سەرەتا دەچنەوە پەراوێز .. بەڵام لەدوا قۆناغدا دێنەوە جەرگەی مەیدان.. مێژووی هەق‌و ڕەوای ئەدەب دەیان هێنێتەوە,ئەوەتا جێمس جۆیس((دەبلن))ی لا دەبێ بەدۆزەخ‌و رووەو پاریس سەر هەڵدەگرێ,رامبۆ لەپاریس رادەکات تاحەبەشە راوەدووی خۆی دەنێ, دەبلیو . ئیچ. ئۆدن. ئینگلتەرە جێ دێڵێ‌و روو لەئەمریکا دەکاو لەسەر دێڕی شیعرێکدا دەڵێ-((ئاخ ئینگلتەرە چەندە رقم لێتە)) تۆلستۆی نەك هەرلەرووسیا.. بەڵکو لەماڵەکەی خۆیشی جێی نابێتەوە , کەزەویەکانی بەسەر جوتیارەکانی‌دا دابەش دەکا ژن‌و منالەکانی بەشێتی دەزانن, بۆریس باسترناك لەگوندێکدا دەست بەسەر دەبێ,هیچ ولاتێك ولهێلم رایش ناگرێتە خۆی تادواجار لەشێتخانەیەکی ئەمریکادا سەر دەنێتەوە, کۆلن ولسن-یش خۆیی‌و کتیبەکانی بەرەو گوندێکی باکوری

لەندەن دەچێ چونکە قەناعەتی وایە بەهەوای پیس نا.. بەڵکو بەبوونی بنیادەم پیس و ژەهراوی بووە ، بەکورتی هونەرو ئەدەب پێویستی‌یەکی زۆریان بەتاکڕەوی هەیە .. لەکاتێکدا بنیادەمی ئەم چەرخە لەناوەوە داگیر کراوەو دیل کراوە ، دەنگ و ڕەنگی تێکەڵ بە دەنگ و ڕەنگەکانی دیکە کراوە ، ئەدیب ئەو کەسەیە دیواری ئەو بەندیخانەی دەرەوە دەبڕێ و دەچێتەوە نێو پەناگای ئەو سەربەستی‌یە ڕۆحی‌یەی خۆی، لەوێوە ئازادانە لەکۆت و بەندی دونیای دەروە دەدوێ، ئاخۆ دەبێ نووسەر لەچی بدوێ ، چ شتێك هەیە لە دەرەوەی ئەو زاتەی خۆی لەنێو بۆتەی رۆحی ئەمدا نەتوابێتەوە ..؟ ئۆقیانووسی ماناکان لە کانی تەقیوی رۆحی خۆتەوە سەرچاوە دەگرێ، خوشکانی برۆنتی (ئانا-شارلۆت-ئەمێلی ) هەرسێکیان نەخۆش و تەنیا لە ماڵە چەپەکەی خۆیاندا نەچوونە دەرەوە کەچی رۆمانی پڕ لەهەراو هوریایان نووسی ،پرۆست لەژوورێکدا گیرسایەوە کەدیوارەکانی فلین بەند بوون ، تۆلستۆی هەر لەسەر کێڵگەکانیدا مایەوە ، تۆماس هاردی لە (وێسیکس) دانەبەزێ و کەچی ئیمڕۆ گەورەترین ژمارەی خوێندەورانی رۆمانەکانی ئینگلیزی دەروێشی ئەون .لە تۆلستۆی‌یان پرسی ئاخۆ (ناتاشا کێیە ؟) لەوەڵامدا ووتی : خۆمم، گۆستاڤ فلۆبیریش لەنامەیەکدادەنووسی((مەدام بۆ ڤاری خۆمم))هەموو ئەدیب و هونەرمەندێك لە تاراو گەدا ((مەنفا)) دا دەژی ، جا چ بەزۆری بێ و چ بەخوایشتی خۆی بێ، ئەدیب بەتەنیاش بێ دونیایەکی پڕو تێرە بۆ خودی خۆی .. هەر خۆیشی سنوورو مەوداکانی ئەو دنیایە دادەڕێژێ.. داهێنەری کات و شوێن و کەسەکانە.. سەرجەمی ئە شتانەش کەدەکەونە نێوان زەوی و ئاسمان.. سەرجەم خەون و خولیاو ختوورەو ئەفسانەکان..!

بەفرانباری/1992

سلێمانی

# دۆن کیشۆت شاعیری دۆڕاو

**رەنگە هەموومان لەسەر ئەوە رێکەوتبین کەرۆمانی ((دۆن کیخۆتە-یان- دۆنکیشۆت))ی رۆماننوسی ئیسپانی (سیرڤانتس -یان -ثربانتس)) بۆتە تەوراتی سەرجەم نووسەرانی دونیا, نەمریی ئەو رۆمانە لەچەند ئاستێکدا خۆی دەبینێتەوە, لەسەر ئاستی میللی رەنگە خوێنەری سادە چێژ لەو هەموو سەرکێشیو کەوتنو هەستانەوەیە وەربگرێ, بەڵام بۆ خوێنەرێك چاك تێفکرێ کێشەی  سەرجەمی رۆمانەکە ململانێی رۆحو جەستەیە:**

**((دۆن)) رۆحی بنیادەمەو ((سنشۆ))ی خزمەتکاریشی لەشیەتی. مێژووی مرۆڤایەتی هەر لەسەرەتاوە دابڕ نەبووە لەچەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ, هەمیشە خەون بەوە بینراوە کەسێك هەبێ لەو زوڵمو ستەمە ڕزگاری کا, کەسێك تەرازووە لاسەنگەکان رێك خاتەوە , کێشەو گرفتو دەردەسەریەکان چارەسەر بکات, پێغەمبەرێك بێو لەو جەهالەتە قورتاری کا, مەسیحێك شەلو کوێرەکان ساغ کاتەوە , کەسێك بێ تۆڵەی ئەوەمان بۆ بکاتەوە کەبەدرێژا یی تەمەن سووکایەتیمان پێ کراوە, پاڵپشتی لێقەوماوو بێ دەرەتانان بێ, تۆقێنەری زاڵمان, هەموو شەڕو شۆڕێكو بەیەکدا چونێك لەگەڵ دوژمنان هەر ئەو سوارچاکە سەرکەوتووبێ.. پشتو پەنای هەژاران بێ.. لەنێو هەموو میللەتێکدا سوارچاکی وا لەنێو حەکایەتو داستانەکانیاندا هەیە کەشەودادێو بە دەمامکێکەوە کوچەو کۆڵانان دەگەڕێو بەهانای برسیو**

قەلەندەرانـــەوە دێو چەوســێنەران ئــەتك دەكــا..خــەیاڵی هــەموو میللــەتێك لــەقۆناغێكی زوودا ئــەم جــۆرە پاڵەوانــەی درووســت كــردووە وەك پارســەنگ دانەوە بۆ ئەو مەینەتییەی كە دووچاری بووە . ئەگەر ئەو سوارچاكە جارێك لەجاران وەك (دۆن كیشۆت) بیدۆڕێنێ گوناهی خۆی نەبووە.. بەڵكو سیحری لــێ كــراوە .. بــەڵام ئەگــەر ســەركەوتوو بوبــێ ئــەوە هێــزی لەئاسمانــەوە .. لەغەیبەوە بۆ هاتووە.

هــەر هــەموومان رۆژێــك لــە رۆژان خــەیاڵمان وەك هــی دۆن كیشــۆت بەفــەڕو بەرەكەت و بەربڵاو بووە.. بووینەتە پاڵەوان .. جامێكمان لەسەر ناوەو كەچی وامان زانیوە كڵاوی ئاسنینە، سواری پیرە كەرێك بووین وامـان زانیـوە ئەسپی كەحێلــە, لەتەویلەیەكـدا لەگــەڵ ئــەو پــیرە كــەرەدا خــەوتووین و وامـان زانیـوە قووللەی سـوار چاكانە, پارچە تەختەیـەك بـووە بەشمشێرو كچێكی شـەرمن و ترسنۆكی لاكۆڵانێك بۆتە شازادەی نێو ئەفسانەكان و بانگی كـردووین رزگـاری كەین لـەو هـەموو كۆت و بەنـدە.. ئەوەتا ((دلثنیاش)) لای((دۆن كیشـۆت)) كـە كچە لادێیـەكی سـەرو قژ ڕشكنە ئێی دەبێ بەشـازادەی ئـەڤین و عـەوداڵی..

پەروانــەی ئاشــەكانی لــێ دەبــێ بــەدێوو درنــج و دوژمنــە سەرســەختەكانی . هــەموو هێــزە دەرەكیــەكان كەكوشــندەو ترســناكن .. هــەموو دەســەڵاتەكانی دەرەوەی زاتی خۆمان كە لەگەڵیاندا دەكەوینــە شــەڕ كت ومت لــە بەگژاچوونی (دۆن كیشـۆت) دەچــێ كەلەگــەڵ پەروانــەی باكـانی ئاشـێكدا كـەوتبووە شــەڕە شمشـێر.. ((روثیناتــە))ش كــەپیرە كــەری ((دۆن كیشـۆتە))ە دەبێ بەدوڵـدوڵ و ئەسپی بوراق. دۆن كیشـۆت بـەر لـەوەی دونیـای لاسـەنگ رێك خاتـەوە بـەڵین بــە((سنتشــۆ–یــان–پنتــا)) دەدا: ئــەو جوتیــارەی گوندەكــەی خۆیــان كــەدەبێ بــەهاوڕێو هــاودەم و هــەڵگری چــەكەكەی دۆن كیشــۆت, بــەڵێنی دەداتــێ كــە دورگەیــەكی پێشــكەش بكــا.. خوێندنەوەیــەكی خەســت و خــۆڵی (دۆن) بــۆ ڕۆمانەكانی سوارچاكی ئەو خەیاڵەی لەلا دەخولقێنێ ئەمیش ئەو سوارچاكانە ئاسا ببێت بەپاڵـەوان.. وای لـەكتێب، كتێب زۆر لـەبیرو بۆچوونی ئێمـە رەنـگ رێژ دەكا, كتێب وادەكات كە خـەونی رەنگاو رەنگ ببینین, لـەڕێی كتێبـەوە

دەتوانین نەخشەیەك بۆ ئەو دونیایەی گەرەكمانە بسازێنین, زۆر فەلسەفەی تازە كتێب بۆمانی دادەرێژێو زۆر فەلسەفەش هەڵدەوەشێنێتەوە.

((باشلار)) بەهەشتو ئاسمان وەك كتێبخانەیەكی گەورە دەبینێ, دەخوازێ هەموو بەیانێیەك كەلەخەو هەڵدەستێ بەسەبەتە كتێبی بۆ داباریێ, هەر بەم پێیە سیحری كتێبەكانی سوارچاكییە ئەو خەیاڵە لەمێشكی دۆن كیشۆتدا دەچێنێ, خەونی ئەوەی ببێت بە سوارچاكێك لە سەردەمێكدا كە ئاسن تیایدا فەرمانڕەوایە: گەرچی ئەم خۆی لەبارووت دەترسێ.. وا تێبگەم ژمارەیەك كە ڕەنگە زۆربێ.. لە ئەدیبانی خۆمان لەساتەوەختی تەمبەڵیدا كە باوێشك دەدەنو كتێبۆكەیەكیان چاپ كردووە خۆ بەو سوارچاكە دەزانن, بەلاّم سوارچاكی مەیدانی ئەدەب.. نەك شەڕو شۆڕو خۆ لەمەیدانی سیاسەتیش دا ئەوەی بەدزییەوە یەكجار بلاّوكراوەیەكی لە لاكۆلاّنێك فڕێ دابێت هەر دۆن كیشۆتە. ئەم ڕۆمانە چ گاڵتەو ڕابواردنێكە بەعەقڵێك كە خۆی نەناسێ, بەرجەستە كردنی ئایدیالو بەها نەگیراوەكانە, دیوی ئایدیالی بوونێكە ((وجود)) كەواقع بە هەموو قورسایی خۆیەوە هەڵی دەتەكێنێ, مرۆڤ ئازادە لەوەی خەون ببینێ، خۆی بەسوارچاك بزانێ.. لەوەی ببێ بەمەسیح یان دۆن كیشۆت.. بەلاّم دەكرێ لە خاچ بدرێ وەك مەسیح, یان لەناوەڕاستی سەفەرەكەیدا پیرەكەرەكەی بتۆپێ وەك دۆن.. ئەو پیرە كەرەی ئەم بە ئەسپی كەحێلی دادەنا, هەموو ئامانجی ئەم ڕۆمانە گاڵتە پێكردنە بەچیرۆكەكانی سوارچاكی سەدەی شانزەی ئیسپانیاو سەردەمو سەدەكانی زووترو دواتر.. سوار چاكی لەخۆ گۆڕاو, واقع نەبین, گاڵتە كردن بەهەموو دەزگاو دەسەلاّتە جۆراو جۆرەكان, پەردە هەڵماڵینە لەسەر پاڵەوانبازیەكی درۆزنانە. سەرەڕای هەموو حاڵەتە پڕ لە شورەییەكانی ژیانی ڕامیاری و كۆمەلاّیەتیو ئەخلاقیو كارگوزاری. دۆن كیشۆن پاڵەوانی سەردەمێكە كە مەودای خەیاڵی تیا نەماوە.. دەكرێ بڵێین ئەم دەبوایە زووتر لەدایك بێ.. هەموو ئەو سوارچاكانەی خەون بەگۆڕینی دنیاوە دەبینن درەنگ لەدایك دەبن.. سەیرێیە كە دەبینین خەونو تەماعەكانی دۆن كیشۆت زۆریشن كەچی

هیچیان, ناگەن بە ئاکام.. خەونەکانی کورت دێنن, لە دواجاردا هەست دەکا زۆر لەوە لاوازترە کە لەگەڵ دونیای دەرەوەدا بجەنگێ, دونیای دەرەوە بەهەموو چەکە کوشندەو شەرانگێزەکانی, هەموو خەونە جوانەکانی دۆن کیشۆت لە بەرانبەر ئەو بێ باکیو مل هوڕیەی هەموو خەڵکی پووچەڵ دەبێتەوە.

((سیرڤانتس)) تاڕادەیەکی زۆر نائاسایی وێنەیەکی رەنگاو رەنگی کێشاوە کە تیایدا رۆحی گاڵتەجاڕی تێکەڵە بەکارەسات, بە دیوێکی دیکەدا ئەو((سوارچاکە ڕووخسار خەماویە)) لە کۆتایدا ئەو دونیا خەیاڵیە ڕەت دەکاتەوە کەتا ئەو حەلە تیایدا دەژیا, ئەوەشیان هیچ ڕەگەزێکی کۆمیدی تیانیە, بەڵکو وەك(بیلینسکی)) وتوویەتی-((جگە لە خەمێکی قووڵو پاك هیچی دیکە لەرۆحمان دا وە ئاگا ناهێنێ)) قەهرو پێکەنین, تراژیدیاو کۆمیدیا)) لە دوا ئاکامیشدا دۆن کیشۆت وەك کارەکتەرێکی کۆمیدیو قۆشمە دەکەوێتەوە, رەنگە هەندێ لەو بەهایانەی دۆن بگەرێتەوە بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی.. وەك سۆزێكو گەرانەوە بۆڕابردوو.. بەلام ڕەنگ رێژ کردنی دۆن کیشۆت بەرۆحی سەردەمی دەرەبەگەکان بەتەنها: بۆچوونێکی ڕاست نیە, لە حەقیقەتدا دۆن بنیادەمێکی تەنیاو پاکە, ڕەنگە سەیرو سەمەرە بێ.. ئەم بەهەموو قەناعەتێکەوە دژ بەهەموو ستەمو جەوری سیستمی دەرەبەگیو بۆرژوازییە، ساحێبی هەستێکی کوشندەی تراژیدیە.. هەستی کەسێکە چاوەڕێی ئایندەو داهاتوویەکی ئاسوودەیە کە هەرگیز نایبینێ, هەرگیز گەورەش نەدەبوو گەر ئەو هەموو کۆسپو تەگەرەیە نەهاتبایەتە ڕێ.

دۆن کیشۆت شاعیر بووە.. چونکە تەنها شاعیر ئەوەندە خەیاڵی بلاوەو لە نەخشەی هەمیشە حازری بەردەمی دونیای تازە دەخوڵقێنێ, بەلام ڕۆحە شەڕانگێزەکانی دەرەوە هەمیشە لە خەونی شاعیرانەی کەسانی دۆن کیشۆت ئاسا بەزەبرو دڕترە, شیعر دەبێ بەو شمشێرە دارینەی دەست دۆن کیشۆت کە لەگەڵ دونیایەك دەجەنگێ رۆح تیایدا گلاو بووە.. دیارە کە شاعیریش هەوڵ دەدا ئەو زمانە پاکەی سەردەمێك بگەرێنێتەوە کە هێشتا بازاڕو

پەیوەندیـە پیسـەکانی ژیـاریو رامیـاریو ئـابووریو کۆمەڵایـەتی نـەیان شێواندووە..

بەڵام دواجار دۆن کیشۆت تێ دەگا تەنیایەو ئەو هەموو ڕۆحە گڵاوە بەو پاك نابنەوە, دۆخی شاعیر تێدەگا لەو مەملەکەتی خەیاڵ و شیعرو سوارچاکیيە بەتەنیایەو ئەم بە زوبانێك دەدوێ لەبازاڕ پوولێك ناهێنێ..

ئاکامیش شاعیری خەیاڵ پاك دەیدۆڕێنێو دونیای دوژمنکار تا قۆناغێکی دوور شەڕەکە دەباتەوە.

سلێمانی/ ڕێبەندانی/1989

---

* ئەم نووسینە نە ڕەخنەیەو نە شیکردنەوە.. رەنگە ڕوانینێکی شاعیرانە بێو.. هیچی تر.

# رةهةندةكانى فةنتازى

**لەژمارە (184)ی ئەم هەفتە نامەیەو لەیەکێ لەهەڵقەکانی (سوورو رەش)ی چیرۆکنووس کاك حەمە عارفو لەژێر ناوی(( هەنگڵە شەلێ) راووبۆچوونێکی ئەوم سەبارەت بەیەکێ لەرەگەزەکانی ئەدەب بەگشتیو رۆمانو چیرۆك بەتایبەتی خوێندەوە کە ئەویشیان ((فەنتازیا))یەو لەڕوانینی کاك حەمەدا(یەکێك لەگیرگرفتە گەورەکانی ئەدەبی کوردی ئەوەیە کەنووسەر پشت بەخەیاڵو فەنتازیا دەبەستێ تا بەئەزموونی راستەوخۆی ژیان.) کەدیارە لەم دەست پێکردنەوە تاکۆتایی بانگی نووسەر دەکا خۆی فڕێ بداتە ناو جەرگەی ژیان, لە قووڵبوونەوە لەخۆمانو دەوروبەرمانەوە زیندوێتی وەدست دێنینو شەقڵی مرۆۋ دۆستیو جیهانگیری وەر دەگرین.**

**لەپاڵ لێدوان لە ((فەنتازیاو خەیاڵ)) هەندێ مەسەلەی لابەلایی دیکەی وروژاندووە کەهەریەکەیان هی ئەوەیە بابەتی هەڵقەیەك بێ, بەڵام سەبارەت بەوەی گیروگرفتی گەورەی ئەدەبی کوردی (بەتایبەتی لەبواری چیرۆکدا) ئەوەبێ کە نووسەر پشت بەخەیاڵو فانتازیا ببەستێ, من دەقاودەق پێچەوانەی ئەوە دەبینم کە گرفتی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی چیرۆك لەوەدایە کەخەیاڵ و فانتازیا تیایدا ونەو لەهەندێ هەوڵی سادەو شەرمنانەی ئەو نووسەرو ئەم نووسەر بترازێ کەسێك زاتی ئەوەی نەکردووە لە((فەزای فەنتازیا)) نزیك بێتەوە ئەزموونی نوسەر گەر بەتەواوی پڕوتێر نەبێ ناتوانێ**

پڕكێشـی بكـاو خـۆی لەقـەرەی فانتازیـا بـدات, بـەپێی خوێندنـەوەی خـۆم بۆچیرۆكی كوردی لـەوە گەیشتووم كە زبانی گواستنەوەی واقیع لەدەرەوەڕا بۆنـاو ئـەدەب سیفەتیسـەرەكی بـووە, شـەقڵی كـۆپی كردنـی ڕاسـتەوخۆ و وەسـفی شـتە دەرەكییـەكانو رەسـم گرتنـی ئەوحاڵەتانـەی كـە هـەمووماندەستی پێ دەكەین بۆتە ئەركی تەمبەڵانـەی چیرۆك نووسان, خاڵی لاوازیش ئەوەبووە لای چیرۆكنووسی كورد ((خـەیاڵو فـەنتازیا)) بوونی نـەبووە, لـەژێر ناوی ڕێبازی ڕیالیزمی شۆسیالیزمی كە بەسـەقەتی هەرسی كردبوو سـەرجەم ئەدەبەكـەی بەشـێواوی لـەدایك بـوو, چیرۆكی كـوردی شـەقی لـەو زبانـە پڕلـە ئەفسـوونو ئەفسانەیییە هەڵدا كە هەندی جار پێویستی دەكرد لـەو ڕۆحـە خـەرافیو ئەفسـانەیییە نزیـك بێتـەوە كـە كـەلتووری كوردی لەسـەر بەنـدە كـە هەموو جار بەپێی مـەنتقی عـەقڵو هـەر پێنج هەستەكە بـەڕێوە ناڕوات, نابێ ئـەوەش لـەبیر بكـرێ كـە زیـرەكترین خوێنـەر مـەیلێكی خۆرسـكی هەیـە بـۆ قەبووڵكردنی ئەو حاڵەتە سەیرو سەمەرانەی كە لە رادەبـەدەر غـەریقی سیحرو خـەیاڵی سەربەسـتە. ئەگـەر یـەك تـۆز لەفـەنتازیا ورد بینـەوە رەهەنـدەكانی شـیبكەینەوە دەگەینـە ئـەو قەناعەتـەی كەئـەدیبی كـورد (چـیرۆكنووس) مەخسووسـەن هـیچ خزمایەتییـەكی لەگـەڵ فـەنتازیادا نییـە, سـادەترین پێناسـەی فـەنتازیا ئەوەیـە خـەیاڵێكی پـڕو بـەربڵاو زێـدە سەربەسـتەو هـەموو سنوورو دیوارو تخوبێكی مەنتیقی دەبڕێ, هەموو ڕۆمانو چیرۆكێكیش ئەگەر بیەوێ خۆی لە قاوغی تەقلیدی ڕزگار بكات دەبێت باوەش بەخەیاڵدا بكات, دەتوانین بڵێین هەر شتێك كە بوترێ یان دەربكەوێ بەمەرجێك بەعورفی مـەنتق سـەیرو سـەمەرەو چاوەڕوان نـەكراو بێ دەچێتە نێـو بازنـەی فانتازیـاوە وەك دەركـەوتنی ((ئـەكاكی ئـەكاكیفیچ)) پاڵـەوانی چیرۆكی ((پـاڵتۆ))ی ((گۆگـۆڵ)) كەدوای مەرگیش واز لـەخاوەن پاڵتۆكانو پیاوە ستەم كارەكان ناهێنـێ, یان دەركـەوتنی بـاوكی (( هاملێت)). وشـەی فـەنتازیا دەگەڕێتـەوە سەرسەرچاوە لاتینییەكەی , ئەوەندە نابێ لەنێو بازاڕی ڕەخنـەی ئەدەبیدا بـەكار دەبردرێ, بـەڵام كـەشو هـەوای فـەنتازی لەچیرۆكو ڕۆمانـدا زۆر لـەپێش زاراوەكەشـدا

**بوونی هەبووە ، ئەدەبی چیرۆکیش بەتەنها خۆی لەو شتانە نزیك ناخاتەوە کەڕوو دەدەن، بەڵکو لەو شتانەی کە دەشێ ڕوو بدەن، هەر لە زوویێکەوە ئەرستۆ باوەڕی هەبووە کە شتە هەرگیز نەبووەکانیش شیاوی خۆیان هەیە.**

**کەواتە فەنتازی لەڕوانگەی ئەو کەسانەوە کەچاوەڕێن واقعو دەوروبەر وەك و خۆی پیشان بدرێ ڕەگەزێکی زیادە کە بەقەناعەتی من چیرۆکی کوردی هەر لەم دیدەوە لە فەنتازیا دوور بووەو چەقی بەستووە، هەندێ لەوانەی بە ڕۆحێکی ماتریالزمیی‌یەوە دەڕواننە کیشەکان (فەنتازیا) بە عەیبێك دەزانن بەوەی کەبازنەی فەنتازیا لەگەڵ خەرافەتو ئەفسانە تێکەڵ دەبێتەوە کە لە حەقیقەتیشدا وانی‌یە، چونکە لەناوەوەی هەر یەکێك لەئێمەدا مناڵێك هەیەو قەت گەورە نەبووەو قەتیش گەورە نابێ، گەر کەسێکیش ئەو مناڵە بکوژێ، ئەو مناڵە سەرسامەی ناوەوە، ئەوە مەحاڵە لە فەنتازیا بگات کەمن دیسانەوە دەڵێم ژمارە زۆرەکەی چیرۆك نووسانی ئێمە ئەو مناڵانەی نێو ناخی خۆیان خنکاندووە، ئەو منداڵەی هێشتا خۆشی بەئەفسانە دێو گوێ لەچیرۆکی جنۆکەو دێوو درنج دەگرێ، تا ڕۆژی ئەمڕۆش ئەفسانە بە گەنجینەیەکی گەورەی زانینو لێوە فێربوون دەژمێردرێ، هەمو چیرۆکە ئەفسانەیی‌یەکان و فانتازیا، تادەگاتە چیرۆکی خەیاڵی زانستی، یەکەم ڕۆمان کە بابەتەکەی سەبارەت بەچوونە سەرمانگ بوو، ئەوسا، بە فانتازیا لەقەڵەم دەدرا، زۆربەی چیرۆکەکانی نێو تەوراتو ئینجیلو قورئان بەشێکن لەفانتازیا، زۆربەی ئایینەکان پشتیان بە فانتازیا ئەستوورە. ڕۆماننووسو چیرۆکنووسەکانی (( ئەمریکای لاتین)) کە بە ریالیزمی سیحری ناوبانگیان دەرکردووە هەر هەموویان لەسەر خوانی فانتازیا دەلەوەڕێن، نموونەی ئاشکرا(( گابریل گارسیا مارکیز، ئەستۆریاس، ئەلیخۆ کاربینتی، بۆرخیس، خوان رولفۆ، جۆرج ئامادۆ، ساباتۆ... هتد)) قەبووڵکردنی فانتازیا واتە گەڕانەوە بەرەو منداڵیەتی مرۆڤایەتی- الطفولە البشریة- بەڵام فانتازیاش چەکێکی دووسەرە، دەکرێ بە تەنها خەیاڵ پڵاوی خۆش بەسەربردنی کات بێ و دەشێ ئامانجێکی فیکری پیرۆزی لە هەگبەدا بێ، ئەوەشیان بەپێی نووسەرەکە**

دەگۆڕێ, جۆری یەکەم بۆ ئەوەیە خوێنەرەکە بۆ تاوێك لەو واقیعە وشكو برینگە بێتە دەرێو بە سەربەستی بە ئاسمانی خەیاڵدا بفڕێ, بەتایبەتی لەو شوێنانەی جیهانی پیشەسازیو ئامێرە مردوەکان هیچ بوارێکیان بۆ خەونی مرۆڤ نەهێشتووەتەوە، ئەو حەقیقەتەی لەئەدەبی چیرۆکدا هەیە هەمان ئەوحەقیقەتە نییە کە لە واقیعدا هەیە, بەوەش هەموو (( غەرابەت))ێك لەگەڵ فانتازیادا یەك دەگرێتەوە, چیرۆکیش خۆی لەخۆیدا گەمەیەکە بەوەی کە وات لێبکات بڕوا بە شتەکان بهێنیت, بەڵام گەمەیەکی درووستو هونەرمەندانەیە, هەر ئەو پاڵەوان و هەڵوێستو ڕووداوە پڕ لە خەیاڵاتە راستییەکی پترمان پێدەبەخشن لەو راپۆرتو بەسەر هاتانەی کە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەرچاو دەکەون.

(گریگۆری سامسا)کەی ((کافکا)) ئەو بەیانییەی لەخەو هەڵدەستێ تا بچێتە فەرمانگەو کەچی ناتوانێ: چونکە خۆی دەبینێ بۆتە قالۆنچە, ئەمەیان ئەوپەڕی فانتازیایە, بەڵام مەغزای ئەم ڕۆمانە بە دەعەجانیو بەئامێربوونی ئادەمیزادە لەکۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییدا. لەچیرۆکی کوردییدا چیرۆکە دریژەکەی ((مەم))ی نەمر– (پایزە–خەون) – بە فەنتازیایەکی گەلێ عەجایب کۆتایی دێ.. من هەموو جوانیو ئەو چیرۆکە لەو کۆتاییە پڕ لە فەنتازیایەدا دەبینمەوە .

فەنتازی یان بڵێین چیرۆکی ناواقیعی لەهەمو تخووبێکی مەنتقی دەپەڕێتەوە تا هەستو نەستمان بەرامبەر بەواقیعی خۆمان قوڵترو پاکتر بکاتەوە, فەنتازی یانێ خولقاندنی جیهانێکی سەیرو عەنتیکە وەك ئەو جیهانەی لەخەونێکدا دەیبینیت, بەڵام بۆ بەیانییەکەی پێکەنینت بەو خەونە دێ, کەچی بۆ ئێوارە گەر بچیتە لای دەروونناسێکی پسپۆر لەوانەیە ڕەمزو هێماکانی نێو خەونەکەت بۆ شیبکاتەوە, چیرۆکیش وایە, بەڵام هەر بەتەنها سازاندنی جیهانێکی سەیرو سەمەرەو ناواقیعی نییە, بەڵکو پڕە لەرەمزو هێماو ئیشارەتو ماناو مەبەست, چیرۆکنووسو فاڵچی (غەیب دۆز) لەنێو بازنەی فانتازیادایەکتری دەگرنەوە بەوەی ئەو شتانەی دەیڵێن گەر بە ڕێکەوتیش بێ

بێنە دی، واتا بقەومێن.. وەلێ گەر نەقەومان دەکرێ بەفاڵچیو غەیب دۆزەکە بڵێی درۆزنو ساختەچی، کەچی سەبارەت بەچیرۆك نووسەکە ناتوانیت هیچ تۆمەتێکی بخەیتە پاڵ. هەر فەنتازیایە ڕێ بەوە دەدا کەمردووەکان دەنێو چیرۆکەکاندا بێنە قسە، خێوێك ڕێت پێ بگرێ، گیان لەبەرو بێ گیانەکان بدوێن، یان جۆرە مرۆڤێك لەمەریخەوە دابەزێتە سەرزەویو بتفڕینی، کەواتە چیرۆکی دێوو درنج تادەگا بەچیرۆكو ڕۆمانی خەیاڵی زانستی دەچنە نێو مەداری فەنتازیاوە، ئەگەر فەنتازیا بەتەنیا ئەوەبوو ختوکەمان بداتو کاتەکەی پێ بکوژین ئەوە هیچ ئامانجێکی نەپێکاوە، بەڵام ئەگەر بەماناو مەغزایەکی فیکریو فەلسەفی تیا بێ ئەوە دەکرێ بڵێی فەنتازیایەکی پڕ لەدەرسو عیبرەتە، خۆ بەستنەوە بەواقیعێکی سڕو ساردو مردوو خیانەتە لەگەڵ ژیانو حەقیقەت، رەسم گرتنەوەی فۆتۆگرافیانەی واقیع وەکو خۆی ئیفلیجیەکە بەلای من ژمارەیەکی زۆر چیرۆك نووسانی کورد گواستنەوەو کۆپی کردنی واقیع و کارەساتو ڕووداوەکان وەکو خۆی تێپەڕی نەکردووە، ئەو چیرۆکانەی باڵیان لە فەنتازیاوە ڕسکاوە دەتگەیەننە ئاسمانی حەقیقەتێکی گەورەتر، کەواتە بە هەستو نەستێکی ئاسایی و لە کارکەوتوو ناگەینە حەقیقەتی فەنتازیا، فەنتازیاش بەقەد عومری مرۆڤ مێژووی دێرینی خۆی هەیەو لای هەموو میللەتانی دونیا هەبووە، کوردیش کە واقیعی رامیاریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی پڕ لەسیحرە دەبوو زۆر لەگەڵ فەنتازیا ئاشنابێت، کەچی من بە پێچەوانەی ئەوە دەبینم، ڕۆمان نووسێکی وەك (گابریل گارسیا مارکیز) کەبۆ ئایندەو دواڕۆژی مرۆڤایەتی خەونی گەیشتن بە ((سۆشیالیزم)) بە مومکین دەزانێ، کەچی بەپێی ئەو واقیعە پڕ لە سیحرو غەرابەتەی کۆڵۆمبیاو وڵاتانی ئەمریکای لاتین تا سەرئێسقان لەناو مەداری فەنتازیا ئیش دەکاو خۆی دەڵێ: گەر کەسێك لەوڵاتی من بژی دەزانێ ئەو واقیعە پڕ لەسیحرییەتەی من چەندە لەواقیعی حاڵی میللەتەکەی خۆمەوە نزیکە، لەولاوە رۆماننوسێکی وەك (جنگیز ئیتماتۆف) دەنێو گەرمەی بانگەشەی ((ریالیزمی سۆشیالیزمی))دا هێدی هێدی گەڕایەوە سەر کەلتووری

((قـەرغیزی)).. ئـەو کـەلتوورەی پـڕ بـوو لەسـیحرو ئەفسـانەو خەرافـەت و فەنتازیا.. بەڵام توانی لەو سەرچاوە بەپیتەی میللەتەکەی خۆی واقیعێکی تر بخولقێنێ و رەمزە میللی یەکانی بەجیهانی بکاو لەو سەرەوە تێکەڵ بەهەموو گۆڕانیـەکانی سـەردەمی خـۆی بکـا, بـێ شـك هەنـدێ لـە رەخنـەگرەکان بـەم بادانەوەیـە سـەغڵەت بـوون و وایـان دەزانـی بـەم تەرحـەوە ئیتمـاتۆف خـۆی لەڕێبازی سۆشیالیزمی دەدزێتەوە, نووسەرەکان هەموو لەوە گەیشتوون کە ڕەهەندەکانی فەنتازیا هەموو میللەتانی دونیا بەیەك دەبەستێتەوە، حەکایەتە خـەیاڵ ئامێزەکـان شـایەتی ئـەم بۆچـوونەن چـونکە هـەر لـە زووێکـەوە مـرۆڤ لەبەرامبـەر دیـاردە سروشـتی یەکان سەرسـام بـووەو سـەدەها پرسـیاری قورسیشـی لـەلا درووسـت بـووە, ویسـتویەتی هـەموو نهێنی یـەکانی دەوروبـەر بـدرکێنێ, هـەر لەڕێگـەی حەکایـەت و ئەفسـانەوە وەڵامـی پرسـیارەکانی خـۆی داوەتەوە کەدەگاتـە ئـەو رادەیـەی مێروولەیـەك لەگـەڵ خوداوەندێك لەیـەك تـای تەرازوودابن.

بەم پێیە دەگەینە ئەو قەناعەتـەی بڵێین فـەنتازیا کـەڵك وەرگرتنـە لەمـەجازو ئەفسانەو خەون و هێماکان, قەتیش لەگەڵ یاساو دەستووری مەنتقێکی دەق گرتـوو یەکـدی ناگرنـەوە, دواجـار بەپێناسـەیەکی زۆر سـادە کۆتـایی بـەم نووسینە دێنم ئەویش ئەوەیە کەفەنتازیا یان فەنتازی واتا(( زێدە ڕۆیـی لـە خەیاڵ دا... تا ئەوپەڕی.))*

بۆ کەڵك وەرگرتن لەپێناسەی (( فەنتازی)) بگەڕێوە سەر (فەرهەنگی زاراوە ئەدەبی یەکان) بە زبانی ئینگلیزی:

(DICTIONARY OF LITERARY TERMS)

# ئۆتريب و ثەراويَزيَك

کـه هـەموو زمانـەکان دەگیرێـن و ئـیتر ناگەنـه ئـەو ئاسـتەی هـیچ دەربـڕن، ئەوکاتـەی هـەموو زمانـەکان ئیفلیج و لاڵ دەبن.. ئا ئەو کاتـه مۆسـیقا هـەموو شتێکی پێ دەکرێ، هەر تەنها خۆیشی زمانی ڕۆحه.. هـەموو لقەکانی دیکـەی هونـەر و ئـەدەبیش قـەرزارباری مۆسـیقان، مۆسـیقا دادپـەروەرترین پادشـایه و بـۆی هەیـه سـەرداری هـەمووان بـێ، تـاك و کـۆ، هـەر ئـەم هونـەرە مەزنەشـه، دەتوانێ بنیادەم له گەندوگوو پاك بکاتەوە، ئەو کەسانەشی که به مۆسیقا پاك نابنەوە تۆ دەتـوانی گومـان لـه ئادەمییەتیی ئەوانـه بکـەی گەلـێ جـۆری گیـاو گوڵ و درەخت و مەل و ئاژەڵ به مۆسیقای دەستکرد یا سروشت ئارام دەبن و دەگەشێنەوە. جا چ جای مرۆڤ..؟ پێوانەی گەشەسەندن و بالآبوونی کەلتووری ڕۆشـنبیری و ئـەخلاقی هـەر میللـەتێکیش پابەنـده بـه مۆسـیقاوە.. جـوانترین پێوانەشـه.. لـه ڕۆمـانی (گەمـەی تۆپـه شوشـەییەکان) ی (هێـرمن هیسـه) دا مامۆسـتاکه مۆسیقا دەکا بـه ڕێبازێك بـۆ گەیشـتنی بـه پیرۆزتـرین و بـالآترین ئامانجی مرۆڤانه.. تا بگەین بەو سەربەستییەی وا لـه ناوەوە.. چونکه تا لـه ناوەوە سەربەست نەبین ناتوانین کۆت و زنجیر و پێوەندەکان بپچڕێنین، تـەنها ئەوسا دەتوانین پاك ببینەوە و بەرەو ڕەها و دونیایەکی بەرکەماڵ بفڕین..

ئـەم پێشـەکییه تـەنها مایـەی سەرسـامی خۆمـه، سەرسـامی ڕۆژی (989/8/17) کـه لـه هـۆڵی (سـەندیکای کرێکـاران) بەرامبـەر چـەند گـەنجێك دانیشـتم و ئـەزموونێکی تـازەی مۆسـیقایان خسـته بـەردەمی جـەماوەر، بـۆ

ماوەی دوو سەعات لەگەڵ رۆحم قسەیان دەکرد.. وەلێ زۆر بەداخەوە.. گەرچی جەماوەرێکی زۆر تینوو بە هونەری مۆسیقا لەوێ بوون.. کەچی من لە لایەنی خۆمەوە هەستم بە جۆرێك لە فەرامۆشی و بێباکی کرد.. چ وەك دەروازە و بوارەکانی راگەیاندن.. هەر لە رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە تا دەگاتە ئامادنەبوونی پسپۆڕانی ئەم هونەرە, هەڵبەتە کارێکی زۆر نەشیاوە ئەو قوتابیییە زیرەکانە ئەزموونێکی تازەی مۆسیقی پێش کەش بە خەڵکی بکەن و کەچی ئەو مامۆستایانەی کە فێریان کردوون لەوێ نەبن.. گەورەیی لەوەدا نییە ئەم چەند گەنجە فەرامۆش بکرێن, بەڵکو شکۆمەندی ئەوەیە رێنمایی بکرێن.. بەڵام سەیریش نییە چونکە من لە زۆربەی کۆڕەکاندا کە ئاوڕی راست و چەپی خۆم دەدەمەوە پێدەکەنم, بە ئەخلاقی سەردەم پێدەکەنم.. چونکە کە کۆڕی چیرۆك بێ شاعیرەکان زیاتر دێن, لە کۆڕێکی هونەری شێوەکاریدا چیرۆکنووسەکان لەوێن, کە کۆڕی مۆسیقاش بێ هەڵبەتە دەبێ ئەکتەر و شاعیر و فیتەر و ژنە عەبا بەسەرەکان بێن و کەچی مۆسیقازانەکان ئەو رۆژە دەبێ یا لە پرسەدا بن یان شەکراو خواردنەوەی برازایەك..!

عەجایب.. لەوە دەچێ ئێمەی کورد بڕوامان بەوە نەبێ کە دەبێ دوای خۆمان وەچەیەکی چاوکراوە و راچەنیو بێتە پێشێ و شتێك بڵێین ئێمە نەمان وتبێ و شتێك بکەن کە ئێمە بۆمان نە کرابێ, من بۆ خۆم لە هەموو بوارەکانی هونەر و ئەدەبدا ئەو حاڵەتە دژوار و ناهەموار و نالەبارە بەدی دەکەم.. هەر هەموو گەورەکان پێت دەڵێن: (رۆڵە هەتا من هەبووم و خەریك بووم تۆ لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوویت). راست دەکەن مامۆستایان.. بەڵام ئەوەش بزانن کە (ئەگەر قوتابییەکەت لە خۆت ئازا و باڵاتر نە بوو ئەوە بزانە کە تۆ مامۆستایەکی چاك نەبوویت..!) زیرەکی ئەو قوتابییەش پێوانەیە بۆ تێگەیشتن لەو مامۆستایە.. لە زووێکەوەش مۆسیقازانی رووسی (ستراڤنسکی) وتوویەتی (ئەوە بەس نییە کە بە زۆر دەست لە ملانێی ئۆتریب بیت.. بەڵکو دەبێ وا بکەی منالێکی لێ بکەوێتەوە). مەبەست لە (ئۆتریب) خواوەندی مۆسیقایە.. یانێ با تۆ هەموو شەوێك لەگەڵ خواوەندی

مۆسیقادا بخەویت.. چ کەڵکی هەیە گەر وا نەکەی فەرزەندێکی مۆسیقاپەروەری لە تۆ ببێت.. من هیچ ناڵێم.. وەلێ دڵنیام کە (ئۆتریب) عاشقی راستەقینەی خۆی دەناسێتەوە.. گەر وانەبێ ئەوە ئەوسا (ئۆتریب) چاری نامێنێ و دەبێ بچێ لەگەڵ پیاوێکی تردا بخەوێ.. ئەوساش گلەیی لە خۆتان بکەن نەك (ئۆتر یب).. چونکە ئەم عاشقی راستەقینەی دەوێ..!

پەراوێز

(گەشە) ئەزموونێکی مۆسیقی تازە بوو کە کۆمەڵێ گەنج پێی هەستان و مەڵبەندی گشتی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان –لقی سلێمانی– پشتگیری کردبوون, کۆڕەکەش لەلایەن هونەرمەندی بەتوانا غەمگین فەرەجەوە بەشێوەیەکی عەمەلی پێشکەش کرا, سەرەتا لە رووی تیۆرییەوە چووە نێو بابەتەکەو ئەوسا هاتە سەر سەلماندنی ئەزموونەکەی لە بەرگێکی بەرجەستەکراوی مۆسیقیدا, وەکو خۆیشی درکاندی بۆ ماوەی سێ ساڵ بەو ئەزموونەوە ماندووبووە, ئەزموونەکەشی خستە باوەشی مامۆستاکانی کە دەستیان داوەتە باڵی ئەم خونچانە هەروەك چۆن (گۆران)ی.. نەمر یەکەم شیعری خستە باوەشی (پیرەمێرد) و وتی (پێم بڵێ ئەگەر حەڵاڵ زادەیە باشە ئەگینا با سکی دایکە فاحیشەکەی هەڵدڕم..) –غەمگین– یش بێفیزانە رایگەیاند:

(کە ئەگەر ئەم ئەزموونە لەنەوەیەکی خزمەتگوزارەوە دەردەچێت با دەست دەینە باڵی.. ئەگینا تا زووە با زیندەبەچاڵی بکەین) دوای ئەوە ناوی زۆربەی مامۆستاکانی هێنا لەوانە (ولیەم یۆحەنا, ئەنوەر قەرەداغی, سەلاح رەئووف, خالید سەرکار, فەرەیدوون دارتاش, نامدار عومەر, فرەنسیس داود..) چەندینی تر.. کە جگە لە هونەرمەند ولیەم یۆحەنا کەسی دیکە لەوێ نەبوو.

کۆڕەکەش چەند لایەنێکی گرتەوە: سەرەتا باسی نەبوونی و کەم و کوڕی لە بواری داهێنانی مۆسیقای کوردی و ترس لە ئەزموونی تازە, مۆسیقای کوردی و چۆنیەتی جێگیربوونی, جیاوازی لەنێوان مۆسیقای دوێنێ و ئیمڕۆدا, رەسەنایەتی, واشی پێشنیار کرد کە دەبێ ئێمەش وەکو میللەتانی

دیکە لە فۆلکلۆرەوە دەست پێ بکەین و بۆ پێشکەوتنی مۆسیقاکەشمان وا چاکە لە ئەزموونە جیاجیاکانی مۆسیقای جیهانی نزیک بخرێتەوە.

بابەتی کۆڕەکەش سێ بەش بوو: بەشی یەکەم وروژاندنی چەند مەسەلەیەکی مێژوویی بوو سەبارەت بە مۆسیقای جیهانی و کوردی. بەشی دووەم.. کاروانی مێژووی مۆسیقای کوردی لە ساڵی (1900)ەوە تا ئیمڕۆ.. هەر لە گێڕانی ئاهەنگ و بەزمی گۆرانیبێژە سەرەتاییەکانی نێو ماڵی گەورەپیاوان و بڵاوبوونەوەی شایەر و دەف ژەن و بلوێرژەن و لولك ژەن بەناو شارەکان دا و بەشداری کردنیان لە خۆشی و ناخۆشی تا دەگاتە قۆناغی خۆخەریك کردن بە فێربوونی هەواو ئاوازی میللی – (حەیران و لاوك و بەستە و مەقام) جگە لە رۆڵی قوتابخانە و دانیشتنی تایبەتی سەیرانگاو ماڵان و بۆنە نیشتمانی و ئاینییەکان.. دواجاریش پەیدابوونی تیپە مۆسیقییەکان. لە هەموو ئەم حاڵەتانەشدا قاڵبی گۆرانی دیارترین قاڵب بووە و هەوڵیش نەدراوە بۆ بەجیهانی کردنی مۆسیقای کوردی.

بەشی سێیەم: مۆسیقای کوردی و ئەزموونێکی تازە..

لێرەدا کاك غەمگین لە ئەزموونەکەی خۆی و ئەو چەند لاوە نزیك کەوتەوە بەوەی کە پارچە مۆسیقایەکی کوردی رەسەن لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری و لەسەر رێزمانێکی مۆسیقی دیاریکراو داڕێژنەوە بەوەی کە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەبێ و لێی نەچێتە دەرەوە.. بناغەی مۆسیقاکەش (گەشانەوەی گۆرانییە میللییەکان) بێ و مۆسیقای (گەشە) ش کە خۆی سوور بوو لەسەر ئەوەی وای ناو بنێ ببێتە قاڵبێکی کوردانە بۆ مۆسیقا.

شیکردنەوەی ئەزموونەکە: هەیکەلی گشتی – بنیاتی مۆسیقا لەسەر بناغەی گۆرانی و بەشێوەیەکی ئەکادیمی.

مۆسیقای (گەشە) و حەوت بەشە کەی بە پراکتیکەوە خرایە بەردەمی خەڵکەکە و بەشەکانیشی:

1. پێشەکی: بریتی بوو لە چەند رستەیەکی مۆسیقی کە پەیوەندی‌یەکی تەواو لەنێویان دا هەیە.. بەپێی رێزمانی مۆسیقی کاری تێدا بکرێ.
2. پێش کەش کردنی رستەی یەکەمی یان بەشی یەکەمی ئاوازە فۆلکلۆری‌یەکە.
3. ناوەند : چەند رستەیەکی مۆسیقی پەیوەست بەیەکەوە.
4. پێشکەش کردنی ئاوازە میللی‌یەکە و خستنە نێو قاڵبی گەشەوە بەبێ دەستکاری.
5. گەشەپێدانی ئاوازە فۆلکلۆریەکە بەمەرجێ لە رەسەنایەتی کەم نەکاتەوە. هەمان ئاواز بەشێوەیەکی ئاکادیمی دابەش بکرێتەوە بەسەر تیپە ئۆرکسترالی‌یەکە, چونکە تا بەشی چوارەم بەیەک دوو ئامێر دەژەنرێ و لەم قۆناغەدا دەبێ بەسەر هەر هەموو تیپەکەدا دابەش بکرێتەوە.
6. گەڕانەوەیەک بۆ بەشی سەرەتای مۆسیقاکە.. مەبەست لەم گەڕانەوەیە ئەوەیە کە مۆسیقاکە چ وەک بارە میللی‌یەکە و چ وەک بارە ئەکادیمی‌یەکە گوێگر بەتەواوی گوێی لێ پڕ بێ. (گەڕانەوە بۆ سەرەتا).
7. بەشی کۆتایی (پێک هاتووە لە مۆسیقایەکی بنیات نراو لەو گۆرانی‌یە میللی‌یەی کە هەڵیدەبژێرین و دەیخەینە نێو قاڵبی (گەشە) ەوە.

بەپێی هەیکەلی (گەشە) و لەو ئەزموونە تازە و جوانەدا چەند گەنجێک بەشداریان کرد کە ئەمانە بوون:

1. گەشەی غەزەل– دانان و ئامادەکردنی (غەمگین فەرەج) لە گۆرانی‌یەکی موحەمەدی ماملێ‌وە.
2. گەشەی زیرەک– دانان و ئامادەکردنی (گۆران کامل).
3. گەشەی شلێران – دانان و ئامادەکردنی (لاوک لەتیف) لە گۆرانی‌یەکی موحەمەدی ماملێ‌وە.
4. گەشەی ناسکە جوانێ – دانان و ئامادەکردنی (سەید ئەحمەد جەبار) بەشی رەواندز – لە گۆرانی‌یەکی حەسەن زیرەکەوە.

5. گەشەی گوڵاڵە سوورە.. دانان و ئامادەکردنی (بەختیار حەمەکەریم) لە گۆرانی‌یەکی (رەشۆڵ)ەوە.
6. گەشەی بازی بێریان.. دانان و ئامادەکردنی (سامان حەمەکەریم) لە (موحەمەدی مامڵێ) وە.
7. گەشەی خان باجی.. لە دانان و ئامادەکردنی (نەریمان کەریم) لە فۆلکلۆرەوە.
8. لەگەڵ دوو ئەزموونی تازە لە بواری گۆرانی‌دا کە هەردوو ئاوازەکەش هی هونەرمەند (غەمگین فەرەج) بوون.

گۆرانی یەکەم: لە وتنی هونەرمەند (عەدنان کەریم) و شیعری بەرزان هەستیار لەژێر ناوی (خۆش هاتی ئەی دڵنیایی) هەوای شیعرەکەش پەیوەندی بە شانۆگەری‌یەکەی (جەلیل قەیسی)ەوە هەبوو کە لەژێر هەمان ناودایە..

گۆرانی دووەم: لە وتنی هونەرمەندی تازە هەڵکەوتوو (بەهجەت یەحیا) و شیعری (دڵپاك تاهیر) لەژێر ناوی (خەندە)دا.

ئەوەی کە شایانی وتنە هونەرمەندان (لاوك لەتیف) و (بەختیار حەمە کەریم) قیادەی تیپەکەیان دەکرد و جێ ی داخیشە کە نە بەشی رادیۆ و نە تەلەفزیۆن و نە رۆژنامە و گۆڤارەکان وەکو پێویست ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان نەبوو.

بەکورتی و بە کوردی ئەم ئەزموونە نازدارە فەرامۆش کرابوو.. وەلێ من دڵنیام گەر ئەم کوڕوکاڵە هونەرپەروەر و عاشقی راستەقینەی مۆسیقا بن ئەوە دڵسارد نابن و شەو بە رۆژەوە گرێ دەدەن تا پێ‌بگەن.. سبەینێیش هی خۆیانە. من بۆ خۆشم دوو شت پاڵی پێوەنام ئەم چەند لاپەڕەیە بنووسم.. یەکەمیان: سەرسامی.. دووەمیان: قەهر و خەفەتی فەرامۆش کردن و بێ‌باکی سەبارەت بەو ئەزموونە تازە و رەنگینە.. دووبارەشی دەکەمەوە کە دەبێ ئەو چەند گەنجە عاشقانی پاك و بەوەفای (ئۆتریب) بن.. ئەگینا دەیدۆڕێنن..!!

سلێمانی
گەلاوێژی (1989)

## ناسنامة

**کەبیر لەداهێنان دەکەینەوە, داهێنان لەبواری چیرۆك و رۆماندا، چیرۆك و رۆمانی کوردی.. زۆرو کەم نیگەران و نائومێد دەبین.. گومانی تێدا نییە کە ئەم کوردەش وەك هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەمین خاوەن کەلتورو مێژووی خۆیەتی, خۆ بەدرێژایی زەمانەو پشتاوپشت کارەسات و نەهامەتی و نووشستی زۆری دیوە، مێللەتێکیشە وەك زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات سۆزو عاتیفەی دەریایەکی پڕ لە شەپۆل و گێژەنەیە.. ئەم سۆزە قەڵبەزەی تاڤگەیەکە کەفچڕییەتی, گەر هیچ قۆناغێکی بە چڕو پڕی نەدیبێ.. خۆ قۆناغی دەرەبەگی تا سەر ئیسقان سمیویەتی, گەر ئاورێکیش لەو گەنجینە پڕو دەوڵەمەندە بدەینەوە دەبینین خاوەنی سەدەها چیرۆك و حەکایەت و ئەفسانەو داستان و بەیتە.. ئەی کەواتە بۆ دەبێ کورد لەم دوو بوارەدا بەقەد ئەو خەونەی هەمانە خەمی داهێنانی لەبەر نەبێ, یاسووکە هەولەو هیچی تر, جاری وا هەیە کۆمەڵە چیرۆکێك, سەرجەم, دەخوێنیتەوەو.. کە تەواو دەبیت و دەتەوێت بەنێو دونیای چیرۆکەکاندا گەشتێك بکەی.. کەچی نەك شارێگەیەك.. بەڵکوو تووله رێگەیەکیش نادۆزیتەوە, نەك دارستانێك.. بەڵکو دوای ئەو هەناسە سوارییە درەختێکت دەست ناکەوێت لەژێر سێبەریدا پشوویەك بدەی.. نەك هەر کۆمەڵە چیرۆکێك .. جاری واهەیە هەموو ئەو چیرۆکانە دەخوێنیتەوە کەچیرۆك نووسێك لەژیانی خۆیدا نووسیویەتی کە**

لەوانەیە پتر لە سی ساڵی خایاندبێ.. کەچی تۆ نەك هەر چیرۆکێکی چاك و جوان بەدی ناکەی.. بەڵکو لاپەڕەیەکیش ناخوێنیتەوە موچڕکەیەك, تەزوویەك, ئۆخژنێك بەدڵتا بێ.. لەوانەیە نووسەرەکە بە خەیاڵی خۆی فیکری پێ فرۆشتبیت.. هەڵبەتە گەر مەسەلە بەتەنها فیکر بێ دەیەها دەروازەی دیکە هەیە, ئێمە ناڵێین چیرۆكو رۆمان تۆوی هیچ فیکرێکی لەخۆ نەگرتووە.. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم هونەرە پیرۆزە لە دەرگای هەستو نەستی مرۆڤ دەدا.. لەڕێگەی عاتیفەوە ڕوو لە عەقڵ دەکا نەك بەپێچەوانەوە.. گرفتەکە لەوەدایە کە هەریەکە لەو ئەو نوسەرانە نایەوێ لە هاوەڵەکانیجوێ بێتەوە, تارادەیەك هەنگاوەکان بەقەد یەکن, وەك بڵێی لاسایی یەکدی بکەنەوە, ئەوەندەی چاوی بڕیوەتە ئەوەی ژمارەی کتێبەکانی پتر بن.. خەمی ئەوەی نییە بەدوای داهێنانی خۆیدا وێڵ بێ, حەز دەکا پێی بڵێن لە کاروانەکە دوانەکەوتووە, رەنگە هەندێکیان بیەوێ پێشبڕکێ لەگەڵ هاورێکانی خۆیبکا, گەرچی ئەم وەك هونەرمەندێك دەبێ لەگەڵ خۆیدا لە کێشەو ناکۆکیدابێو گەر حەزیشی کرد بکەوێتە بەراورد کردن چاکترە بەئەدەبی جیهانیدا بڕوانێو بزانێ بەرامبەر نووسەرەکانی ئەم دونیایە ئەو لە لەکوێ وەستاوە.. هەر ئەوەشە وا لە ئەدیبێکی رەسەن دەکا بەدوای ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیدا بگەڕێ.. بە واتایەکی تر بەدوای دەنگو رەنگێکی جیا لە دەنگو رەنگی هاوەڵەکانی, بەڵام تۆ بڵێی ئەو ناسنامەیە هەر لە گۆترە بچێتە گیرفانی, تۆ بڵێی ئەدیبێکی بێ تواناو زەمینەی فیکری.. نیمچە خوێندەوارو خەم سارد ببێ بە خاوەن دەنگیخۆی.. مەحاڵە.. یەکێك لەو ڕەگەزانەی رەنگی نووسەرێك لە رەنگی ئەوانی تر جیادەکاتەوە (( کەسییەتی)) ئەو نووسەرەیە, هەرچییەکی کە بەرهەمی دێنێ زادەی بیروبۆچوونو ئەزموونو رۆشنبیری ئەو زاتەیە. هیچ نووسەرێکیش نییە بێ مەقامێکی کۆمەڵایەتی..

ئەوەیش وەك خەڵکی تر کوڕی کۆمەڵەکەی خۆیەتی.. جا چ شارییو چ گوندنشین, لەژێر سایەو سێبەری کۆمەڵێ هەلو مەرج و پەیوەندی ئینسانیدا دەژی.. لەهەر کوێ بێ.. گرنگ ئەوەیە بە پرسیارەو بەرامبەر بە چەندەها

ئەرك‌و ماف, هەڵبەت ئەندامە لە خێزانێك, یا دەزگایەك, یالە كۆمەڵگایەك.. بێ دۆست‌و دوژمنیش نی‌یە, بێ شك حەز لەشتێك دەكاو لە شتێكی دیكە لالووتە, بەبیرو باوەڕێك ئاسوودەیەو بەوی دیكەیان سەغڵەتە, لە ژیانی ڕۆژانەشیدا وەك هەركەسێكی ئاسایی ڕێبوارانەو بەسەر پێ‌ی ناڕوانێتە شتەكانی دەوروبەر..بەڵكو لەهەموو شتێك ورددەبێتەوەو دەیەوێ بچێتە بنج‌و بناوانیان, دیارە هەریەك لەو نوسەرو هونەرمەندانە وەكو یەك نین, هەیانە وزەو هێزێكی فرەڕەهەندی لایە.. ئەگەر تۆ بەدوو چاو دونیا دەبینیت.. ئەم بە ((دە)) چاو, ئەگەر تۆ بەڕووی هاوارو ناڵە گوێت داخراوە, ئەو چرپەی ئەودیو دیوارە ئەستوورەكانیش دەبیستێ.. هەموویان دەخوێننەوە.. بەڵام هەریەكەو بەڕێژەیەكی جیاجیا كەڵكی لێ وەردەگرێ, هەیانە تاكو دەمرێ بۆی ناكرێ سەد كتێبی باش هەڵبژێرێ, هەیانە كتێبێكی زۆری كۆكردۆتەوە: بەڵام بۆ جوانی..! هەیانە زۆر هیلاكە: بەڵام تێ‌ی ناگا, هەشمانە دەخوێنێتەوە .. بەڵام نەك وەك عاشق‌و دەروێشێكی فیكر.. بەڵكە بۆ ئەوەیەتی تۆزێ مەعریفەت بەخەڵكی بفرۆشێ.. هەموو ئەوشتانە نووسەری ڕەسەن لە ناڕەسەن جیا دەكاتەوە.

كەواتە بێ‌خودێكی گەورە هیچ خولقێنەرێك درووست نابێ, تۆ ئەگەر خوێنەرێكی زیرەك بیت دەتوانی نووسەری گەورەو چكۆلە لە یەكتری جیا بكەیتەوە, تۆ ناتوانیت بەئیفلیجێك بڵێ‌ی: ((پەنجەكانت بجووڵێنە..)) بەهەمان یاساش ناتوانی بەنووسەرێكی خەم سارد بڵێ‌ی ((ئا شاكارێك بخولقێنە)), بەرهەمی بەپێز زادەی بیرو هەوڵی نووسەری بلیمەتە, ئەمەیان سادەترین شێوازی ناسینەوەی شاكارو ناشاكارە, شاكاری جوان یانی دەربڕینی ڕاستی.. ڕاستیش جورئەتی دەوێ.. جورئەتیش لای كەم نووسەر دەست دەكەوێ, گرنگ ئەوەیە نووسەرەكە بتوانێ پردێك لە نێوان مەسەلە زۆرزاتی‌و مەوزوعی‌یەكان بنیات بنێ, لەنێوان شمولیەت‌و تایبەتمەندیەتی, لە نێوان شتە ڕەهاو نیسبی‌یەكان, لە نێوان شتە ڕۆحی‌و بەرجەستەكان.. وەڵامی دەیەها پرسیاری گەورەو گران دەداتەوە دەیەها پرسیاری گرانیش بۆخوێنەر

بەجێ دێڵێ تابەدوای وەڵامەکانیدا عەودالێکا. نووسەری گەورەش وێڵە بەدوای بنیات نانی زاتێکی راستگۆ .. سەربەستو نەترسو رەها.. ئەوەش تەنها بەوەك پێك دێ نووسەر ئەزموونێکی پرۆ دەوڵەمەندی هەبێ.. جگە لەرۆشنبیریەکی بەرفراوانو جۆر بەجۆر، گەڕانو دۆزینەوەی ناسنامەش بە شەو و رۆژێك پێك نایە.. بەڵکو خۆی لەخۆیدا بەشێکە لەداهێنان.. وەدەست هێنانی ناسنامەی داهێنانیش شتێکی حازر بەدەست نیيە دەبێ خۆی بیخولقێنێ، هونەرمەندی خەراپ ئەوەیە کە نەگەڕێ.. تەنهاخەمی ئەوەی بێ خۆی بسەپێنێ نەك خۆی بدۆزێتەوە.. نێوان خۆسەپاندنوخۆ دۆزینەوەش ئاسمانو رێسمانی فەرقە..!!

# بةهرةم يةكة.. بةختم ناريَكة

**له ژماره (1067)ی –هاوكاری‌ولەگۆشەی (هـەرجارەی نووسـینێك)داو لـەژێر سەردێڕی (بەهرەم حەوتە.. بەختم خەوتە) كاك زاهیر رۆژبـەیانی لەمەسـەلەیەك دوابوو كەگەوهەرەكەی ئەوەبوو لەنێوەندی ئەدەبی ئێمەدا (ئەدیبی فره بەهره) زۆرن. گوایـە كـەم نووسـەر هەیـە لەسـەر تـەنها لایـەن‌و بابـەتێك بگیرسـێتەوە, زۆربەی هەره زۆری نووسەرانی‌كورد لەدوو تاسێ لایەن‌و هەندێكیان پتریش –ئـەوە چـیرۆكە, شـیعرە, رەخنەیـە بەهــەموو جـۆرو بابەتەكانی‌یــەوە مێـژوو, فۆلكلۆر, شانۆگەری.. هتد من لاریم لـەوە نی‌یـە كەئـەم بۆچوونـەی كـاك زاهـیر راسـتەو دەشـزانم لـەنیاز پاكی‌یـەوە ئـەم بۆچوونەی خـۆی خسـتۆتە ڕوو, بـەڵام ئەوەی كە لەگەڵیا نیم ئەوەیە!**

**وای بۆ دەچێ كەئەم دیاردەیە پتر لـەنێو ئێمـەداجێگیر بووبـێ.. باڕسـتەكەی خۆی بنووسمەوە(بەڵام باوەڕ ناكەم نەتەوەیەكی‌دیكە لەسەر ئەم گۆی زەویـەدا هەبێت ئەوەندەی ئەم كوردەی ئێمە نووسـەری فرەبەهرەی هـەبێت) لەدوایشـدا دەفـەرموێ–( ئەمـە هـەرگیز دیاردەیـەكی سرووشـتی نی‌یـە.. یاسـای چـاخەكە وایە)**

**(لەتـەنها شـتێك هـەموو شـتێك بزانیـت زۆر چـاكترە لـەوەی لەهـەر شـتێك‌و تەنهاشتێك بزانیت).**

سەرەتا بائەوە بڵێین کە میللەتی ئێمە ئەوەندەلەمێژنیە ئاشنای قەڵەمو کاغەز بووە , گەر ڕوو لەراستی بکەین دەبێ بڵێین درەنگەترو دواتر لەهەموو میللەتانی دونیا ئاشنای (کایە مەعریفیەکان) بووین.. هەڵبەتە ئەوەش گووناهی خۆمان نیە, بەڵکو کۆمەڵێ هەل و مەرجی ناجۆروی مێژوویی لە ئارادا بووە جابۆیە ئێمە لەومێرد منداڵە باڵق بووە دەچین , کەدرەنگ خرابێتەقوتابخانە. جا یادەبێ شەوو رۆژ بەیەکەوە گرێ بدا یان لەشەرمانا واز لەمەکتەب بێنێ.. بۆیە زۆربەی لق و لایەنە ئەدەبیو هونەریو رۆشنبیریەکان بەتاڵن.. ئەوەندەبەتاڵن کەپیاو سەرسام دەبێ, بۆیە شتێکیشیاوە کەئەدیبێکی کوردپەل بۆ زۆر لایەن و بوار بهاوێ,دەست لەزۆر کون و کەلەبەر ڕابکا, لەڕووباری جیاجیا مەلەبکا..

بەکورتی کەس بەقەدنووسەر یاخوێنەری کورد پێویستیبەوە نیە کە هەوڵ بدا بەکورتترین ماوە لەزۆر لایەن و بوار وردبێتەوەو فێر ببێ, واتەبەپێچەوانەیقسەکەیمامۆستا ( هەقە لە هەر شتێك زۆر شت بزانێ) نەك (لەتەنها شتێك هەموو شتێك بزانێ) بۆ چوونەکەی کاك زاهیر راستە بۆئەو میللەتانەی کەعومری شارستانیەتیان هەزارە هاساڵە.. پەکیان بەوە نەکەوتووە .. چونکە دەزانن هەر لایەنێك کە ئەوان فەرامۆشی بکەن هەزارە ها هەن وەك شارە زەردەواڵە دەوری دەدەن, تائیستا پیرە ژنێکی کوردکەنەخۆشدەکەوێ ناچێتە لای ئەو پزیشکەی کەتەنها لەنەخۆشیەکانی دڵ یان سەر شارەزایە.. بەڵکو حەز دەکا بچێتەلای پزیشکێك کەشارەزای سەرو دڵوچاو و لووتو گورچیلەیە.. بگرە تادەگاتە باداریە حەیاتەکە. من بۆخۆم حاڵی رۆشنبیری کوردی وادەبینم ..کوفرێکی گەورەیە خەریکی یەك لایەن بیت بەڵام نابێ مامۆستاوا تێبگات کەمن مەبەستم ئەوە بێ((بازۆر بێو بەڵام بۆر بێ)) هەرگیز من مەبەستم ئەو زاتانەیە کەدوولایەنی هونەری یان ئەدەبی کاردەکەن کەچی لەهەمان کاتدا داهێنەریشن, با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کەلەئەدەبی کوردیداهەن ساڵانێکی زۆرە خەریکی تەنها لایەنێکی ئەدەبین کەچی هیچیان بەهیچ نەکردووە, وەك خۆی دەفەرموێت-(ناوهێنانی

ناوێ– هەر لەلای خۆتەوە دەست درێژ کە.خۆیەتی) کەواتە عیبرەت لەوەدانی‌یە کەئەدیبێك خەریکی‌یەك لایەن بێت یان سێ لایەن. مەرجیش نی‌یە کەهەرکەسێك خەریکی یەك لایەن بێت دەبێ گوڵ بباریێنێ..

نەخێر.. داهێنەری واهە یە لە سێ چوار بواردا خەریکەو هەر داهێنەریشە .. من ناڵێم لەنێو ئێمەدا زۆرن, وەلێ هەن. بەتایبەتی‌لەم وەچە ژانگرتووەی وا بەتاو دێ. من لەگەڵ ماموٚستادام کە هەندێك تەنها فریای یەك لایەن دەکەون و بەس .. یەکلایەن‌و بەسەقەتی.. بۆ؟(بۆ)ی ناوێ .. کاتی‌ئەوە نی‌یە لەنێو ڕوو بارە جۆر بەجۆرەکانی هونەرو ئەدەب‌و مەعریفەتدا مەلەبکا.. تاتاوڵەوو دۆمینەو شەرە جنێو و پاشقول گرتن‌و ئارەق‌و مێزو راکردن بەدوای ناو و شورەتی ساتەوەختی .. فریای چی دەکەوێ.. پێم ناڵێ‌ی‌فریای چی دەکەوێ؟بەلاّم ئەوانەی کە دەروێشانەو عاشقانەخەریکن یەکلایەن بن‌و بۆلایەنەکانی دیکەش هیچ..گوایە خوای خۆیان هەیە.. خوێنەری کورد بەر لەهەموو خوێنەری دونیا پێویستە هێزێکی سیحراوی بدۆزێتەوە چونکە ئەو وەختەی کەبۆی دەمێنێتەوە بەشی ئەوە ناکا فێری زۆر شت ببێ, بەلاّم سەبارەت بەنووسەر,نووسەری زیرەك, خۆی چاك دەزانێ لەکام بواردا دەرهێنەرەو خۆ ئەگەریش پەڕیەوە بۆبوارەکانی‌تری ئەدەب‌و هونەر دیسانەوە ئاگای لەخۆیەتی, بەلاّم وەك وتم –زۆریش هەن کەعومرێکە خەریکی تەنها لایەنێکەو هەموو دونیاش پێ‌ی ووتوە" کەچی واز ناهێنێ.

پێویستیش بەوە ناکا من نەخشەی (داهێنان‌و هەڵبزرکان) بخەمە بەر دەست کاك زاهیر.. ئەو خۆی‌لەمن چاکتر شارەزای نەخشەکەیە.

پاشان ئیمڕۆ لەوەدا نەماوە دیوارو شورە لەنێوان لقەکانی هونەرو ئەدەب دا بنیاتبنێ‌ی, هەموویان تێکەڵ دەبنەوە..وەك چەندەها جۆگەلەو ڕووبار دەریای زەوق‌و جوانی‌و مەعریفەت پێك دێنن.. مۆسیقاو شیعرو ڕۆمان پەیوەندیەکی‌خوێن‌و گۆشت ئاسایان هەیە, لەهێرمان هیسەی رۆمان نووسین تێ‌ناگەیت گەربەقووڵی شارەزای مۆسیقا نەبیت, پەیوەندیەکی زۆر لەنێوان ڕێبازی تەعبیری‌و ئینتباعی(هونەری شێوەکاری)چیرۆکداهەیە..هتد,

دوایی نەك تەنهاكورد.. زۆربەی میللەتانیدیكەش لەم بوارەدا چاكو خەراپیان هەیە..دەتوانم سەدەها ناو بژمێرم, چ لەئەدەبی عەرەبیو چ لەئەدەبی بیانیدا, كە خەریكی دووسێ لایەننو كەچی سەركەوتووشن. هەربۆنمونە(جەبرا ابراهیم جەبرا)خەریكی رۆمانو شیعرو چیرۆك و هونەری تەشكیلیو وەرگێڕانو ڕەخنەشیلەسەر هەموو لقو بابەتەكانی ئەدەبو هونەر هەیە.. كەچی لەهەموشیاندا داهێنەرە.. بەڵام لەوانەیە یەكێك وەك ڕۆماننووس حسێبی بۆ بكاو یەكێكی دیكەوەك وەرگێڕ, لەئەدەبی جیهانیشدا كەم ئەدیب هەبووە لەدووسی بوار كەمتر كاری كردبێ..

ئەوەتا (دی.ئێچ. لۆرانس) رۆمانو چیرۆكو شیعروشانۆگەریورەخنەشی نووسیوەو كەچی هونەرمەندێكی تەشكیلیش بووە , لەهەمووشیانداهەر شۆڕە سوار بووە.. ئەوەتا جەیمس جۆیس, هۆگۆ,جان كوكتۆ ئەوەیان هەرمەپرسە..

ئۆسكار وایلد,سارتەر,كامۆ, پۆشكین, گۆركی ,تۆماس هاردی, ئیلیۆت, ئەراگۆن..هتد.. گەر نموونە بێنمەوە پێویستم بە چەندەها لاپەڕە دەبێ.. ئەو زاتانە هەموو لەسێ چوار بواردانخۆیان تاقی كردۆتەوەلەهەمووشیاندا هەر ئەستێرەی درەوشاوەبوون.. من ناڵێم ئێمەش, ئیمڕۆ دەتوانین وابین.. نەخێر..

چونكە وەك وتم عومری شارستانیەت لای ئەوان درێژتر بووەلەهی ئێمە..

وەلێ دڵنیاین كەداهاتووی ئەم میللەتە چاكتر دەبێو كەسانێك دێنەمەیدانەوە كە دەست لەخۆڵ بدەن دەبێ بە ئاڵتوون, كەسانێكی بەڕاست دەروێشو عاشقی فیكرو ئەدەب.. كەسانێك گەرچی ئێستا هەرلەقۆناغی گاگۆڵكێ دان..

بەلام زۆر مەبەستیانە سەفەری ساڵێك بە سەعاتێك ببڕنو قەناعەتیشیان وانییە كەلەتەنها جۆگەلەیەك فێری مەلە ببنو هەر لەوێشدابمێننەوە..

بەڵكو خەون بەدەریاوە دەبینن.. دەریایەكی بێ سەرو سنووری مەعریفەت.

من گرفتەكە لەوەدانابینم كە(بەهرە حەوتەو بەخت خەوتە) بەڵكو نەگبەتییەكە لەوەدایە كە (بەهرەیەكەو كەچی بەختیش هەر ناڕێكە..)

نیسانی 1989

# ثةخشانة شيعر و رازيَك

**سەرەتا:**

**(پەخشانە شیعر) جیهانێکی پڕ سەربەستی و ئازادی شیعری کوردی ئیمڕۆمانە و.. مایەی ئەزموونێکی تازە و زیندووە.. دارستانێکە لە دارستانەکانی.. روبارێکە لە رووبارەکانی سەر زەوی شیعری هاوچەرخمان.. ئەم تاقیکردنەوەیە تازەیەش لە سەرتاسەری جیهان باوە و سەردەمێکە بنج و بناوانی خۆی داکوتاوە. وەك دیارە هەندێ کەس بە چاوی ترسەوە و هەندێکیش بە قین و گاڵتەوە سەیری پەخشانە شیعر دەکەن.. بەڵام هەق وادیە: ئەگەر لەنێو دونیای ئەدەبی کوردیدا نەمامێکی ساوا بێت و بیەوێت تازە چرۆ بکا: گوناهە لق و پۆپی تێك بشکێنرێ و لە رەگەوە هەڵتەکێنرێ.. باشتر وایە لێی بگەڕێین هەناسە بدا, ئەگەر تاقیکردنەوەیەکی راست و دروست بێ.. ئەوە بێ شك چەند کەسێك دەبن بە سوارچاکی ئەم مەیدانە و دەنگی دلێری شیعر ئاسمانیش دەتەنێ.. خۆ ئەگەر ئەزموونێکی کرچ و کاڵ و بێ رەنگ و بۆ بێ.. ئەوە ئەو دەنگانەش وەك بڵقی سەر ئاو دەتەقن و نابن بە هیچ.. بەڵام لەو باوەڕەدا بن کە ئەم ئەزموونە مایەی دروستبوونی دەیان هۆ و کارتێکەری زاتی و مەوزوعییە.. جگە لەوەش پەخشانەشیعر وەك توخمێکی چاك و پاکی شیعری ئازاد بەنێو هەموو دونیادا بڵاو بوەتەوە و شتێکی تازە و عەنتیکە نییە.. زۆربەی دیوانی شاعیرە ئینگلیزەکان کە**

بەردەستمان دەکەون راستی ئەم قسەیەمان بۆ دەسەلمێنن.. پێویستیش بە ژماردنی نمونە ناکا و تا بڵێی زۆرن.. کێ دەتوانێ نکوڵی لە بەهرەی رامبۆ و ئێزرا پاوەند بکا..؟! ئێستا نەك هەر لە ئاورووپا و بەس: بەڵکو لە هەر چوار قوژنەی دونیا پەخشانە شیعر بووەتە دوو چاوی ساغی شیعری تازە و هاوچەرخی ئەدەبی مرۆڤ.. بگرە لەنێو عەرەبەکانیش دەیان شاعیری گەورەیان هەن کە بە پەخشانەشیعر خۆیان بە خەڵکی ناساند.. کێ زاتی ئەوە دەکا بڵێ (محمد الماغوط) شاعیرێکی گەورە نییە..؟ شیعری تازە لە سەرتاسەری جیهاندا زۆر رێچکەی تەقلیدی شکاندووەو و سنوورەکانیش وەك جاران زەق و زۆپ نین و هێدی هێدی وا دەسڕێنەوە..!

ئەگەر چی دەبینین شیعری کوردی تازە تا ئێستاش خۆی بە کێش و سەروا بەستۆتەوە.. بەڵام هەرگیز کێش و سەروا — وەزن و قافیە — نابن بە پەساپۆرت و شیعرێکی خەراپ ناکەن بە شیعر.. شیعر نووس هەیە: بەرلەوەی شیعرەکەی بنووسێ بیر لە قافیە دەکاتەوە و بگرە ریزیان دەکا و ئینجا لەسەر قافیەکان — شیعرەکەی دادەرێژێ.. نموونەی ئەم بۆچوونەشم بەوە دەسەلمێنم: هەر لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارێك هەڵدەیتەوە دەیان شیعری بە زۆرکراو بە شیعرت بەرچاو دەکەوێ.. هەندێ لەو دیوانانەی لە بازاڕ کەوتوون و تۆزیان لێ نیشتووە چوار دێڕە شیعری پوخت.. چوار وێنەی جوانی تیا بەدی ناکەی.. هەست بە ژان و خەم و راستی و دەردێکی خاوێن و مەزن ناکەی.. هەر لە پرۆژەیەکی بازرگانی دەچێ.. شیعرێکی خۆشەویستی دەخوێنیتەوە بێئەوەی سۆزێکی پاك و پڕموچڕکە داتبگرێ.. شاعیرەکە باسی گریان دەکا و شیعرەکەشی پڕی نوکتەیە.. پڕە لە وێنەی لنگەوقوچ هەڵواسراو.. ئەم قسەیەشم ئەوە ناگەیەنێ کە سەروا و کێش رۆڵی گەورەی خۆی نییە لە جوانکردنی شیعر و سازاندنی ئیقاعێکی بە خوڕەم.. بەڵام چەندە رەنگینە گەر بە زۆری و زۆردارەکی نەبێ و هەناسەی شیعرەکە سوار نەکا و هوشمەندانە و لە شوێن و کاتی خۆی بەکاریان بهێنێ.. بێگومان ئەمەشیان شاعیری وەستا و دەست رەنگینی گەرەکە.. کەواتە شیعر بە

مۆسیقا و ئیقاعێکی ناوەوەی دەناسرێ و نەك بە کێش و سەروای دەستکرد.. ئەم تاقیکردنەوەیەش لە مەیدانی شیعری کوردی هاوچەرخدا خۆی دەسەپێنێ و چەند دەنگێکی پاك و راست و دلێر دەبنە رابەری.

وەك دەزانن (شیعر) هەمیشە داوای مۆسیقا و ئیقاعی خۆی دەکا.. هەقی خۆیەتی..!

بەڵام ئایا — پەخشانەشیعر — مۆسیقاکەی وا لە کوێدایە؟ رام وایە شیعرێك مایەی ئازار و خەم و بیرکردنەوەیەکی عەقڵی و هەژانێکی عاتیفەی ئادەمزادانە بووبێت.. دەنگی پاك و راستەقینە ی دەروون بێت: هیچ گومانی تیا نییە کە ئەم جۆرە شیعرە وەکو ئاگر رووناکی و گەرمی دەبەخشێ.. وە ئەگەر شیعریش لە وێنەی قەشەنگ و دەگمەن و راوکردوو بەدەر نەبێ — ئەوە بێگومانم لەوەی کە ئەو حاڵەتە پاك و راستەی شاعیرەکە دەهەژێنێ و پەرەی رۆحی دەخاتە سەر لەرەی خەم.. سەر سەمای مەرگ و ژیان.. هەر ئەوساش لە رێگەی وێنە شیعریە رەنگین و دەگمەن و راوکردووەکان ئەو مۆسیقا نهێنییە و ئەو ئیقاعە پڕ خۆشە دەسازێ و هەروەها خوێنەریش و هەم گوێگریش کە بە سەر شیعرەکەدا دەڕواتەوە: ئەویش دەکەوێتە هەمان حاڵەت کە شاعیرەکەی پیا تێپەڕی بوو.. لە کۆتاییدا ئەویش هەست بە سووتان و گڕی ئەزەلی شیعرەکە دەکا.. هەر بۆیەشە شیعری چاك نەمر و سنوربڕە و بگرە دوای وەرگێڕانیشی بۆ سەر زمانێکی دیکە ئیقاعی ناوەوەی هەر دەمێنێ و.. مەحاڵە بشێوێ.. هەروەك چۆن سیمفۆنیا لە رێگەی ئیقاعی بەرز و نزمدا دەتوانێ دیاردەیەکی سروشت یان حاڵەتێکی مرۆڤانەی مۆسیقاژەنەکە خۆیمان بۆ بسازێنێ — جا گرنگ نییە ئەو حاڵەتە زاتی مۆسیقاژەنەکە خۆیەتی یان لە دەرەوە و بەهۆی رووداوێکەوە یان مەسەلەیەکەوە گواسترابێتەوە و کاری لە مۆسیقاژەنەکە کردبێ— کە هەمووشمان دەزانین (مۆسیقا زمانی رۆحە و وەکو شیعر شی ناکرێتەوە) هەروەها شیعریش — بە زمانی خۆی چیرۆکی ئەم تلانەوە و گینگڵە دەگێڕێتەوە.. هەستی ناسك و هۆشێکی گەورە و پاك مۆسیقای پڕ نهێنی شیعرن..

کەواتە دەتوانین بڵێین: پەخشانەشیعریش مۆسیقایەکیهاوچەرخانەی خۆی هەیە.. خۆ ئەگەر هەندێ کەس تام و لەززەت لەو مۆسیقا نهێنییە.. لەو ئیقاعەی — ناوەوە وەرنەگرن: ئەوە گوناهی پەخشانەشیعرەکە نییە.. بەڵکو گوناهی رادەی هوشیاری و هەست نەکردنیەتی بە نهێنی هونەر و ئەدەبی هاوچەرخ.. ئەو جۆرە کەسە گەر شاعیریش بێت: دەبێ گومان لە زەوق و هەست و مەودای فیکری بکرێ.. کەسێکە چاك لە پەیوەندی و نهێنیەکانی ئەم سەردەمە تێنەگەیشتووە.. بۆ نمونە! زۆرن ئەو کەسانەی لە سیمفۆنیا و بالێ و ئۆپەرێت و پانتۆمایم چێژ وەرناگرن و تێی ناگەن.. بەڵام هیچ کەس ناتوانێ بڵێ: ئەمانە جۆرە هونەرێکی مەزن و پیرۆز نین.. خۆ ئەگەر کەسێکیش زاتی ئەوەی کرد و وای فەرموو: ئەوە نەزانین و بیرتەسکی بۆ دەمێنێتەوە و بەس..!

هەموو دیاردەیەکی شارستانی بۆ یەکەمجار سەیرە و کەم کەسێك پەسندی دەکەن.. بەڵام دوای ماوەیەك هێدی هێدی خەڵکێکی زۆر لێی نزیك دەبنەوە و دەیسەلمێنن و بە موڵکی خۆیانی دەزانن.. زۆر فەلسەفە و رێبازی فیکری و دینی و تیۆری و زانستی بەم حاڵەتە تێپەڕیون.. هەروەها لە هونەر و ئەدەبیشدا زۆر جار هەمان شت دووبارە دەبێتەوە و.. دەبارەش بووەتەوە.. قەتیش لەو باوەڕەدا مەبە کەسێك لەبەر تەمبەڵی و تەوە زەلی و نەفامی خۆی.. یان لە ترسی کێش و سەروا پەنا بباتە بەر پەخشانەشیعر بتوانێ سەرکەوتن وەدەست بهێنێ.. هەرگیز..! ئەم جۆرە شیعر نووسە هیچ نادورێتەوە.. ئەوسا نە شیعر دەنووسێ و نە پەخشان.. کورد واتەنی: لە هەردوو دینان دەبێ..!

کەواتە نە کێش و سەروا.. نە کەرت کردنی بڕگەکان و نە حسێبی پەنجە و دابەش کردنی دێڕەکانی شیعرەکە بەو شێوە باوەی کە رۆیشتووە (چوار بڕگە.. هەشت.. دوانزە.. شانزە... هتد) یان (سێ.. شەش .. نۆ.. هتد) هەتا عەرووزیش.. ئەمانە هیچیان نابن بە پردی شیعری خەراپ.. بەسەر هەر پردێکیشدا بپەڕنەوە: ئەو پردەش دەڕووخێنن.. لە دەیان رۆژنامە و گۆڤار و نامیلکەی زێڕینیشدا بڵاوبکرێنەوە هەر مردوون و ناوی خاوەنەکانیشیان

دەزرێ.. چونکە شیعری رەسەنی ئەم سەردەمە وا نالێ.. یان ئەوەتا وەکو زووتر وتمان بە زۆری و زۆردارەکی قافیەیەك بدۆزێتەوە تا لەگەڵ قافیەکەی سەرەوە یان ئەوەی ژێرەوە یەك بگرنەوە و تەبا و تەرازوو بن. ئایا دەتوانین بەم جۆرە شیعرە بڵێین مۆسیقایەکی تایبەتی خۆی هەیە تەنها لەبەرئەوەی کێش و سەروای فەرامۆش نەکردووە؟ نەخێر.. مۆسیقای شیعر کێش و سەروا نایسازێنن.. ئیقاعی شیعر لە خەمێکی رەسەن.. ئازارێکی کوشندە. بیری قووڵ.. ئەوینێکی مەزن.. ئەزموونێکی پڕ.. لە گریانێکی گەورەوە دەخولقێ..

هەموو شاکارێکی هونەری و ئەدەبی ئیقاع و مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیە.. رۆمان و کورتە چیرۆك و شانۆگەری و .. هتد. هەر کامێکیان بگری بەبێ ئیقاع رەنگ و سەنگ ون دەکا و دەمرێ.. بۆ نمونە: رەنگ و هێڵ سێبەری پەخش و بلاو .. ئێرەی تۆخ و ئەوێی کاڵ جۆرە ئیقاعێك بە تابلۆکە دەبەخشن.. کە ئەوەیان لە هونەرمەندێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ.. بەبێ هارمۆنی نە رۆمان: رۆمانە.. نە رەسم: رەسمە.. هتد. کەواتە پەخشانەشیعریش بێ ئەو (مۆسیقای ناوەوە) هەناسە نادا و ناژی: ژانێکی گەورە و پیرۆز ئیقاعێکی نەمر و بەجۆش بە هەموو شاکارێکی هونەری و ئەدەبی دەبەخشێ.. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە لەم سەردەمەدا سەدان بابەت و ناوەڕۆکی تازە هاتونەتە کایەوە.. کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەبێ بە هۆیەکی کاریگەر و دروست بۆ پەیدابوونی شێوە و فۆرمی تازە — نەك هەر لە شیعردا — بگرە لە دونیای چیرۆك و شانۆگەری و هونەری تەشکیلیشدا زۆر ئاسایی‌یە فۆرمی نوی خۆی بسەپێنێ.. (بیکاسۆ) بە قوتابخانەی (تەکعیبی) وە گیرسایەوە و بەردی بناغەکەی بۆ دانا.. ئەوەشیان بوو بە شۆڕشێك لە هونەری تەشکیلیدا و دەربڕینێکی هوشیارانەتر بووە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەست و ناوەڕۆکانەی ئۆقرەیان لەبەر بڕیبوو.. هەموو ناوەڕۆکێکی تازەش فۆرمی خۆی لەگەڵدایە.. هەر ئەوەشە کە ناویان ناوە شۆڕشی هونەر و ئەدەب.

دەشێ پەخشانە شیعر ببێتە مایەی مشت و مڕێکی دوورودرێژ.. بەڵام گەر بە وردی سەیری دیوانی شاعیرانی ئیمڕۆمان بکەین: لە زۆربەی هەرە زۆریاندا

**دەتوانین گەلاڵەی دەیەها پەخشانەشیعر بکەین کە لە ژێر ناوی شیعری تازەدا بڵاوکراونەتەوە.. زۆر لە ئەدیبان هەن و دەڵێن (شیعری چاك: شیعرە.. ئیتر بۆ ناویان ناوە پەخشانەشیعر) هەندێکی تر دەڵێن: (پەخشان: پەخشانە.. شیعریش .. شیعرە.. ئەم پەخشانەشیعرە چ‌ی‌یە؟) ئێمەش بۆ ئەو راو و بۆچوونانە دەڵێین: ئەی پۆستەرە چیرۆك.. چیرۆکەشیعر.. رۆمانی شانۆیی.. هتد. چین؟ گرنگ دابەش کردن و رێبازدۆزینەوە نی‌یە.. بەڵکو گرنگ ئەوەیە چی دەڵێ‌ی.. چۆنی دەڵێ‌ی.. بەلاّم رۆژێ لە رۆژان مێژووی شیعری کوردی تازە ئەم مەسەلەیەش روون دەکاتەوە و دەزانێ ئەم هونەرە نوێیە بۆ هاتۆتە کایەوە و کە ئەوەیان دەسپێرمە کەسانێکی پسپۆڕ و لێهاتوو.. بەس بەداخەوە تا ئێستا کەس زیرەکانە نەچووەتە ناو دونیای شیعری کوردی تازە و هاوچەرخمان.. هێشتا دەقی ئوتوەکەی نەشکاوە.. هێشتا گەنم و زیوان لە یەکدی جوێ نەکراونەتەوە.. بە هەرحاڵ, ئەو شیعرانەی (گۆران) کە ئیمڕۆ ئێمە بە زەوق و شەوقەوە دەیانخوێنینەوە و سەرمانی بۆ بادەدەین.. سەرەتا نەك هەر لای خەڵکی رەمەکی و خوێندەوار.. بەڵکو لای هەندێ لە شاعیرانی سەردەمی خۆیشی تاقیکردنەوەیەکی تازە بووە و بگرە بووەتە مایەی سەرسوڕمانیش!**

**گەر هەندێ کەس بڵێن: پەخشانەشیعر لاسایی‌کردنەوەی شاعیرە عەرەبەکانە و ئەوانیش لە رۆژئاواوە قۆزتویانەتەوە.. ئێمەش بۆ ئەم رایە وەلاممان هەیە و دەڵێین زۆر ئاسایی‌یە و.. دەکرێ زیاتر لەم بارەیەوە بوترێ تا راستی‌یەکە ئاشکرا و روون ببێتەوە.. بەلاّم هەرگیز بەم چەند رایە خێرا و سەرپێ‌ییەی من تەواو نابێ و دەرفەتی رەخساوترم گەرەکە تا بیسەلمێنم.. بەس هەمووکمان دەزانین هونەر و ئەدەب لە کارتێکردن و کاردانەوە بەدەر نین.. بەو مەرجەی داهێنان و خستنەسەریش فەرامۆش نەکرێن.. رۆژهەلاّت و رۆژئاواش هەمیشە و بەردەوام کاریان لە یەك کردووە و لە زۆر بار و بواردا شتیان گۆڕیوەتەوە و.. باویشە.. بەلاّم حەز دەکەم خوێندەواری کورد ئەوەی**

لەبیر نەچێ کە زۆربەی شیعری ستران و حەیران و لاوك و بەیتە کوردی‌یەکانمان — کە ئەوەیان سەرچاوەیەکی فۆلکلۆری میللەتەکەمانە — سەرتاپایان پەخشانەشیعرێکی رووتە و هیچی تر.. هەموو ئەو راوو بۆچوونانەشم بۆ پەخشانەشیعر لە بەیتە کوردیەکاندا دیوە.. لە شیعری نایاب و رەسەنی حەیران و لاوك بێژەکان.. ئەگەریش چی لە پلەیەکی بەرزدا نەبووبن وەك ئیمڕۆ داوامان لێ‌دەکرێ.. بەلام هەر هونەرێکیش مۆرکی سەردەمەکەی خۆی بەسەرەیەوە و بەپێوانە ی سەردەمێکی پێشکەوتووتر یان دواکەوتووتر ناپێورێ.. کەسیش ناتوانێ بلێ شیعری لاوك و حەیران و بەیتە کوردیەکان پەخشانی رووتن.. کەسیش ناتوانێ بلێ وەکو شیعرە کلاسیکیەکان لەسەر (عەروز) سەنگ و کێش کراون.. حسێبی پەنجە و بڕگە لەت کردنیشی تەواو فەرامۆش کردووە.. ئەوە ئەگەر وەك سەرەتایەك بگەڕێینەوە بۆ بەیتە رەسەنەکانی کوردی.. بەلام ئێمە زۆر چاك دەزانین شیعری کلاسیکی کوردی پتر جێ‌دەستی شاعیرانی عەرەب و تورك و فارسی بەسەرەوە بووە.. بۆیە ئەوەی تازە رەت بکاتەوە.. پێویستە زووتر شیعری کلاسیکی رەت بکاتەوە.. بەلام مەحاڵە بۆی بکرێ هیچیان رەت بکاتەوە!

گومان لەوەدا نی‌یە شیعری تازە بەرە بەرە واز لە حسێبی پەنجە و سەروای دەستکرد دەهێنێ.. وەك دە ساڵ لەمەوبەر ناکەوێتە دوای بڕگە لەت کردن.. ئیتر ئەوسا ناوی دەنێن شیعری تازە.. پەخشانە شیعر یان هەر ناوێکی تر گرنگ نی‌یە.. بگرە دەیان رێباز و فۆرمی تازە جێگەی خۆیان دەکەنەوە.. وەچەیەکی وریا و چاونەترس وا بەڕێوەیە..! بەلام ئەگەر دەبینین ئیمڕۆ زۆربەی خەڵکی وەك (حەیوانێکی) کێوی و ترسناك سەیری (پەخشانەشیعر) دەکەن.. ئەوە بێ شك لە رۆژانی داهاتوودا مالی دەکرێ و زۆر شاعیریش بە شانازی‌یەوە بەخێوی دەکەن.. دەشێ خەڵکی وەك گۆرانی خۆش بیانچڕن.. دەبن بە ناوئاخنی ئەو نامانەی دڵدارەکان بۆ یەکدی دەینێرن..!

پەخشانەشیعریش": فۆرمێکی سەربەست و ئازادی شیعری ئەم سەردەمەیە.. وەك مەل وایە و حەز بە قەفەز ناکا.. زۆر جاریش لە زمانی خەڵکی رەمەکی نزیك دەبێتەوە.. پشت بە وێنەی جوان و نەترس و دەگمەن و زیندوو دەبەستێ.. پشت بەو قەهر و ئەشکەنجەیە دەبەستێ کە شیعرەکە دەسازێنێ.. بەڵام هەرگیز خەیاڵ فەرامۆش ناکا.. زۆر جاریش ئەوەندە خۆی رووت دەکاتەوە: خەڵکی بە ترس و شەرمەوە سەیری لەش و لاری جوانی دەکەن..!

ئەم سەردەمە جەنجاڵە پێویستی بە شیعری سەربەست و ئازاد هەیە.. بەڵام.. بەڵام بێ‌ئەوەی هونەری مەزن و پیرۆزی شیعر بدۆڕێ.. پەخشانەشیعر وەك سەرچاوەی کانی‌یەك: وا تازە خەریکە دەتەقێ و رێگەیەك بۆ خۆی خۆش دەکا.. دەشێ ببێ بە رووبار و لەسەر هەردوو کەناری خۆی ئاوەدانی وەدی بێنێ.. بەری ئەو کانی‌یە بەردەن.. بە ئێوە کوێر نابێتەوە.

شوباتی 1984

## لَيشاوى ضاثةمةنى

**دوای سالاّنێکی زۆر لە نەبوونی سەربەستی نووسین‌و قسە کردن‌و رادەربڕین، بەمانا فراوانەکە، لەدەرەنجامی راپەڕین‌و تەقینەوەی غەزەبی جەماوەر بەسەر دام‌و دەزگا گەندەڵەکانی ڕژێم دا.. ئەوەبوو دیمان بەدرێژایی سالاّنی رابردوو سەدەها گۆڤارو نامیلکەو رۆژنامەو بلاّوکراوەی جۆربەجۆر کەوتنە بازاڕ، جگە لەوەی کەهەر پارتێك‌و رێکخراوێك کۆمەڵێ رۆژنامەی خۆی هەیە بەزبانحاڵی ئەو لایەنە جیاجیانە، دیارە هەرلایەنێك هەقی خۆیەتی بیرو ڕاو بۆچوون‌و فیکرو ڕێبازی خۆی هەبێ، ئەدەبیاتی خۆی هەبێ، بەلاّم نەك لەسەر حسێبی چۆنیەتی، دەبێ هەموو لایەك دژ بەدیاردەی -زۆرو بۆر- بوەستێ، دەبا ئێمە بەجورئەتبین‌و بپرسین: ئایا درووستە هەر سێ چوار کەسێك کۆببنەوەو نامیلکەیەك دەرکەن‌و واشی بنوێنن کەلەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکەدا جیاوازن، ئایا ڕاستە کۆمەڵە گەنجێك، کەتازە بەدونیای ئەدەب ئاشنان بەیاننامەی قورس دەربکەن‌و وای بنوێنن کەچەندین قۆناغ لەپێش ئەو خەڵکەوەن. ئەوەی من هەستم پێ کردووە مەسەلە ئەوە نیە کە ئەو چەند کەسەی نامیلکەیەك دەردەکەن. فیکریان فیکرێکی تێپەڕو جیاوازبێ، بەڵکو وای لێهاتووە دەستەی نووسەرانی هەندێ لەو نامیلکانە کوڕی هەمان گەڕەك‌و کۆلاّنن، یان ئێواران لەهەمان چایخانە دادەنیشن،یان لەهەمان یانە دەخۆنەوە , یەکێ لەو هۆیانەی وا لەو گەنجانە دەکا و گۆڤار دەرکەن ئەوەیە**

کەبەرهەمی خۆیانی تیا بڵاو بکەنەوە , بۆیە زۆربەی جار کەسەیری بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نێو گۆڤارێك دەکەی دەبینی نووسینەکانی هی برایانی دەستەی نووسەرانە نەك نووسەرانی دەرەوەی دەستە, تۆ بڵێی هەڵڕشتنی ئەو هەموو شیعرو چیرۆكو پەخشانو وتارە جۆربەجۆرانە حاڵەتە جوانو دروستەکەبن, ئایا لەنێو ئەو فەوزای نوسینو بڵاو کردنەوەیەدا چەند شاکاری جوانمان خوێندۆتەوە ...؟ ئاخۆ لەم قۆناغەدا خەمی ئێمە خڕکردنەوەو هاندانی حەماسی جەماوەرە یان خستنەرووی فیکرێکی راستەقینە, فیکرێك کەتوانای شیکردنەوەی سەرکەوتنو هەرەسی هەبێ... کامەیان پێویستە: ئەدیبێکی پڕ درووشم و ژێردەستەی ئایدۆلۆژیا یان ئەدەبێکی پڕ لەجوانیو تێرامان و ورد بوونەوەو پاکژ کردنەوە, فیکرو ئەدەبێك کەبەهێمنیو زیرەکانە بمان دوێنێ نەك هاوار بکا, لەتەك مۆسیقای مارشی جەنگاوەراندا هەقە گوێ لە نەوای شمشاڵیش بگرین, لەپاڵپیا هەڵدان بەشۆڕشەکەمان قودرەتی شیکردنەوەی بارەسیاسیەکەمان هەبێو رەخنەگرتنی ئازایانە و وردبینانە بکەین بەقیبلەنوما, ئەدەبی فیکر تەنها تەبایی بوون نیە... لەچاکترین حاڵەتدا ناتەباییە لەگەڵ ئەو هەموو دیاردە دزێوانەی کە لەگەڵ شۆڕشدا کتو پڕ گەرماو گەرم دەخولقێن .. ئەگەر سیاسەت هونەری ئەو حاڵەتەبێ کە هەیە یان بووە. ئەوا ئەدەب هونەری حاڵەتێکە کەدەشێ ببێ..

جوانی ئەدەب لەوەدایە باوەش بەداهاتوودادەکات, مێژووی راستەقینەیهەموو سەردەمەکانە .من ئەم لێشاوی چاپکردنە بە قینەوە کپ کردنێکی سێکسی درێژ خایەن دەشوبهێنم, هەر کتومت لەکپکردنو خنکاندنی, غەریزەی سێکسی نێرینەکانی لای خۆمان دەچێ, کەلە کە لە هەفتەی یەکەمی ژن هێناندا نەك هەر بەشەو بەڵکو بەڕۆژیش واز لەبووکێ ناهێنێ, دیاری هەڵڕشتنی ئەم کەفو کوڵی نووسینو وهەوەسە خەفە بوونی بەدواداددێ, ئەوانەی خۆشیان بەسەردارو لێپرسراوی جوڵەی فیکرو ئەدەبی کوردی دادەنێن نایانەوێ لەم ئانو ساتەدادڵی کەس برەنجێنن, چونکە دڵنیان

که ئەگەر گومان لە چالاکی ئەو کۆڕو کۆمەڵە بکەن ئەوە دەخرێنە نێو خانەو بەرەی دوژمن.. بۆیە تا ئێستا هەرهەموو لێی بێدەنگن‌و بەڵکو حاڵ وای لێ هاتووە هیچ سەرکردەیەکی کورد نییە کەنەبوبێتە هاندەری دیاردەی ئەم لێشاوی چاپەمەنییە, ئایا راستە لەنێو ئەم هەڵلای ئابلۆقە ئابووریە قورسەدا سەدەها رۆژنامەو نامیلکەو گۆڤار لەهەفتەیەکدا بکەونە بازاڕ نرخی زۆربەیشیان ئەوەندە بەرزبێ کەلە توانستی کەم کەس دا بێ بتوانێ بیانکڕێ..؟ ئایالەنێو قاتوو قڕی پلێت‌و فیلم‌و کاغەزو کارتۆن‌و مەرەکەب‌و پێویستی‌یەکانی دیکەی چاپەمەنی‌دا ئەم لێشاوی چاپکردنە بەقازانجی فیکرو ئەدەب‌و نان دەشکێتەوە یان زەرەر..؟ راستە خنکاندن‌و کپ کردنی هەمووو هاوارێکی ئینسانی و ئەدەبی و غەیرە ئەدەبی , فیکری غەیرە فیکری

.

جۆرێك لەتەقینەوەی بەدوادا دێ, بەڵام ئێمە لەوە دەترسین ئەم لێشاوی چاپەمەنی‌یە ببێ بەدیاردەو درەنگ چارەی بکرێ ئێستا ئێمەی ئەدیب‌و نووسەران لەکۆمەڵە زەلامێك دەچین کەلەژوورێکدا بین‌و هەرهەمووشمان بەدەنگی بەرز قسە بکەین‌و بێ ئەوەی کەسێکمان بێدەنگ بێ و گوێ لەوی دیکە بگرێ.. تۆ بڵێی ئێمەی کوردبیرو باوەڕی ئەوەندە دژ بەیەکمان هەبێ...؟ تۆ بڵێی لەبواری سیاسەتدا ئەو هەموو چەپ‌و ئەو هەموو راستە حەقیقەتێك بێ‌و پێویست بەوەبکا هەریەکەو فەلسەفەو ڕێبازی خۆی هەبێ..؟! تۆ بڵێی لەبواری ئەدەب ئەوەندە جیهانبینی رەنگاو رەنگمان هەبێ کەئەو هەموو بەیاننامەو پرۆگرامەی گەرەك بێ..؟ ئێمە وای بۆ دەچین کەئەگەر چی لەرووکەشدا کێشەو ململانێ خەستیش بێ... بەڵام قەت لەناوەڕۆکدا ئەوەندە جیاوازنین. خۆزیا زۆربەی ئەو لاوە خوێن گەرمانە کۆ دەبوونەوەو لە یەك دو بڵاوکراوەی یەکگرتوودا هەوڵ‌و دەنگ‌و رەنگی‌خۆیان یەك دەخست بۆ ئەم مەبەستەش هەقی خۆیەتی لایەنی لێپرسراوەکان لەسەر ئاستی هەموو کوردستان خەمی یەك دوو دەزگای بڵاو کردنەوەی کوردی بخۆن کەتیایدا هەموو نووسەران بەپیرو گەنجی‌یەوە بتوانن دەنگی خۆیان بگەیەننە

خوێنـدەواران ئـەگینا ماوەیـەکی دیکـە لەبـەر ناميلکـەو گۆڤـارو ڕۆژنامـەی کەڵەکەکراوی سەر شۆستەو شەقامەکان پیادەکان ڕێ بەرنابەن لەژێر تەباری ئەو هەموو نامیلکەیەدا دەخنکێین..

حاڵـەتی درووسـتو جـوان ئەوەیـە ئـەو دەنگـە تازانـە لـەبری ئـەوەی ببنـە سەرنووسەرو سکرتێری نووسینو جێگری سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانو راوێـژکارو بەڕێوەبـەری دەزگایـەکی چاپەمەنی.. لـەبری ئـەم قەڵـەباڵغیو خـۆ سـەرقاڵ کردنـە جوانتر وایـە خۆیـان پـەروەردە بکـەن، خوێندنـەوەی بـەردەوام، بـەهێمنی کۆشش بکـەنو لـەنێو زەریـا فیکریەکانـدا بکەونـە مەلـە.. نـەك لـەنێو هەڵلای بازاڕی چاپەمەنیدا خۆیان بزر بکەن..

ئومێدمان وایە ئەم باسە تەنها زەنگێك بێو.... بەس!

## لة ضاثكراوةكانى نووسةر

1- تەنیایی – کۆمەڵە چیرۆك – 1983.
2- گوڵی ڕەش – کۆمەڵە چیرۆك – 1988.
3- گەڕەکی داهۆڵەکان – کۆمەڵە چیرۆك – چاپی یەکەم 1996 چاپی دووەم 2000.
4- حەسارو سەگەکانی باوکم – نۆڤلێت – 1997 چاپی یەکەم، 1999-2000 چاپی دووەم.
5- بەتووڕەیی ئاوڕێك لەڕابردوو بدەرەوە – شانۆگەری لە ئینگلیزییەوە – نوسینی: جۆن ئۆزبۆرن – 1986.
6- فرمێسکەکانی کوکوختی – کۆمەڵە چیرۆك – لە ئینگلیزییەوە 1987.
7- مارا ساد – شانۆگەری – نوسینی: پیتەر ڤایس – لە ئینگلیزییەوە 1999.
8- هەقتە بزانی – ڕۆژنامەگەری‌و ڕاگەیاندن – لە ئینگلیزییەوە، 2000.
9- مەرگەساتی شالیر – شکسپیر – شانۆگەری، لە ئینگلیزییەوە 2000.
10- بێ کتێب هەڵناکەم – تێڕوانینی ئەدەبی – 2000 – 2001.

## لة بلآوكراوةكانى بنكةى
## ئةدةبى و رووناكبيريى طةلاويَذ

**ساڵی** 1998

| ژ | ناوی کتێب | جۆر | نوسەر |
|---|---|---|---|
| 1 | چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز | دەقی ئەدەبی | هێمن |
| 2 | ئەژدیها | ڕۆمان | موکری |
| 3 | چەپکێ کورتە چیرۆکی ڕوسی | چیرۆك | و/موکری |
| 4 | بەناوی ژیانەوە..ئەریك فرۆم | لێکۆڵینەوە | و/ئازاد بەرزنجی |
| 5 | فەرهەنگی خەم/4 | شیعر | حەسیب قەرەداخی |
| 6 | سەما | کورتە چیرۆك | رەئووف بێگەرد |
| 7 | قوبادی جەلی زادە | شیعر | قوبادی جەلی زادە |
| 8 | ژوانگەی ژان و هەژان | ڕۆمانە شیعر | جەمال شارباژێری |
| 9 | کورد و ئاشوری | لێکۆڵینەوە | کرێکار عەبدوڵا حوسێن |
| 10 | بۆننامە | قەسیدەیەکی درێژ | شێرکۆ بێکەس |
| 11 | لە خزمەتی ئەدەبدا | لێکۆڵینەوە | مەلا بەختیار |
| 12 | بازنەکانی ململانێی و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەی کورد | لێکۆڵینەوە | مەحمود مەلا عیزەت |
| 13 | سەرچاوەکانی کوردناسی | مێژوو | د.فەرهاد پیربال |
| 14 | باران | کورتە چیرۆك | حەسەن جاف |
| 15 | دارمانی خەونەکان | شیعر | محەمەد ڕەنجاو |
| 16 | موسافیر و چاوەڕوانی نەورەسێك | شیعر | ئاسۆ جەبار |

## ساڵی 1999

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | کەنارەکانی خەون | شیعر | شیرین.ك |
| 2 | چناری شێر | ڕۆمان | جەبار جەمال غەریب |
| 3 | بەسەرهاتی سیاسی کورد | رووداوی سیاسی | میرزا موحەمەد ئەمین |
| 4 | ڕۆژانی ئاوارەییم لە سوێسرا | یاداشت | جەمال نەبەز |
| 5 | هەڵۆکانی ژێر خاك | کورتە چیرۆك | محەمەد رەشید فەتتاح |
| 6 | کەمتیار | ڕۆمان | کەریم دەشتی |
| 7 | چیرۆکی حکومەتێکی خەیاڵی | چیرۆك/مێژوو | مامۆستا زێوەر |
| 8 | ئەم ژوورە هیچی تیانییە | هەڵبژاردەیەکە لە شیعری گەلان | و/لەتیف هەڵمەت |
| 9 | تیریێژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس | ەخنە | کۆمەڵێ نوسەر |
| 10 | مەلی بەفر | ڕۆمان | غەفور صالح عبدالله |
| 11 | تەنیا مەرگ | سی دەقی شانۆیی | و: عبدالمطلب عبدالله |

## ساڵی 2000

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕۆژنامەی کوردستان | ڕۆژنامەگەریی | و/شێرزاد کەریم |
| 2 | ئێمە ئەم شیعرانەمان نوسیووە | ئەدەبی منداڵان | و/د.عەزیز گەردی |
| 3 | چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا | ڕۆمان | و/ئەرخەوان |
| 4 | سێ تەڵ وەنەوشە بۆ کەزێ کانی شیعر | ڕەخنە | ڕەئوف عوسمان |
| 5 | یاداشتەکانی گیڤارا | یاداشت | و/بورهان قانع |
| 6 | ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ | ڕەخنەی ئەدەبی | د.کەمال مەعروف |
| 7 | نزار قەبانی | ئەدەبی | تەها بابان |
| 8 | کافکا | ئەدەبی | هیمدادی حوسێن |
| 9 | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا | ڕەخنە | مەلابەختیار |
| 10 | بنەماکانی مۆزیك | مۆزیك | ع.ج.سەگرمە |
| 11 | شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین | شیعر | ئەحمەد باوەڕ |
| 12 | یادگاری خانەقاه | یاداشتو شیعر | بنەماڵەی شێخ رەئوف |
| 13 | لەکەناری روباری پیدرادا دانیشتمو گریام | ڕۆمان | و/ یاسین عومەر |
| 14 | بێ کتێب هەڵناکەم | تێڕوانینی ئەدەبی | شێرزاد حەسەن |